


# بەنێوکۆییکردنی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی

# Contextualizing Psychosocial Knowledge

ئەزموون و ئاستەنگ و ڕاسپاردەکانی  پرۆسەیەک لە هەڵوەستەکردن و
وردبوونەوەی فرە-چوارچێوەیی ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کرداریە
دەروونی وکۆمەڵایەتییەکان"، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

german cooperation
DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

Supported by
giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
دیاری سابیر حەمەئەمین

**نووسەرەکان:**

لوقمان ساڵح کەریم، مام پۆلا (جەمال ئیبراهیم)، نیاز ساڵح فەتاح، سورێن ئەبووبەکر عەبدوڵا، ساوێن هاوڕێ یاسین، جیهاد عومەر فەتاح، ئارام تۆفیق حەمەسەعید، ڕاوێژ نەسرەددین باقر، پێشین عەبدولستار ساڵح، نەبەز ئەزوەر ئەحمەد، نێچیرڤان ئەنوەر عەبدوڵا، دیاری سابیر حەمەئەمین، مورشید ئەحمەد موستەفا، لالاس عومەر موحەمەدئەمین (هەموو ناوەکانی سەرەوە نیشتەجێی سلێمانین، لە هەرێمی کوردستانی عێراق)، بێرنیس مینتوجس (لە باشووری ئەفریقاوە)، کیرا گاولیستا و کارین مڵودۆخ (لە ئەڵمانیاوە).

*سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق و فرانکفۆرت/م./بەرلین، ئەڵمانیا، تەمموز (خەرمانان)ی ٢٠٢٤

© مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی مەستوورە
بۆ زانستی کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

بۆ پەیوەندیکردن: د. لوقمان ساڵح کەریم، ئیمەیڵ: mastura.institute22@gmail.com

# لیستی کورتکراوەکان:

| کورتکراوە | درێژکراوە بە ئینگلیزی | کورتکراوە بە نووسینی کوردی | درێژکراوە بە کوردی |
|---|---|---|---|
| CBT | Cognitive Behavioral Therapy | سی-بی-تی | چارەسەری هزری-ڕەفتاری |
| DCVAW | Directorate of Combating Violence against Women, Kurdistan Regional Government, Iraq | دی-سی-ڤی-ئەی-دەبلیوو | بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، حوکومەتی هەرێمی کوردستان، عێراق |
| FH | Faith Healer | ئێف-ئێچ | چارەسەرکاری ئایینی |
| GIZ | Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH | جی-ئای-زێت | کۆمەڵەی هاریکاری نێودەوڵەتی ئەڵمانی |
| IASC | Inter-Agency Standing Committee | ئای-ئەی-ئێس-سی | لیژنەی هەمیشەیی نێوان دەزگاکان |
| IDPs | Internally Displaced Persons | ئای-دی-پی(س) | کەسانی ئاوارەبووی نێوخۆیی |
| ISIS | Islamic State of Iraq and Syria | ئای-ئێس-ئای-ئێس | دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا |
| KRG | Kurdistan Regional Government | کەی-ئاڕ-جی | حوکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | Kurdistan Region of Iraq | کەی-ئاڕ-ئای | هەرێمی کوردستانی عێراق |
| MHPSS | Mental Health and Psychosocial support | ئێم-ئێچ-پی-ئێس-ئێس | دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی |
| NET | Narrative Exposure Therapy | نێت | چارەسەری ڕووبەڕووکردنەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە |
| NGO | Non-Governmental Organization | ئێن-جی-ئۆ | ڕێکخراوی ناحوکومی |
| PTSD | Post Traumatic-Stress-Disorder | پی-تی-ئێس-دی | تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی |

## خشتەی ناوەڕۆک


**بەشی یەکەم**: ناساندن........................................................................................................... ٧
١.١ سەرهەڵدانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە پڕۆگرامەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و هاریکاریی مرۆیی................................................................................................ ٨
١.٢ لە بەنێوکۆکردنی پڕۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە بۆ سەربەخۆکردنی زانستی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی............................................................ ١٠
١.٣ ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ............................... ١٢
سوپاس و پێزانین ............................................................................................................... ١٥

**بەشی دووەم**: نێوکۆ: هەرێمی کوردستانی عێراق........................................................................ ١٦
٢. نێوکۆ: هەرێمی کوردستانی عێراق................................................................................... ١٧
٢.١ هەرێمی کوردستانی عێراق · مێژوویەک لە ململانێ و زەبروزەنگ ........................................ ١٧
٢.١.١ حوکومڕانی ڕژێمی بەعس – هێرشی کیمیایی و ئۆپراسیۆنی ئەنفال....................................... ١٧
٢.١.٢ یەکەمین پێشڕەوی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ١٩٩١.................................. ١٨
٢.٣.١ خۆبەڕێوەبەری کاتی و شەڕی ناوخۆ ................................................................................ ١٨
٢.١.٤ دووەمین پێشڕەوی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢٠٠٣.................................. ١٩
٢.١.٥ سەرهەڵدانی داعش ....................................................................................................... ١٩
٢.١.٦ قەیرانی بەردەوامی ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق...................................... ١٩
٢.٧.١ توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز..................................................................................... ٢٠
٢.١.٨ کۆمەڵگەی مەدەنی ....................................................................................................... ٢٠
٢.١.٩ بارودۆخە ئاڵۆزەکانی توندوتیژی....................................................................................... ٢١
٢.٢ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق .................................................. ٢٢
٢.٣ ئاڵنگاریە دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کورستانی عێراق............................................................................................ ٢٤
٢.٣.١ گرفتەکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی ................................................................................ ٢٤
٢.٣.٢ ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی............................................................................. ٢٦
٢.٤ ڕاهێنان و مەعریفەی «دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی» لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.............................................................................................................................. ٢٧

**بەشی سێ**: ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.......................................................................................................... ٣١
٣. ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستی کرداری لە کاری دەروونی کۆمەڵایەتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.......................................................................................................... ٣٢

**بەشی چوار**: چ مەعریفەیەک؟ هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە چەمکییەکان.......................................... ٣٥
٤. چ مەعریفەیەک؟ هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە چەمکییەکان (Unpacking Conceptual Frameworks)............................................................................................................ ٣٦
٤.١ مەعریفە چییە؟............................................................................................................. ٣٦
٤.٢ بەرەنگاربوونەوەی پارادایمە پۆزەتیڤیستییەکان – ناساندنی چەمکەکانی دەروونزانیی ڕەخنەگرانە........ ٣٨

٤.٣ میتۆد-زانیی توێژینەوە ........ ٤١
٤.٤ چ مەعریفەیەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی؟........ ٤١
٤.٤.١ چەمکی زەبری دەروونی........ ٤٢
٤.٢.٢ تیۆری و پراکتیکی دەروونی ........ ٤٤
٤.٤.٣ چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی........ ٤٦
٤.٥ کۆلۆنیالیزم و ڕێبازەکانی سەربەخۆکردن (Decolonialization)........ ٥٠
٤.٦ مەعریفەی ناوخۆیی – پراکتیزی ناوخۆیی........ ٥٣
٤.٦.١ نموونەی پراکتیکە خۆجێییەکان ........ ٥٥

**بەشی پێنج**: پێکهاتەکان بۆ بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان لەسەر بەنێوکۆییکردن و سەربەخۆییکردنی مەعریفەی دەروونی کۆمەڵایەتی ........ ٦٠
٥. پێکهاتەکان بۆ بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان لەسەر بەنێوکۆکردن و سەربەخۆییکردنی مەعریفەی دەروونی کۆمەڵایەتی........ ٦١
٥.١ کەشی ئارام ........ ٦١
٥.٢ فرەبواری........ ٦٣
٥.٣ لێهاتووییە سەرەکییەکان: خۆخستنەوە نێوکۆ و لەخۆڕامان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە........ ٦٣
٥.٤ ڕەهەندە سیاسییەکانی زمان........ ٦٥
٥.٥ لە ڕامانە سەربەخۆکانەوە بەرەو پراکتیزی بەنێوکۆکراو........ ٦٨

**بەشی شەش**: هەنگاوەکانی دواتر........ ٧١
٦. هەنگاوەکانی دواتر........ ٧٢

**بەشی حەوت**: پوختە و پێشنیازەکان........ ٧٤
٧. پوختە و پێشنیازەکان........ ٧٥
بۆچی پێشنیازەکان؟........ ٧٥
ئاڵوگۆڕی نێوان بەستێنە جیاوازەکان........ ٧٥
تێگەیشتن لە نێوکۆ........ ٧٥
دۆزینەوەی مەعریفە و پراکتیزی ناوخۆیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئازار و کێشە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا........ ٧٦
ڕێبازی فرەدیدگا (Multi-perspective approach)........ ٧٧
توانا و لێهاتووییە سەرەکییەکان بۆ گەشەپێدان لە پرۆسەی بەنێوکۆییکردندا........ ٧٨
زمان........ ٧٨
لە بەنێوکۆییکردنی مەعریفەوە بۆ ڕێچکەی سەربەخۆ لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا........ ٧٩
سەرچاوەکان ........ ٨٠
ناونیشانی وێنە و مافی بڵاوکردنەوە........ ٨٧
بەشداربووان........ ٨٩
تێبینی یاسایی........ ٩٢



# بەشی یەکەم

# ناساندن

**ئەم پەیپەرە دەرەنجامی بیرکردنەوە و وتوێژی دەستەیەک لە ئەکادیمیست و شارەزایان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، باشووری ئەفریقا و، ئەڵمانیا لەبارەی بەنێوکۆییکردن و سەربەخۆکردنی زانستی دەروونی–کۆمەڵایەتی، دەخاتەڕوو. ئەمە، ڕەنگدانەوەی زنجیرەیەک وۆرکشۆپە کە لە ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستەکردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، لە سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دراون؛ بە هاوکاری ڕێکخراوی ناحوکومی ئەڵمانیی هاوکاری(Haukari) کۆمەڵەی هاریکاریی نێودەوڵەتی و وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانی بۆ هاوکاریی ئابووری و گەشەپێدان (بی ئێم زێت)، کە لە ڕێگەی کۆمەڵەی هاریکاریی نێودەوڵەتی (جی ئای زێت)ەوە پشتگیری دارایی دەکات.**

---

## ١.١ سەرهەڵدانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە پرۆگرامەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و هاریکاریی مرۆیی

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، لەهەمبەر ئەو ناکۆکی و جەنگە درێژ و دوابەدوای یەکانەی لە سەرانسەری جیهاندا ڕووی دەدا؛ کە هەنووکە سەد و چواردە ملیۆن کەس بەهۆی توندوتیژی، شەڕ و چەوساندنەوەوە بە زۆرەملێ ئاوارە کراون[١]، لەنێو پرۆگرامەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و هاریکاری مرۆیی، جەختێکی زیاتر خرایە سەر پاڵپشتی دەروونی–کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی لەناو بارودۆخێکی قەیراناوی، شەڕ و جەنگدا بوون. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و هاریکاری نێودەوڵەتی، چەمکی چەتریی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی–کۆمەڵایەتی ((MHPSSیان داهێنا، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی تایبەت بەو گرفتە دەروونی و دەروونی–کۆمەڵایەتییانەی ڕووبەڕووی خەڵکیی نیشتەجێی ناوچەکانی جەنگ، پاش–ناکۆکی و قەیران دەبنەوە. یەکەمین ڕێکاری گشتگیری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی–کۆمەڵایەتی لە ساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن لیژنەی هەمیشەیی نێوان دەزگاکانی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بڵاوکرایەوە. ئەمە دارشتەیەک بوو کە لە ساڵی ١٩٩١دا دروستکرابوو بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان دەزگاکان لە کەرتە مرۆییەکاندا (ئای–ئەی–ئێس–سی، ٢٠٠٧) لەژێر دروشمگەلێکی وەک ”بنیادنانەوەی ژیان“[٢] یاخود گرنگی بە دەروونت بدە[٣] لە ئێستادا؛ بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان، بەرنامە–داڕێژەران، پسپۆڕانی هاریکاری مرۆیی و ڕاهێنەرانی کاری دەروونی–کۆمەڵایەتی، بە سەرکەوتوویی بانگەشەیان کرد بۆ کردنی دەروونساغی و

---

1. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی چاپەمەنی کۆبوونەوەی ٩٦٤١ (پاش نیوەڕۆ) SC/15713 ، ٣٠ی ئایاری٢٠٢٤. لە ماڵپەڕی https://press.un.org/en/2024/sc15713.doc.html بەردەستە.

٢. یونیسێف و وەزارەتی هاوکاری ئابووری و گەشەپێدانی فیدراڵی ئەڵمانیا (جی–ئای–زێد): بنیاتنانەوەی ژیان: چارەسەرکردنی پێداویستییەکان، فراوانکردن و زیادکردنی دەستێوەردانە درێژخایەنە پێکهاتەییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە دۆخە درێژخایەن و پاش ململانێکاندا. (ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی پسپۆڕان لە بەرلین،٤–٥ی تەمموزی ٢٠١٨، لاپەڕە١٧–٢١). لە ماڵپەڕی https://www.unicef.de/blob/190328/783fd057e51a7e971fa0186ce037052d/report-rebuilding-lives-expert-meeting-berlin-4-5-july-2018-data.pdf بەردەستە.

٣. حوکمەتی هۆڵەندا، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەسەر دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە دۆخی قەیراندا، ٧–٨ی ۆکتۆبەری ٢٠١٩، ئەمستردام. پەڕاوی کۆنفرانس لە ماڵپەڕی https://www.government.nl/documents/publications/2019/10/18/mind-the-mind-now-conference-special بەردەستە.

پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی بە پێکهێنەرێکی ستاندارد و پەسەندکراو لە دەستێوەردانەکانی هاریکاری مرۆیی و پرۆگرامەکانی گەشەپێداندا.

هەنووکە، پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی بەڕادەیەکی بەرفراوان لە ناوچە بەململانێ و قەیراناوییەکاندا، جێبەجێ دەکرێن. هەروەها، ئەم پرۆگرامانە لەنێو دەستێوەردانە کەسییە دەروون-پزیشکی و دەروون-چارەسەرییەکان، دامەزراندنی سەنتەرەکانی ڕێنمایی زەبری دەروونی و ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی پرۆگرامە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاو لەناو کۆمەڵگە، زاڵکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە خزمەتگوزارییە حوکومییە خۆجێییەکاندا، جێبەجێ دەکرێن. هاوکات لەگەڵ ڕاهێنانپێدان و شارەزاکردنی جێبەجێکارە خۆجێییەکان. شایانی باسە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەی جێ سەرنجی پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتییە نێودەوڵەتییەکانە و عێراقیش لە ڕیزبەندی پێنجەمینی ئەو وڵاتانەیە کە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان زۆرترین وەبەرهێنانیان لە دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا تێدا کردووە.

زیادبوونی ئەم گرنگیدانە بە دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی سوودێکی فرەی هەیە. بەم هۆیەوە دواجار دان بەوەدا نرا کە شەڕ، ناکۆکی و توندوتیژی تەنها نابن بە مایەی زیانی جەستەیی، بەڵکوو دەبنە هۆی تێکچوونی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیش؛ بەم هۆیەوە ئەرزش بۆ ئازاری سۆزەکی و ناڕەحەتی لە پەیوەندییەکانیشدا دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم چالاکییانە بوونەتە هۆی هێورکردنەوە و سووککردنی ئازاری زۆرێک لە ڕزگاربووانی توندوتیژی لە سەرانسەری جیهاندا، بەڵام لایەنی کێشەداریشی هەیە.

سەرەڕای چەندین بانگهێشتکردن و پابەندبوون بە خۆماڵیکردنی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە[٤]، تەنها ٣٪ی پرۆگرامەکان بە شێوەیەکی کاریگەر لەلایەن جێبەجێکارە خۆجێییەکانەوە پەیڕەو دەکرێن، لە کاتێکدا پشکی شێری جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەکەوێتە سەر بەخشەران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (کە زۆربەیان ڕۆژئاوایین)[٥] (هیلیل، ٢٠٢٣). هەرچەندە چەمکی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی چاوی لەسەر تێکەڵکردنی دەستێوەردانە دەروون-پزیشکی و دەروون-چارەسەرییەکانە لەلایەک و، دەستێوەردانە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکانی جەختکەرەوە لەسەر کۆمەڵگە و بەهێزکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لەلایەکی ترەوە، لێ هێشتا سەرنجێکی زۆر لەسەر دیدگە بایۆمێدیکاڵەکان (پزیشکی-بایۆلۆجییەکان) و دەستێوەردانە کلینیکییە تاک-سەنتەرەکانە (تاکگەراکانە) لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا (مارشاڵ، ٢٠٢٢؛ هیلیل، ٢٠٢٣). کاتێک لە ڕوانگەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی بایۆمێدیکاڵەوە سەیری ناوچەکانی ناکۆکی و جەنگ دەکرێت، مەیلێک هەیە بۆ دەستنیشانکردنی هەموو دانیشتووانەکە بە «زەبربەرکەوتوو» و پێویستبوو بە چارەسەر. ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە بەکۆمەڵە مەیلی تاکەکەسیکردن (Individualize) و نەخۆشخستنی

---

٤. بۆ نموونە سەیری دەستەی کاری ٥ لەسەر بەخۆماڵیکردنی یارمەتییە مرۆییەکان بکە، کە لەلایەن کۆمیتەی هەمیشەیی نێوان ئاژانسەکانەوە دامەزراوە. https://www.google.com/search?client=firefox-b-d&q=Task+force+localisation

٥. لەگەڵ ئەوەی دەزانین کە دەستەواژەکانی وەک 'ڕۆژئاوا'، 'ڕۆژهەڵات'، 'جیهانی باکوور'، 'جیهانی باشوور' ڕەنگدانەوەی دابەشکردنێکی جوگرافی بەرفراوانی جیهانە کە زیاتر لە ئەورووپا-تەوەری و داگیرکارییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە گفتوگۆکانماندا بەردەوام بووین لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە. ئەمەش زۆربەی جار بەهۆی نەبوونی دەستەواژەی جێگرەوەی هاوبەشە کە هەمووان لەسەری ڕێککەوتبن.
https://www.mhpssmsp.org/en/activity/key-consideration-contextualization#page-1

(Pathologizing) هەموو دانیشتووانەکەی هەیە و دەیانکات بە قوربانی و نەخۆشی ناکارا لەجێی کەسانی کارای خاوەن ئیرادە.

بەهەمان شێوە، ئەو زانستەی لەناو پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا هاوردە دەکرێت، بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن قوتابخانە دەروونییە رۆژئاواییەکانی دەستنیشانکردن و چارەسەرییەوە، داڕێژراوە. زۆرجار ناتوانێت نێوکۆ کلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆییە دیاریکراوەکان بناسێتەوە. زانست و شارەزایی پسپۆرە ناوخۆییەکان پەراوێز دەخات، بەمەش بەشداری دەکاتەوە لە دروستکرنەوەی میکانیزمێکی داگیرکارانە لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مەعریفەدا.

لە سۆنگەی ئەم هۆیانەی سەرەوە، داخوازییەکان بۆ بەنێوکۆییکردنی زانست و پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، لەم دواییانەدا روویان لە زیادبوون کردووە. لەسەر پلاتفۆرمەکانی ئاڵوگۆڕی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بەنێوکۆییکردن وەک پرسێکی سەرەکی لە پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەستنیشان کراوە[٦]. بەخشەر و دەزگا نێودەوڵەتییەکان رێکارەکانی بەنێوکۆییکردنیان پەرەپێداوە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە نێوکۆییەکان (Contextual Challenges) لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا[٧]. لەوەڵامی داواکاری تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەزگای (جی-ئای-زێت) بە نوێنەرایەتی (بی-ئێم-زێت) لە هەوڵدایە بۆ بەهێزکردنی توێژەرە خۆجێییەکان لە چارەسەرکردنی ئاستەنگە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی کارکردنیاندا، و پەرەپێدانی رێبازی تایبەت بە ناوچەکانیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

### ١.٢ لە بەنێوکۆکردنی پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە بۆ سەربەخۆکردنی زانستی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی

هێشتاکە، هەر خودی هەوڵدانەکان بۆ بەنێوکۆکردنی زانستی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، ناکۆکی و دژوازی خۆیان هەیە؛ لەوێرا کە پرسیار لە بنچینەی زانستەکە ناکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات «گونجاندنی» بۆ بکات بۆ نێوکۆ دیاریکراوەکان، بە ئامانجی زیادکردنی کاریگەری دەستێوەردانەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

پرۆسەکانی بەنێوکۆکردن پێویستیان بە پرسیارکردنی بنەڕەتیتر و زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی هەر زیادکردنی هەندێک رەنگ نەبێت بۆ راهێنانە ناوخۆییەکانی چەمک و ستراتیجی و رێنماییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیی بەردەست. هەروەها، پێویستە پرسیار بکرێت لەوەی ئایا پشت بە چ زانستێک دەبەستین،

6. https://www.mhpssmsp.org/en/activity/key-consideration-contextualization#page-1

٧. بۆ نموونە سەیری: یونیسێف (٢٠٢٢). دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە منداڵانی پەیوەندیدار بە هێزە چەکدارییەکان و گرووپە چەکدارییەکان: رێنمایی چوارچێوەسازی.
https://alliancecpha.org/sites/default/files/technical/attachments/Contextualization-Guidance-MHPSS-in-CAAFAG-programs.pdf

هاوکاری نێودەوڵەتی ئەمریکی (٢٠٢٣). چوارچێوەسازیی دەستێوەردانەکانی تەندروستی دەروونی لە تەندروستی دەروونی جیهانیدا. https://mhpssknowledgehub.sph.cuny.edu/resourcehub/contextualization-of-mental-health-interventions-in-global-mental-health/

و کام قوتابخانە و چەمک چوارچێوەی پرۆگرامەکانی ”دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی“یان شێوە پێ داوە.

هەروەتر، پێویستییەک هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی باڵادەستیی زانستی ئەورووپا-سەنتەری و ڕۆژئاوایی لە ناو بەشی زانستی ”دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی“دا، لەگەڵ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی میکانیزمە داگیرکارییەکان لە گواستنەوەی زانست لە باکوور-باشوور و ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات، بەرژەوەندی سیاسی لە پشت سەرهەڵدان/فراوانبوونی چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، هەروەها بوونی پەیوەندییە دەسەڵاتخوازانەکان لە نێوان بەخشەران و دەزگا نێودەوڵەتییەکان لەلایەک، و لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆییەکان لەلایەکی ترەوە.

خودی چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ناو کەرتی مرۆیی و گەشەپێداندا پەرەی پێ دراوە: کەرتێک کە کاریگەری و دەرەنجامەکانی نایەکسانییە جیهانییەکان چارەسەر دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا مەترسی هەیە خۆی بەردەوامییان پێ بدات. بۆ نموونە لە ڕێگەی پەیوەندییە ئابووری و هێزییەکانەوە کە لە پاڵپشتی دارایی بەخشەراندا بوونی هەیە. بەم شێوەیە، پرۆسەکانی بەنێوکۆییکردنی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەبێت پرسیارکردنی بنەڕەتیسەبارەت بە خودی چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە خۆ بگرێت، هەر لە گەشەکردنی مێژوویی زانستەکە، گریمانەکانی و چەمکەکانییەوە تا بەرژەوەندییەکانی پشتی.

بە کورتی، کارکردنی جیدی و هەتەر لەسەر بەنێوکۆییکردنی مەعریفەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، دەبێت پرسیاری بنەڕەتیتر لەسەر سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنانی زانست لە بواری دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێت.

مشتومڕ لەسەر سەربەخۆییکردنی بەرهەمهێنانی زانست شتێکی نوێ نییە. بۆ نموونە، فرانتز فانۆن (١٩٥٢) لە ’پرسیارکردن و گۆڕینی تیۆری دەروونشیکاری‘، زۆر بەوردی باسی لەوە کردووە کە چۆن مەعریفەی زانستی و بەتایبەتیش زانستی دەروونی، کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە هێزی داگیرکاری و چەوساندنەوە. ئەو پیشانی دا چۆن خەڵکی داگیرکراو گریمانە و تایبەتمەندییە داگیرکارییەکان زیاد دەکەنە سەر ناسنامەیان، و بەم شێوەیە بناغە زانستییەکانی خۆیان پەراوێز دەخەن. تیۆریزانەکانی پاش داگیرکاری وەکوو گایاتری سپیڤاک (١٩٨٨) و ئێدوارد سەعید (١٩٧٨)، هاودەستی بەهێزی نێوان زانست و هێزی داگیرکارییان لە دروستکردنی یەکتریدا پیشان داوە. هەردوو، هەڵوێستێکی توندیان لە دژی هەژموونی ڕۆژئاوایی و ئەورووپا-سەنتەری لە بەرهەمهێنانی زانستدا نیشاندا، و پەردەیان لادا لەسەر ڕۆڵی ئەم جۆرە لە مەعریفە لە بەردەوامیدان بە پێکهاتە هێزییە داگیرکارەکان و هەبوونی خاسییەتی توندوتیژی مەعریفی ”Epistemic Violence“ (سپیڤاک، ١٩٨٨).

دەروونزانانی ئەمریکای لاتین کە لە ژێر بارودۆخی دیکتاتۆری لە ئەرجەنتین یان چیلی لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ کاریان دەکرد، پارادایمە کلینیکییە ڕۆژئاواییەکانیان لە چارەسەرکردنی ئەزموونی زەبراویی توندوتیژی و چەوسانەوە خستە ژێر پرسیارەوە، و بناغەیان بۆ قوتابخانەی دەروونزانیی ئازادبوون (liberation psychology) دانا (بۆ نموونە مارتین-بارۆ، ١٩٩٠)، و تێیدا چەمکەکانی زەبری دەروونی و چاکبوونەوەیان بە ڕزگاربوون لە چەوسانەوە، سەرکوتکردن و هەژاری بەستەوە. هاوکارانی باشووری ئەفریقا کە سەروکارییان لەگەڵ کاریگەری لەمرۆڤ-خستن (de-humanization)، زەبروزەنگی توند و هەژاری لە باشووری ئەفریقای سەردەمی پاش جیاوازی ڕەگەزایەتی هەبوو، ڕێبازگەلێکی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتییان پەرە پێدا کە

ڕەگیان لە تێگەیشتنی باشووری ئەفریقا لە تێکەڵبوونی جیانەکراوەی تاک و کۆمەڵگادا داکووتابوو و دەستەواژەی ئۆبۆنتۆیان (مرۆڤایەتی بۆ کەسانی تر) بۆ بەکاردەهێنا. وەک دەبینین، لێرەدا سەرنجەکە لەسەر گەڕاندنەوەی شکۆ و ڕێزە (خوزوایۆ و هتد، ٢٠١١). ئەوانی دی ئاماژە بە دەروونشیکاری، سایکۆلۆجیای ڕەگەزپەرستی، تیۆری پاش-داگیرکاری و دەروونزانیی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە دەکەن، بۆ تیۆریزەکردنی دەروونزانییەکی ڕەخنەگرانەی پاش-داگیرکاری (هووک، ٢٠٠٥). ئەم ئەزموون و ڕێبازانە خاڵی ئاماژەی بەهێزن لە گفتوگۆ و پلاتفۆرمەکانی پەیوەست بە سەربەخۆکردنی دەروونزانی کە بەم دواییانە گوڕێکی زیاتری وەرگرتووە.

پرسیارێکی گرنگ لە پرۆسەکانی سەربەخۆییکردن و خۆماڵیکردنی زانستی دەروونیدا ئەوەیە کە "کێ مەعریفە بەڕێوە دەبات؟" یان "کێ دەتوانێت بەشێک بێت لێی؟" لە ساڵی ٢٠٢٢دا، هاوکارانی پرۆژەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر بە دەزگای گەشەپێدانی ئەڵمانی (جی-ئای-زێت) لە گفتوگۆدا بوون لەگەڵ هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر چۆنییەتی پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی سەربەخۆ بۆ خزمەتگوزارییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی. دوای ماوەیەکی کەم، بە شێوەیەکی خۆ-ڕەخنەگرانە لە پرۆسەکە کشانەوە، بەهۆی بیرکردنەوە لەسەر ڕۆڵی خۆیان وەک بەخشەرێکی ڕۆژئاوایی لە بواری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی و، پەیوەندییە هێزئامێزەکان (power relation ) و ئەو پشت پێ بەستنەی ئەکتەرە ناوخۆییەکان بەوانیان هەیە. هەروەها، جێگیربوونی خۆیان لە چوارچێوەی داڕێژراوی ڕۆژئاوایی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، و بڕوایان بەوەی پرۆسەی سەربەخۆییکردن 'پەیوەستە' بە هاوبەشەکانیان لە جیهانی باشوورەوە ڕووڵی لەم کشانەوەیەدا بینی[٨].

سەبارەت بە توێژینەوە و پراکتیزەکردنی دەروونزانی، ئادەمز و هاوکارانی (٢٠١٥) لە بڵاوکراوەکەیان «بەرەو دەروونزانیی سەربەخۆ» لە ڕێژەی ڕۆڵی گونجاوی دەروونزانانی ڕۆژئاوا لە پرۆسەکانی سەربەخۆکردن ورد بوونەوە؛ لە بانگەشەکردنی ئەوەی خۆماڵیکردنی مەعریفە پێویستی بە کشانەوە و نەبوونی تەواوی دەروونزانان و کاریگەرییە ڕۆژئاواییەکان هەیە، بۆ ئەوەی ڕێبازی هەماهەنگتر کە تێیدا دەروونزانانی ڕۆژئاوا هاوەڵی هاوکارەکانی جیهانی باشوور لە پرۆسەی سەربەخۆکردندا دەکەن، یان تەنانەت کارکردن بەیەکەوە بە شێوەیەکی هەماهەنگانە. بۆ ئەمەی دواتریان، توانا سەرەکییەکانی وەکوو بە ڕەهادانەنانی ڕوانگەی کەسی، گریمانە و چەمکە خودییەکان، و ئاساییکردنی ڕوانگەکانی ئەوانی تر، زێدە گرنگە. لەم نێوکۆیەدا، ئەم توێژینەوەیەی بەردەستت بیرکردنەوە و ڕامانەکان لە ئاڵوگۆڕێکی نێوکۆیی هەمە لایەنە لە نێوان توێژەران و جێبەجێکارانی دەروونی-کۆمەڵایەتی باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخاتەڕوو.

### ١.٣ ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

وەک کۆمەڵێک ئەکادیمیستی کورد، ئەڵمانی و باشووری ئەفریقی، و جێبەجێکارانی ناخۆیی کە ئەزموونی کاری هاوبەشمان هەبوو تایبەت بە پرۆژەکانی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێکەوە لە ساڵی ٢٠٢٢دا ئینستیتیوتی مەستوورەمان بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانلە شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراند.

---

٨. دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا - دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٠٢٤). بۆچی بڕیارماندا لە دژی گەشەپێدانی چوارچێوەیەکی داگیرکارانەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی وەک پرۆژەی هەرێمیی دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا. دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: پەیپەری گفتوگۆ.

ئەم پەیمانگەیە توێژەران، مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکاران و ڕاهێنەران لە بواری کاری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە و کەشی گفتوگۆ، بیرکردنەوە و توێژینەوە دەسازێنێت. هەروەها، کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە لە تیۆری و پڕاکتیزەکردنی پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی جێبەجێکاران دەبێتەوە. ئامانجی بەهێزکردنی ئەو چەمک و شێوازانەی کاری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتییە کە بە شێوەیەکی خۆماڵی گەشەیان پێ دراوە؛ ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوە و گفتوگۆ، دامەزراندنی پلاتفۆرمی ئاڵوگۆڕی لە نێوان چوارچێوە و نەتەوە جیاوازەکاندا لەسەر مەعریفەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، و بەشداریکردن لە گفتوگۆی نێودەوڵەتی لەسەر سەربەخۆکردنی مەعریفە و پڕاکتیزەکردنی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە چالاکییەکانمان، زنجیرەیەک وۆرکشۆپ بوو لەسەر بەنێوکۆییکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی کە لە نێوان ئایاری ٢٠٢٣ و حوزەیرانی ٢٠٢٤ لە سلێمانی ئەنجامدرا و (جی-ئای-زێت) پاڵپشتی دارایی گرتبووە ئەستۆ. بەشداربووان نزیکەی پازدە ئەکادیمیست و جێبەجێکار (Practitioners) بوون، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەڵمانیا و باشووری ئەفریقا، لە بوارە جیاوازەکانی: دەروونزانی، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، فەلسەفە، زانستی سیاسی، پەروەردە، یاسا و هونەر. هەندێک لە بەشداربووان زیاتر بە توێژینەوەی ئەکادیمی و وانەوتنەوەوە سەرقاڵن، لە کاتێکدا هەندێکی تریان زیاتر سەروکارییان لەگەڵ کاری پڕاکتیکی ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا هەیە. وەلێ، زۆربەیان توێژینەوەی ئەکادیمی و پڕاکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتییان تێکەڵ کردووە لە پرۆژە دەروونی-کۆمەڵایەتییە حوکومییەکان یان پرۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سیاسی، کۆمەڵایەتی، جۆری کۆمەڵایەتی و، هەروا بۆ پەنابەرانە.

لەگەڵ ئەم گرووپە سەرنجڕاکێش و فرەپسپۆڕی و نێوکۆ جیاوازەدا، چووینە نێو گەشتێکی یەک ساڵەی ئاڵوگۆڕی چڕوپڕەوە. دەرەنجام، نووسینی پێکەوەییانەی ئەم پەیپەرەی لێ کەوتەوە، و نیاز وایە لە داهاتووشدا بەردەوام بێت.

لە گفتوگۆکانماندا بەوە گەیشتین، بۆئەوەی ئاڵوگۆڕی جددی و قووڵ لە نێوان نێوکۆ جیاوازەکاندا بەبێ دووبارەکردنەوەی پلەبەندییەکان (reproduction hierarchies) دروست ببێت، دەبێت سەرەتا لە پێگەی یەکتری تێبگەین. بۆیە، بە قووڵی چووینە نێو ناسینی نێوکۆی کار و ژیاننامەی یەکترییەوە: لە کوێوە هاتووین، پاشخانی خوێندنمان، بەها و ئاکارە بنەڕەتییەکانمان، و ئەو قوتابخانە تیۆری و ئەزموونە پڕاکتیکییانەی شێوەیان داوە بە تێگەیشتنمان بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی. بە وردی لەسەر تێگەیشتنی یەکتری وەستاین سەبارەت بە چییەتی مەعریفە؛ چی ڕۆژئاوایی و/یان ڕۆژهەڵاتییە، و مەبەستمان چییە کاتێک باسی ناوخۆیی، جیهانی و/یان نێودەوڵەتی دەکەین. کات و سەرنجمان خستە خزمەتی بیرکردنەوەی قووڵ لە کێشەی زمان، وەک بەربەستی سەرەکی لە ئاڵوگۆڕی نێوان نێوکۆ جیاوازەکان: لە کێشەی وەرگێڕانی تەکنیکی زاراوەکانی پەیوەست بە زانستەکانی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بۆ ئاڵوگۆڕی قووڵ لەسەر گریمانەکان، واتا و هەستەکانی پەیوەست بە زاراوەکانی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

هەروەها، بەوە گەیشتین پێش ڕوونکردنەوەی چەمکێکی دیاریکراوی دەروونزانی یان دەروونی-کۆمەڵایەتی و قوتابخانە جیاوازەکان، دەبێت پەرە بەو لێهاتوویيە سەرەکییانە بدەین کە بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان نێوکۆ جیاوازەکان

گرنگن، لەوانەش: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لەخۆڕامان، و ئامادەیی بۆ لە چەقلادانی گریمانەکانی خۆمان و قبوڵکردنی ڕوانگەی ئەوانی تر. بە دەربڕینێکی دی؛ زۆر گرنگە فێری میانڕەوی و خاکەڕایی مەعریفی بین (تیۆ ٢٠١٩).

وەکوو چۆن بۆمان دەرکەوت کە بۆ پرۆسەی بە نێوکۆییکردن و سەربەخۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بەتەنیا ناوانی ئەوروپا-سەنتەری و سەرزەنشتکردنی و هەروا گەڕان بەدوای مەعریفە و پراکتیزی ڕەگداکوتاوی خۆماڵیدا بەس نییە. ئەنجامدانی ئەمە وا دەکات دووانەییتی و ئێمە و ئەوان لە نێوان مەعریفەی ڕۆژئاوایی و خۆماڵیدا قووڵتر ببێتەوە. واتا بە سادەیی، وەک ئەوەیە چەمک و پراکتیزەکانی هاوکارە نیوخۆییەکان بکەین بە کلتور.

لە بری ئەوە، دەستمان کرد بە دابراندنی چەمکە دەروونزانییەکان و پراکتیزەکانی بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەردوو نێوکۆی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا؛ هەوڵمان دا بۆ تێگەیشتن لە ڕەگداکوتانی مێژوویی و نێوکۆییان، لەگەڵ گریمانە و بەها بنچینەییەکانیان. پاشتر، بەوردی بیرمان کردەوە لەوەی دەشێت لە نێوکۆی دیاریکراوی کوردیدا چی کار بکات و چی کار نەکات، تا ڕێبازی گونجاوی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی بەبەری نێوکۆی تایبەتی کوردی بدوورین، بەجۆرێک بتوانێت پاڵپشتی خەڵکی بێت لە دەمی قەیران، نەهامەتی و توندوتیژیدا.

بۆ گەشەسەندنی پرۆسەیەکی لەم جۆرە، پێویست بە فەزای ئارام و پابەندبوونی درێژخایەنە. ئەم ئاڵوگۆڕەی خۆمان تازە دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێت. هیوادارین پرۆژەی توێژینەوە و پراکتیزی هاوبەشی لێ بەرهەم بێت.

دەرکەوت یەکێک لە خاسییەتە گرنگەکان ئەوە بوو کە پرۆسەی گفتوگۆکەمان ئامانجی بەرهەمهێنان نەبوو یەکێک بوو. لە ڕاستیدا، توێژینەوەکە هیچ ڕێنمایی یان ڕێگاچارەیەک بۆ بەنێوکۆییکردنی زانیاری دەروونی-کۆمەڵایەتی پێشکەش ناکات. بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە سەرنجی لەسەر تۆمارکردنی گفتوگۆ تایبەتییەکانی گرووپەکەمانە لەبارەی نێوکۆی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. هەروەها، کورتەیەک لەو بابەتانەی باسمان کردوون دەخاتەڕوو، و نیاز وایە لە گفتوگۆکانی داهاتوودا قووڵتری بکەینەوە. پتر لەمە، هەندێک لەو پێکهاتانەش نیشان دەدات کە بە بنچینەی دەزانین بۆ دروستکردنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان نێوکۆکاندا (Cross Contextual Exchange ).

مەبەست لەم پەیپەرە هاندانی ئەکادیمیست و پسپۆڕانە لە بوارەکانی تردا بۆ بەشداربوون لە گفتوگۆ قووڵەکانی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان لە چوارچێوەکانی خۆیانەوە؛ ئەمەش لە کۆتاییدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەپێدانی چەمک و پراکتیزەی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی تایبەتمەند، هەستیار بە نێوکۆ، گشتگیر و بەهێزکار بۆ ئەو کەسانەی لە دۆخی ململانێ و توندوتیژیدان.

لە بەشی ٢دا، ناساندنێکی کورت پێشکەش دەکەین تایبەت بە نێوکۆی مێژوویی و سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق، و ئەو ئاستەنگانەی توێژەران و ڕاهێنەرانی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لە بەشی ٣دا، بە وردتر ڕێبازی ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ دەروونزانی کردەکی لە سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، دەناسێنین.

لە بەشی ٤دا پوختەی هەندێک لەو بابەتانەی لە وۆرکشۆپەکانماندا باسمان کردوون، دەخەینەڕوو. هەوڵ دەدەین بە پێناسە گوزارشت لەوە بکەین کە مەبەستمان چییە لە مەعریفە؛ بیرۆکە ڕۆژئاوایی، باشووری

و ڕۆژهەلاتییەکان؛ و هەوڵ دەدەین چەمکە پەیوەندیدارەکان بۆ کاری دەروونی-کۆمەلایەتی شیبکەینەوە – زەبری دەروونی، ساغلەمی، و دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەلایەتی. هەروەها، بیرکردنەوە و وردبوونەوەکانمان لەسەر داگیرکاری و سەربەخۆکردنەوەی مەعریفە پوخت دەکەینەوە.

لە بەشی ٥دا، کورتەیەک دەخەینە ڕوو لەو خاڵانەی بە گرنگیان دەزانین بۆ بەشداربوون لە ئاڵوگۆڕی ماناداری نێو چوارچێوە جیاوازەکان: توانا سەرەکییەکان؛ ژینگەی ئارام و سەلامەت؛ پابەندبوونی درێژخایەن؛ فرە-پسپۆڕییەتی؛ و ڕەچاوکردنی وردی کێشەکانی زمان.

لە بەشی ٦دا و لە کۆتاییدا، کورتەیەک لەو وانانەی فێریان بووین دەخەینە ڕوو و هەندێک ڕاسپاردەی بنەڕەتی پێشنیاز دەکەین بۆ بەشداربوون لە ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان لەسەر بەنێوکۆییکردن و سەربەخۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەلایەتی.

لە بەشی ٢ەوە، چوارگۆشە کورتەکان دانراون بە مەبەستی نیشاندانی ڕامان و ڕاسپاردە سەرنجراکێشەکان لەسەر هەر بابەتێک. هاوڕێ لەگەڵ وتەی بەشداربووانی وۆرکشۆپەکان کە لە چاوپێکەوتن بۆ هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی پرۆسەی گفتوگۆکانەوە وەرگیراوە.

## سوپاس و پێزانین

زنجیرە وۆرکشۆپەکان و نووسینی ئەم پەیپەرە لە ئەنجامی هەماهەنگی چڕوپڕی چواردە نووسەرەوە وەدی هات. سوپاسی هەموو بەشداربووانی وۆرکشۆپەکان دەکەین بۆ کات و پابەندبوونیان بە پرۆسەکەوە، و کراوەییان لە هاوبەشیکردنی ئەزموونە دەوڵەمەندەکانیان. پێش بڵاوکردنەوە، نووسینەکە لە چەندین بۆنەدا لەگەڵ خوێنەرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا هاوبەشی پێ کراوە[٩]. سوپاسی هەموو ئەو هاوکارانە دەکەین کە بەشداربوون بە پێدانی فیدباک و بۆچوونەکانیان.

لە کۆتاییدا سوپاسی (جی ئای زێت) دەکەین بۆ پاڵپشتی دارایی و پشتگیری پرۆسەی گفتوگۆکەمان.

٩. سوپاسێکی تایبەت بۆ: بەشداربووانی خولی زستانەی ساڵانەی فرەپسپۆڕی ”کولتوور، دەروونناسی و توێژینەوەی چۆنایەتی: خاڵە کوێرەکان (Spot Blind) و پەیوەندییە نایەکسانەکانی هێز: پێویستمان بە چییە بۆ دروستکردنی زانیاری لەسەر ئاستی جیهانی؟“، کە لەلایەن زانکۆی ئازادی بەرلین، زانکۆی ئالبۆرگی دانیمارک، کۆمەڵەی توێژەرانی چۆنایەتی دەروونزانی ئەورووپا، و زانکۆی سیگمۆند فرۆیدی بەرلین لە شوباتی ٢٠٢٤ ڕێکخراوە؛ بەشداربووانی مەکۆی ئاڵوگۆڕی خۆجێیی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەلایەتی بە سەرپەرشتی دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا لە هەولێر لە نیسانی ٢٠٢٤؛ بەشداربووانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ”کاری کۆمەلایەتی و شوناسی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان“، زانکۆی سلێمانی، نیسانی ٢٠٢٤؛ ئامادەبووانی ڕۆژی ئەڵمانیی دەروونزانیی کولتووری - ”دەروونزانیی کولتووری و دەروونزانیی کلینیکی لە گفتوگۆدا“، زانکۆی سیگمۆند فرۆیدی بەرلین، نیسانی ٢٠٢٤؛ ئەندامانی گرووپی گفتوگۆی نانی نیوەڕۆی دەروونزانیی کولتووری ئەورووپی لە زانکۆی ئۆسلۆ، حوزەیرانی ٢٠٢٤؛ ئامادەبووانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ حوکمەت و زانکۆی سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سلێمانی لە تەممووزی٢٠٢٤. هەروەها سوپاسی پرۆفیسۆر دەیڤد بێکەر دەکەین بۆ ئامۆژگارییە بەنرخەکانی.



## بەشی دووەم

# نێوکۆ: هەرێمی کوردستانی عێراق

### ۲. نێوكۆ: هەرێمی كوردستانی عێراق

ئەم بەشەی دێت ناساندنێكی چوارچێوەیی زۆر كورتە بە نێوكۆی سیاسی و مێژوویی هەرێمی كوردستان. سەرنجی ئەم بەشە لەسەر پێنج دەیەی ڕابردووە، تاوەكوو نێوكۆی ئاڵۆزی سەركوتكردن و توندوتیژی و ئاوارەكردن و پەیوەندییان بەو ئاستەنگە دەروونی-كۆمەڵایەتییانەی ڕووبەڕووی خەڵكی كوردستان لە عێراق دەبێتەوە، نیشان بدات. دواتریش دۆخی كەرتە دەروونی-كۆمەڵایەتییەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق و، ئەو لەمپەرە كۆمەڵایەتی و ڕێكخراوەییانەی ڕووبەڕووی كەرتەكە دەبێتەوە، دەخاتەڕوو.

### ۲.۱ هەرێمی كوردستانی عێراق • مێژوویەك لە ململانێ و زەبروزەنگ

لە مێژوودا كوردەكان چەندەها جار ڕووبـەڕووی جـۆرە جیاوازەكانی توندوتیژی و چەوساندنەوە بوونەتەوە: ئیدی هەر لە ئەزموونی بەئیسلامیكردن و داگیركردنەوە لەلایەن داگیركەرانی جیهانەوە (بە نموونە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بەریتانیای داگیركەر لە سەدەكانی ڕابردوودا) بیگرە بۆ پەیماننامەی لۆزان لە پاش جەنگی جیهانی یەكەم، كە ۳۰ ملیۆن كوردی پەرتەوازەی پێنج وڵات (عێراق، ئێران، سوریا، توركیا و یەكییەتی سۆڤیەتی جاران) كرد و جارێكی تر كردنییەوە بە ئامانجی توندوتیژی، ئەشكەنجە و چەوساندنەوەی حوكمەتی نەتەوە جیاوازەكان.

#### ۲.۱.۱ حوكومڕانی ڕژێمی بەعس - هێرشی كیمیایی و ئۆپراسیۆنی ئەنفال

ڕژێمی بەعس بە سەركردایەتی سەدام حوسێن لە ساڵی (۱۹۷۹)وە تا ساڵی (۲۰۰۳) هەڵمەتێك لە ڕەشەكوژی، كپكردن و كۆنترۆڵی بەسەر وڵاتەكەدا دەستپێكرد (چاودێریی مافە مرۆییەكان، ۱۹۹٤؛ مەكییە، ۱۹۹۸) و خەڵكەكەی خستە نێو جەنگێكی هەشت ساڵەیی لەگەڵ ئێران لە ساڵانی ۱۹۸۰-۱۹۸۸ كە زیاتر لە ملیۆنێك قوربانی لە هەردوو لا لێكەوتەوە. لە كۆتایی جەنگەكەدا ڕژێمی بەعس دامودەزگا سەربازییەكانی لە دژی خەڵكی شیعە لە باشور و كوردەكان لە باكوور، خستەگەڕ.

لە مانگی ئاداری ۱۹۸۸، ڕژێمی بەعس بە چەكی كیمیایی هێرشی كردە سەر شاری هەڵەبجەی كوردستان (كە دەكەوێتە سەر سنووری عێراق و ئێرانەوە) و پێنج هەزار كەسی كردە قوربانی و كارێكی وای كرد شار و ژینگەكەی بۆ چەندین دەیە شوێنی ژیان نەمێنێت (هیڵتەرمان، ۲۰۱٤).

لە هەمان ساڵدا؛ كە ئەمەیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی كەمتر زانراوە، ڕژێمی بەعس ئۆپراسیۆنێكی سەربازیی گەورەی لە دژی خەڵكی كورد لە ناوچەكانی سەر سنوری توركیا و ئێران ئەنجامدا و، ناویان لێنا "ئۆپراسیۆنەكانی ئەنفال". لەمیانەی ئەم ئۆپراسیۆنەدا چەندین هەزار گوندی كورد تەختی زەوی كران و زیاتر لە ۱۸۲۰۰۰ ژن و پیاوی گەنج دوورخرانەوە و بوون بە قوربانی. تا ئەم دەمەش لەو سەدان گۆڕە بەكۆمەڵانەی لەپاش لەناوچوونی ڕژێمی بەعس (۲۰۰۳) لە تەواوی عێراقدا دۆزراونەتەوە، تەنیا ڕێژەیەكی كەمیان پشكنراون. هەر بۆیەش، چارەنووسی زۆربەی قوربانییانی ئەنفال تا ئێستا بە نادیاری ماوەتەوە.

ژن و منداڵ و كەسانی بەتەمەن بۆ چەندین مانگ لە گرتووخانەكاندا هێڵرانەوە. زۆرێكیان لە ماندوویێتی و برسێتیدا گیانیان لەدەستدا. لە پاییزی ۱۹۸۸دا، ڕزگاربووەكان بەردران و بە زۆرەملێ لە "شارۆچكە بەكۆمەڵ"ەكاندا كە وەها ناوزەندیان دەكرد، نیشتەجێ كران تا لەژێر كۆنترۆڵی سەربازی و، زۆر دوور لە شارۆچكەكانی خۆیان، ژیان بەسەر بەرن (چاودێریی مافە مرۆییەكان، ۱۹۹۳).

ئەنفال و هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە، بە گورزی نەتەوەیی دادەنرێن لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە، و پێکهێنەرێکی سەرەکی پێناسی نەتەوەییانە. ڕزگاربووانی هەڵەبجە و ئۆپراسیۆنی ئەنفال، نەوەکانیان و تەواوی هەرێمەکە، تا ئەمڕۆش بەدەست ئەزموونکردنی توندوتیژیی سەخت، لەدەستدان، وێرانکاری و شاربەدەرکردنەوە دەناڵێنن. ڕزگاربووان داوای بەڵگە و دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە دەکەن (ملۆدۆخ، ٢٠١٤)

### ٢.١.٢ یەکەمین پێشڕەوی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ١٩٩١

لەژێر سێبەری یەکەمین پێشڕەوی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا، میللەتی کورد لە بەرانبەر ڕژێمی بەعسدا ڕاپەڕین، لێ شۆڕشەکەیان هەر زوو دامرکێندرایەوە کۆڕەوە مەزنەکەی لێ کەوتەوە؛ دوو ملیۆن کورد کۆچیان کرد بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا. لە وەڵامدانەوەی کۆڕەوەکەدا پەناگەی سەلامەت دەستەبەرکرا لەژێر پارێزگاریی سەربازیی نێودەوڵەتیدا. هاوکات، دەستێوەردانێکی گەورەی مرۆیی بە پێشڕەوێتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێ کرد بۆ دەستنیشانکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی خەڵکە ئاوارەکە و دەستەبەرکردنی گەڕانەوەیان، وێڕای ئابڵۆقە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر هەموو عێراق. ئۆپراسیۆنەکە بە یەکەمین دەستێوەردانی مرۆیی پەسەندکراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ناسێندرا (وینتەر و هاوکارانی، ٢٠٠٢).

### ٢.١,٣ خۆبەڕێوەبەری کاتی و شەڕی ناوخۆ

بە درێژایی پانزە ساڵی دواتر، گەلی کورد لە دۆخێکی خۆبەڕێوەبەری کاتیی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان ژیانی بەسەر دەبرد. لە ساڵی ١٩٩٢، کوردەکان بە شێوەیەکی دیموکراسییانە یەکەمین پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان هەڵبژارد. هەرچەندە حوکمەتی هەرێمی کوردستان هێشتا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدا نەنرابوو. لەو دەمەدا هەرێمی کوردستان بەدەست ئەو ئابڵۆقە نێودەوڵەتییەی خرابووە سەر عێراق دەیناڵاند، و بەردەوام بوو لە پشتبەستنی تەواوەتی بە کۆمەکە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خواردن و شوێنی مانەوە. لێ ئەم کۆمەکییە وەبەرهێنانی لە ژێرخانی ئابووری یاخود خزمەتگوزاریی درێژخایەنی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیدا نەدەکرد. دۆخی کاتیی هەرێمی کوردستان سەری کێشا بۆ چەندین شەڕی ناوخۆ لەنێوان حیزب/پارتە سیاسییەکاندا، کە لەپێناو دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان دەجەنگان، بەم هۆیەشەوە خەڵکی ناوچەکە بۆ جارێکی دی وەبەر چەندین ئەزموونی توندوتیژی کەوتن، ئەمەش لەسەروەختی هەژارییەکی سەختدا (وینتەر و هاوکارانی، ٢٠٠٢). لە ساڵی ١٩٩٥ ئەم ناکۆکییانە گۆڕان بە جەنگێکی گەشەسەندووی ناوخۆیی لە نێوان دوو لایەنی باڵادەستی کوردستان – پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ی.ن.ک)، کە چەندین قوربانی لەهەردوو بەرە لێکەوتەوە. گۆڕینی یەکەمین ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کورد بۆ شەڕی ناوخۆی کورد کە لەنێو کوردەکاندا بە شەڕی براکوژی ناودەبرێت، کاریگەرییەکی وێرانکارانەی هەبوو لەسەر متمانەی گەلی کورد بە سەرکردایەتی و توانای خۆبەڕێوەبەرێتییان.

### ٢.١.٤ دووەمین پێشڕەوی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢٠٠٣

لە ٢٠٠٣دا، دووەمین پێشڕەوی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، بووە هۆی لەناوبردنی ڕژێمی بەعسی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێن. لە ساڵی ٢٠٠٥دا و لەگەڵ دارشتنی دەستووری عێراقدا، دۆخی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەفەرمی پەسەندکرا. حوکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی سیاسییان گرتە دەست. ساڵانی دوای ٢٠٠٣ سەقامگیری سیاسی و ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان هێنا، هاوڕێ لەگەڵ پتەوکردنی پێکهاتە هەرێمییەکانی پەرلەمان و حوکومەت و بەڕێوبەرایەتی (مڵۆدۆخ ٢٠١٤). شایەنی باسە، ئەم ساڵانە بە ناکۆکی بەردەوام لەنێوان حوکومەتی هەرێمی کوردستان و حوکومەتی ناوەندی عێراق لەلایەک و، دەستێوەردانی سەربازیی بەردەوامی وڵاتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا) لەلایەکی دی، جیا دەکرێتەوە.

### ٢.١.٥ سەرهەڵدانی داعش

لە ساڵی ٢٠١٤دا، هێزی چەکداریی تیرۆرستیی داعش دەستی بەسەر بەشێکی فراوان لە سوریا و عێراقدا گرت. شاڵاوێکی وێرانکاری لە توندوتیژی سەخت و مەرگ و خاپوورکردن و دەربەدەرکردن، بەرپاکرد. توندوتیژییەکانی داعش چەند کۆمەڵەی جیاوازی لە سەرانسەری عێراقدا بە ئامانج گرت: ئێزیدییەکان، کوردەکان، کورد و عەرەبە شیعەکان، مەسیحییەکان و کەمینە ئایینییەکانی دی. هەروەتر، چالاکوانان لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کە نوێنەرایەتی مافی سیاسی، مرۆیی، مافی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنییان دەکرد. ئەم توندوتیژییانەش لە کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان و بەدیلگرتنی هەزارەها ژنی ئێزیدیدا گەیشتە ترۆپک.

توندوتیژی داعش و شەڕی دژ بە داعش، جارێکی تر کوردستان و عێراقی کرد بە مەیدانی جەنگ. لە لوتکەی قەیرانەکەدا، ٣.٤ ملیۆن لە خەڵکی عێراق بوون بە ئاوارەی ناوخۆ[١٠]. ملیۆن و نیوێک لە خەڵکی (لەنێویاندا دەیان هەزار عەرەبی سوننە) ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. ملیۆن و نیوێکی دیش پەنایان بردە بەر وڵاتەکانی دراوسێ.

### ٢.١.٦ قەیرانی بەردەوامی ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەمڕۆ، کۆمەڵگەی عێراقی بەقووڵی لێکترازاوە. بەجۆرێک کە بەسەر چەندین دەستەی هەرێمی، نەتەوەیی، ئایینی و سیاسیدا دابەش بووە. گەلی کورد لە عێراق هێشتاش لە بارودۆخێکی بەردەوامی سیاسی و ئابووری ناجێگیر و نادڵنیاییدا دەژین. ناکۆکی نێوان حوکومەتی ناوەندی عێراق لە بەغداد و حوکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بەردەوامە. هەروەها، مافی کورد بۆ سەربەخۆبوون لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامدایە. دەستوەردانی بەردەوامی وڵاتە دراوسێکانی: ئێران و تورکیا، لەوانەش هێرشە سەربازییەکانی سەر ناوچە سنوورییەکان، تا ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە لەسەر ئاستی نێودەڵەتی. ئەم هێڵە ناکۆکانە بەهۆی گەندەڵی و خزمخزمێنەوە لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکاندا، خراپتر دەبن و دەبنە هۆی لاوازکردنی پێکهاتە حوکومییەکان لەلایەک و بەهێزکردنی میلیشیای سەربازی لەلایەکی تر[١١].

---

١٠. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. نێردەی عێراق (٢٠١٦). ئاوارەبوون لە عێراق لە ٣.٤ ملیۆن تێپەڕیوە. https://www.iom.int/news/displacement-iraq-exceeds-34-million-iom

١١. یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠٠٨. یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هەموارکراوی (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩؛ یاسای باری کەسێتی، لە هەرێمی کوردستانی عێراق. http://www.ekrg.org/files/pdf/personal_status_law.pdf

### ٢.١,٧ توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز

توندوتیژی ڕەگەزی بەرانبەر ژنان، لەوانەش توندوتیژی خێزانی، هاوسەرگیری بە زۆر، هاوسەرگیری منداڵان، کوشتن لەسەر شەرەف و توندوتیژی ئێلیکترۆنی لەسەر ژنان بەگشتی و ژنانی چالاکوان بەتایبەتی، زۆر بڵاون لەسەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستاندا. لە کۆتایی ١٩٩٠ەکانەوە، ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ، پرسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزیان هێناوەتە نێو گفتوگۆی گشتی و بەسەرکەوتوویی لۆبییان کرد بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لە هەرێمی کوردستان و باشترکردنی مافەکانی ژنان لەنێو خێزان لەڕووی جیابوونەوە، میرات و سەرپەرشتیکردنی منداڵەوە. لە ساڵی ٢٠١١دا، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەموارکردنەوەیەکی بۆ یاسای باری کەسێتی عێراقی لە ١٩٥٩، پەسەند کرد. ئەم هەموارکردنەوەیە کە پێی دەگوترێت یاسای خێزان، توندوتیژی دژی ژنان و منداڵان قەدەغە دەکات: لەوانەش خەتەنەکردنی کچان و ڕێگریکردن لە خوێندن. پتر لەوەش، حوکومەتی هەرێمی کوردستان شێڵتەرە حوکومییەکانی کردۆتەوە بەمەبەستی داڵدەدان و پاراستنی ئەو ژنانەی هەڕەشەی توندوتیژی یاخود کوشتن لەسەر بنەمای شەرەفیان لەسەرە. بەڕێوبەرایەتییەکی تایبەتی حوکومی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە وەزارەتی ناوخۆ، سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری بۆ ئەو ژن و خێزانانەی بە توندوتیژی کاریگەربوون، دابین دەکات. هەروەها، بەدواداچوونی پۆلیسی و یاسایی بۆ تاوانباران و ڕاوێژی دەروونی و یاسایی بۆ ژنانی بەرکەوتەی توندوتیژی یەکدەخات.

سەرباری ئەمانەش، پێکهاتە کلتوری و ئاینییەکان ڕێگری لە جێبەجێکردنی چاکسازی یاسایی دەکەن، بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە هاوسەرگیری بە زۆر، هاوسەرگیری منداڵان و توندوتیژی خێزانی لە هەمبەر ژنان بڵاوە. ئەو ژنانەی پێشێلی کۆدە زاڵەکانی شەرەف و شووڕەیی دەکەن زۆر کات سزا دەدرێن و ڕووبەڕووی مەترسی ژنکوژی دەبنەوە.

لەسەر وەختی نووسینی ئەم پەیپەرەدا، پەرلەمانی عێراق بەرەو هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی هەنگاو دەنێت، کە ڕێگە بە دەسەڵاتە ئاینییەکان دەدات هاوسەرگیری، میرات و کاروباری سەرپەرشتیکردنی منداڵ، بەڕێوە ببەن. قبوڵکردنی ئەم یاسایە دەرگا بۆ بەیاساییکردنی هاوسەرگیری منداڵان دەکاتەوە و پاشەکشەیەکی توند دەبێت بۆ مافەکانی ژنان لە ناوچەکە[١٢].

### ٢.١.٨ کۆمەڵگەی مەدەنی

وێڕای هەلومەرجە قورسەکان، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی فرەڕەهەند و دەوڵەمەند لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکانەوە پەرەی سەندووە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم کۆمەڵگە مەدەنییە لە چەندین پرۆژەی پەروەردەیی، هۆشیاری و پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و منداڵان و کەسانی گەنج و ڕزگاربووانی توندوتیژیدا، کار دەکات. کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ و قبووڵکردنی فرەییتی، هەروا چاکسازی کۆمەڵایەتی و یاسایی هێناوەتە ئاراوە کە دەستگەیشتنی ژنان بە خوێندن و کار زیاد دەکات و ڕۆڵیان دەنێو کۆمەڵگە و خێزاندا بەهێز دەکات. بۆ نموونە، لە بواری پاراستن

١٢. چاودێری مافەکانی مرۆڤ. عێراق. پەرلەمان ئامادەیە بۆ بەیاسایی کردنی هاوسەرگیری منداڵان. ١٦ی ئابی ٢٠٢٤. https://www.hrw.org/news/2024/08/16/iraq-parliament-poised-legalize-child-marriage

و راوێژکاری بۆ ژنان، هاوکات لە کەرتی پەروەردەشدا، ڕێکخراوە ناحوکومییە خۆجێییەکان نەک تەنها تەواوکەری خزمەتگوزارییە گشتییەکانن، بەڵکوو یەکجار پێویستیشن بۆ دڵنیابوونەوە لە کارکردنی خودی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوە حوکومی و ناحوکومییەکاندا.

سەرباری ئەمەش، زۆربەی ڕێکخراوە مەدەنییە ناوخۆییەکان یا ئەوەتا پشت دەبەستن بە پاراستن و بودجەی حیزبە سیاسییە کوردییەکان، یاخود بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان و بەرنامە پەیوەندیدارەکانیان. زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحوکومییە خۆماڵییەکان لە ململانێدان لەگەڵ کورتخایەنی بودجەی پرۆژەکان و گۆڕانی سەرنجی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها، لە هەوڵی مسۆگەرکردنی بودجەی ناوخۆیین بۆ چالاکییە درێژخایەنترەکان.

سەرباری ئەمانەش، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەژێر هەڕەشەی بەردەوامدان لەلایەن گرووپ و تاقمە پارێزگار/موحافزکار و ئایینی و نەریتگەرا و بنەماگەراکانەوە کە تۆمەتباریان دەکەن بە هێنانی بنەما ڕۆژئاواییەکان و پووکاندنەوەی بنەما خێزانییە ناوخۆیی و بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان. بەگشتی، لەم ساڵانەی دواییدا بواری کۆمەڵگە مەدەنییەکان کەمتر بووەتەوە.

### ٢.١.٩ بارودۆخە ئاڵۆزەکانی توندوتیژی

وێنە گشتییەکەی سەرەوە چوارچێوەی ئاڵۆزی توندوتیژی لە دەیەکانی ڕابردوو لە عێراق و کوردستاندا دەخاتەڕوو. پتر، بەکەرە زۆر و گۆڕاوەکانی توندوتیژی و تێکەڵبوونی توندوتیژی سیاسی، کۆمەڵایەتی و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز نیشان دەدات. بە دەگمەن گروپێکی دانیشتوان هەیە کە لە ساتێکی مێژوویی دیاریکراودا ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبوبێتەوە و کاری تێ نەکرابێت پێی. وەکوو چۆن بەنزیکەیی هیچ گروپێکیش نییە کە لە ساتێکی مێژوویی دیکەدا لە بەرەی  تاوانباران نەبووبێت یاخود بێ هەڵوێستانە لە دۆخەکەی نەڕوانیبێت. هەربۆیەش دەبینین چیرۆکی ناکۆک، دژواز و بەردەوام گۆڕاوی بوون بە قوربانی و پەراوێزخران هەن، کە بووە بە مایەی کێبڕکێ و پلەبەندی لەنێوان قوربانییەکاندا.

لە هەندێک کاتدا ئەم کێبڕکێیانە بەهۆی دەستێوەردانە مرۆییەکانی ڕێکخراو و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانەوە خراپتر دەبێت. هەر بۆ نموونە لە دوای پەرەسەندنی داعشەوە، زۆرێک لە پرۆگرامەکانی هاوکاری مرۆیی و  دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی کە بودجەیان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەستەبەر دەکرا، سەرنجیان بەتەنیا لەسەر قوربانیانی توندوتیژی داعش بوو. ڕزگاربووانی کیمیاباران و ئۆپراسیۆنی ئەنفالی ١٩٨٠، کە تا ئێستا بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی تێدەکۆشن، تێدامابوون لەنێوان هیوابوون بەوەی کە ئەم دەستپێشخەرییانە دەرگایەک دەکاتەوە بۆ هێنانە بەرچاوی کەیسەکانیان بۆ سەرنجی نێودەوڵەتی لەلایەک و، ترسی ئەوەی ئەزموونە ناخۆشەکانی ئەمان پەراوێز بخرێت لە لایەکی دیکەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ناوچەی گەرمیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کورستان، هاوکارییەکی مرۆیی بەرفراوان دەڕۆیشت بۆ کەمپی عەرەبە سوننییەکان کە لەلایەن داعشەوە ئاوارەکرابوون لە هەمان ماوەدا. خەڵکی کوردی خانەخوێ کە لە هەژاریدا دەژیان و ڕەنجیان دەکێشا بەدەست کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئەنفالەوە؛ و دانیشتووانی عەرەبی سوننی نوێنەرایەتی تاوانباری پێشوو دەکەن بۆیان، دابەشبووبوون

بەسەر دوو دەستەدا: دەستەی پشتگیریکەر لە لایەک  و دەستەی ڕق لەدڵ و کێشمەکێشکەر بۆ دەستخستنی سەرچاوەکان لە لایەکی ترەوە.

**خەڵکی کوردستان ئاوڕ لە مێژوویەکی درێژی چەوساندنەوەوە دەدەنەوە. یەکەمین هەنگاوەکانیان بۆ خۆبەڕێوەبردن لەژێر هەڕەشەی بەردەوامدایە لەلایەن هێزە نەتەوەیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە. زۆربەیان هێشتاش لە نادڵنیایی و دۆخێکی بەردەوامی ناکۆکیدا دەژین کە بە چەندین دیمەنی تێکەڵی توندوتیژی جیا دەکرێتەوە؛ بکەری توندوتیژیی جیاواز، لێکئاڵانی توندوتیژی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی پێکەوە؛ هەروەها، چیرۆکی گۆڕاو و دژبەیەکی قوربانیبوون.**

**دەستێوەدران و پرۆگرامە دەروونی–کۆمەڵایەتییەکان دەبێت لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی قووڵی ناکۆکی بن کە تەنها ناکۆکی و قوربانی و ناکۆکی دروستکەرەکانی ئێستای لەبەرچاو نەگرتبێت، بەڵکوو سەرنجی خستبێتە سەر هێڵی کاتی مێژوویی و، مێژووی گەشەسەندنی ناکۆکیش.**

**لەجیی سەرنجخستنە سەر قوربانی و ڕزگاربووانی ناکۆکییەکانی ئێستا بەتەنێ، پێویستە پرۆگرامی پاڵپشتی دەروونی–کۆمەڵایەتیی گشتگیر پەرەی پێ بدرێت بۆ چارەسەری ڕزگاربووانی ئێستا و ڕابردوو و پەنابەران و ئاوارە و کۆمەڵگە خانەخوێکانیش، بۆ خۆبەدوورگرتن لە بوون بەشێک لە تەشەنەسەندنی بە ناکۆکی ئێستای نێوان گرووپە ڕزگاربووەکان.**

### ٢.٢ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

هەر لە کۆتایی ١٩٩٠ەکانەوە ژمارەیەکی ڕوو لە زیادبووی ڕێکخراوە مەدەنییە خۆجێییەکان کاریان کرد لەسەر پشتگیریکردنی ژنانی قوربانی توندوتیژی نێو خێزان و توندوتیژی هاوسەرگیری و ڕزگاربووانی توندوتیژی سیاسی و پەنابەران و کۆمەڵگە ئاوارەبووەکان.

زۆرێک لەم ڕێکخراوە خۆجێییانە ڕێگەی پێشکەوتووی گشتگیریان پەرەپێداوە بە یەکخستنی: پشتگیری ئابووری و ڕۆژانە، چالاکی هۆشیاری و پەروەردەیی، ڕێنمایی دەروونی، دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەروونی-پەروەردەیی، هاوڕێ لەگەڵ چالاکی بەهێزکردن. هەروەها، لەسەر ئاستی حوکومی، سیستەمە پاڵپشتیکەرەکانی وەکوو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و خێزان، بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتییان خستووەتە نێو خزمەتگوزارییەکانیانەوە.

ڕێنماییکارانی دەروونی-کۆمەڵایەتی لەم پێکهاتە/سیستەمانەدا زۆر جار لە ڕێگەی چالاکی، ئەزموون، و فێربوون-لە ڕێگەی-ئەنجامدانەوە، چوونەتە ناو پراکتیکی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە زیاتر لەوەی لە ڕێگەی خوێندنی فەرمیی ئەکادیمی یان پیشەگەرایانە لە دەروونزانی، کاری کۆمەڵایەتی، یان پراکتیکی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە چووبێتن. هەندێکی دیکەیان لە دەرەوە خوێندنیان تەواو کردووە و کۆمەڵێک زانیاری و لێهاتوویيان لە زانکۆ یان پەیمانگا پیشەییەکانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هێناوەتەوە.

**یەکێک لە ئاڵەنگارییەکانی کەرتە دەروونی–کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە چۆن بتوانرێت بە شێوازێکی فەرمی دان بە ئەزموون و شارەزایی ئەو ڕێنماییکارە دەروونی–کۆمەڵایەتییانەی بڕوانامەی ئەکادیمییان نییە بنرێت؛ و چۆن مەعریفەی ئەوان بخرێتە نێو گفتوگۆ ئەکادیمی و پیشەییەکانی ئێستاوە.**

له هەمبەر ئەو پرسەی لەسەرەوەدا باسکراوە، ڕێنماییکارە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، زۆرجاران ڕووبەڕووی چارەخوازانێک دەبنەوە کە لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدان و ژیانیان لەژێر مەترسیدایە، بەهۆی تێکەڵەیەک لە توندوتیژی خێزانی، کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەگەڵ هەلومەرجی ژیانیی ناسەقامگیر.
تەنانەت زۆرجار خۆشیان لە بارودۆخێکی تەژی لە قەیرانی بەردەوام، ناجێگیری سیاسی و ڕوانگەی ناڕوون لەبارەی داهاتوو، گرێدراو بە ئەزموونی توندوتیژی کە کاریگەری دەخاتە سەر خێزانەکانیان، دەژین.
سەرباری ئەمانەش، زۆرکات بەهۆی کارەکەیانەوە ڕووبەڕووی نەنگی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

**«ئێمەماڵەکانمان لەگەڵ خۆماندا دەبەینە سەر کار و کارەکانیشمان دەهێنینەوە ماڵەوە»**
**ڕێنماییکاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە پڕۆژەیەکی ڕێنماییکردنی ژناندا لە سلێمانی، ٢٠١٤**

ڕەنگە دووچاری تێنەگەیشتن و ڕەتکردنەوەش ببنەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە، یاخود ناوبانگی کۆمەڵایەتییان بکەوێتە ژێر مەترسییەوە کاتێک بۆ نموونە کار لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەکەن کە لە شێڵتەر و گرتووخانەکاندان، یان ئەو ژنانەی تۆمەتی خیانەت و لەشفرۆشییان لەسەرە. دەشێت تووشی هەراسانکردن و توندوتیژی و هێرشی بەکۆمەڵی ئێلیکترۆنی ببنەوە، بەنموونە کاتێک کار لەسەر ناکۆکییە خێزانییەکان و پشتگیری ئەو ژنانە دەکەن کە توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت.
وێڕای ئەمانەش، تەنها چەند پڕۆگرامێکی سەرپەرشتیاری و گرنگیدان بە ستاف و پارێزگاری لە ستافی دەروونی-کۆمەڵایەتی بوونی هەیە لە دامەزراوە حوکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان[١٣]. لەم ڕووەوە، ئینستیتیوتی مەستوورە گرووپێکی فرە-پسپۆڕیی لە سەرپەرشتیارانی ناوخۆیی پێکهێناوە. ئەم گرووپە، بەشێوەیەکی ڕێکخراو پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارە و پەرەدان بە مێتۆدی بەنێوکۆکراو بۆ سەرپەرشتیاری، هەروەها بۆ ڕاهێنان کردن بەیەکدی. پتر لەمە، ئەم گرووپە سەرپەرشتی تاکی و گرووپی پیشکەش بە سەنتەرە حوکومی و ڕێکخراوە ناحوکومییەکان دەکەن. مەبەست لە سەرپەرشتیاری لێرەدا کەشێکە بۆ ڕامان و سەرپەرشتیاری کەیس، ڕاهێنانی تیم و ناساندن بە تەکنیکەکانی زانیاری گەیاندن و خاوبوونەوە لەخۆدەگرێت.

**کارمەندانی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆرکات ڕووبەڕووی کەیسی ئاڵۆز و تێکەڵاو لە توندوتیژی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی دەبنەوە و بڕێ جار خۆشیان دەبنە قوربانی توندوتیژی و لەکەی کۆمەڵایەتی بەهۆی کارەکەیانەوە.**

**هەردوو ستاف: ستافی هەڵگری بڕوانامەی فەرمی و ستافی نافەرمی لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە حوکمییەکان لە هەرێمی کوردستان، پێویستیان بە سەرپەرشتیاری و پڕۆگرامەکانی گرنگیدان بە ستاف و خۆگرنگیدان هەیە تا لەڕووی پیشەیی، کۆمەڵایەتی و سۆزەکییەوە پشتگیری بکرێن.**

---

١٣. یەکێک لەوانە لەلایەن ڕێکخراوی ئەڵمانی میدیکا مۆندیالە و هاوبەشە خۆجێیەکەیان ئێما - ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆڤ بەگشتی و سەرنجی تایبەت لەسەر ڕێکخراوە فێمینیستەکان پەرەی پێدراوە. پڕۆژەکە لەلایەن دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانی پشتگیری کراوە. https://www.giz.de/en/downloads/giz2023-en-developing-a-staff-care-concept-as-a-local-feminist-NGO-in-KRI.pdf

## ٢.٣ ئاڵنگاریە دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کورستانی عێراق

**مێژووی پەیدابوونی زانستە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان لە دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا ١٥ ساڵ تێناپەڕێنێت، ئەمەش زنجیرەیەک لە ئاڵنگاری دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی نیشان دەدات.**

### ٢.٣.١ گرفتەکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی

زانکۆی سلێمانی، کۆنترین زانکۆیە لە هەرێمی کوردستان. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٨دا دامەزرا، لێ لە ساڵی ١٩٨١ بە زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گوازرایەوە بۆ هەولێر و ناوی لێ نرا زانکۆی سەلاحەددین. دواتر لە ساڵی ١٩٩٢دا دووبارە زانکۆکە لە سلێمانی دامەزرێندرایەوە. زانکۆی دهۆک لە ساڵی ١٩٩٢دا دامەزرا[١٤]؛ و زانکۆکانی دی دواتر دامـەزران (زانکۆی سـۆران لە ٢٠٠٩، زانکۆی گەرمیان لە کەلار ٢٠١٠). زۆربەی تێبینییەکانی خوارەوە بەتەنها تایبەتن بە زانکۆ حوکومییەکانەوە و نابێت گشتاندنیان پێ بکرێت بەسەر ئەو چەند زانکۆ ناحکومی/تایبەتانەی لە دوای ٢٠٠٣وە دامەزراون، وەک زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی.

سەبارەت بە دەروونزانی، کاری کۆمەڵایەتی و پسپۆڕییەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی یەکەم بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سەلاحەددین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨، و دامەزراندنی بەشێکی دەروونزانی بۆ ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠ (صالح، ٢٠٢٤). هەروەتر، کردنەوەی بەشی دەروونزانی کلینیکی لە زانکۆی کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی٢٠١٠ [١٥]. تاکو ئەمڕۆ، هیچ بەشێکی دەروونزانی لە زانکۆی سلێمانی نییە، هەرچەندە بەشێ کاری کۆمەڵایەتی لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

لە ساڵی ٢٠١٦، لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن داعش ئەنجام دران، پەیمانگەی چارەسەری دەروونی و تراوماتۆلۆجی لە زانکۆی دهۆک دامەزرا، بە ئامانجی دیاریکراوی بەهێزکردنی پشتگیری دەروونی و چارەسەری دەروونی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی. پەیمانگەکە لە ڕێگەی هەماهەنگییەک لەنێوان زانکۆی دهۆک، زانکۆی تۆبینەنی ئەڵمانی، و زانکۆی زانستە پراکتیکییەکانی ڤیلینگن-شڤینینگن، بە پشتگیری دارایی حکومەتی ئەڵمانی دروستکرا. ئەم پەیمانگەیە، خوێندنی ماستەر پێشکەش بەو خوێندکارانە دەکات کە لەدووی پیشەن لە کاری کلینیکیدا. زانکۆی سۆرانیش بەشێکی دەروونزانی لە ساڵی ٢٠٠٤ لەناو کۆلێژی ئاداب کردەوە و، کۆرس لە بواری دەروونزانی پەروەردەیی، دەروونزانی گەشە و دەروونزانی گشتیدا پێشکەش بەو خوێندکارانە دەکات کە بە نیازی کارکردنن لە بواری دەروونزانی پەروەردەیی و ڕاوێژکاری[١٦]. لە زانکۆی گەرمیان لە کەلار، کۆرسە دەروونییەکان لە کۆلێژی پەروەردەدا دەوترێنەوە.

بەگشتی، سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئاڕاستەیەکی بەهێزی گرتووە بەرەو مۆدێلە ڕۆژئاواییەکان. نموونەکانیش دانانی پرۆسەی بۆلۆنیایە لە سیستەمی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە ساڵی ٢٠١٦ دەستی پێکرد[١٧]، یان گفتوگۆ نوێترەکان لەسەر دانانی ئینگلیزی وەک زمانی سەرەکی لە خوێندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە ئەمەی دواییان تاکوو ئەمڕۆ ڕەزامەندی بەدەست نەهێناوە.

---

14. بڕوانە: https://su.edu.krd/ku/about/history/suhistory
15. https://fsch.koyauniversity.org/departments/dcps
16 https://www.soran.edu.iq/index.php/faculties-centres/faculty-of-arts/psychology-department.html
١٧. بۆ نموونە سەیری هێنانەناوەوەی پرۆسەی بۆلۆنیا بۆ سیستەمی خوێندنی بالا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکە (https://spark.ngo/spark-announced-as-key-partner-in-iraqs-higher-education-reform/)

بەهەمان شێوە، وانەوتنەوە و توێژینەوە لە بواری دەروونزانی، کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی سەرنجێکی بەهێزی لەسەر ئەو تیۆری و بەها و ستاندارد و پێوەر و ڕاهێنانانە هەیە کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا پەرەیان پێ دراوە. دەگمەن تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی، یان چەمکە دەروونی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆیی و هەرێمییە پەرەپێدراوەکان لەبەرچاو دەگرن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی وانەوتنەوە لە بەشەکانی دەروونزانی، کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی لە زانکۆ گشتییەکان بە زمانی کوردییە، لێ زۆربەی خوێندکاران تەنها تواناییەکی سنووردداریان لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە. بەدەر لەمەش، سەرچاوەی ئەکادیمی زۆر کەم بە زمانی کوردی بەردەستن، و وەرگێڕانی سەرچاوەی ستانداردی ڕۆژئاوا بۆ سەر زمانی کوردی، زۆرجار لە تێبینی و بەخۆماڵیکردنی کەمە. بۆ نموونە، بۆ کاری کۆمەڵایەتی، تەنها یەک کتێبی ئەکادیمی بە زمانی کوردی بەردەستە. ئەمەش وەک بەشێک لە هەماهەنگی نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی زانستە پراکتیکییەکانی (Bochum University of Applied Sciences) بوخوم بڵاوکراوەتەوە (قادری و هاوکاران، ٢٠٢١). لە دەرئەنجامدا، خوێندکاران و وانەبێژان لە کوردستان و بە گشتیتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تەواوی پشت بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا دەبەستن و پێشینەی سیاسی و ئابووری-کۆمەڵایەتی خۆیان پشتگوێ دەخەن (میدگلی، ١٩٨١).

دەتوانرێت بوترێت ڕاهێنانی ئەکادیمی و توێژینەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان پشت بە کۆپی-پەیستکردنی / لەبەرگرتنەوەی مۆدێل و چەمکە هاوردەکراوەکانی ڕۆژئاوا دەبەستن (لەسەر بنەمای سەرچاوە وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکان یان بەنێوکۆنەکراوەکان -non-contextualized ) تا ئەوەی تێگەیشتن و وتنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێت وەکوو شێوازێک بۆ بیرکردنەوە لەسەر جیهان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی ژیان و پەرەپێدانی ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لە نێوکۆی دیاریکراوی کوردی. ئەم جۆرە لە میتۆد نەک تەنها ڕۆڵی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردی لاواز دەکات، بەڵکوو بەردەوامیش دەدات بە میکانیزمەکانی داگیرکاری زانستی.

ئەمە بووەتە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی زەبەلاح لە نێوان وانەوتنەوەی ئەکادیمی و پراکتیزەکردنی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی، کە زیاتریش قووڵ بووەتەوە لە سنوورداریتی بەرنامەکانی ڕاهێنانی کردەیی بۆ خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی ڕێکارنامەی ڕوون بۆ ڕاهێنانی کردەیی، و کەمی هەماهەنگی واتادار لەسەر ڕاهێنانی کردەیی لە نێوان زانکۆکان و هاوکارە حوکومی و کۆمەڵگە مەدەنییەکان.

کێشەیەکی دیکە نەبوونی وەسفی کار (Job description) و پێناسەی ڕوونی ڕێڕەوە پیشەییەکانە بۆ دەروونزانانی کلینیکی و دەروونزانانی پەروەردەیی و کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان، و ئەوانی دی، کە سنووری پیشەیی ناڕوون و سەرلێتێکدەر لە نێوان پسپۆڕییەکاندا دروست دەکات. ئەو چەند کۆمەڵە پیشەییە کەمەشی بەردەستن بۆ کارمەندانی کۆمەڵایەتی و دەروونزانان لە هەرێمی کوردستان لاوازن و، تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە ڕۆڵە پیشەییەکان بۆ خوێندکارانی دەرچووی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون بکەنەوە، یان ناسنامەی پیشەییان بەهێز بکەن.

سەرەنجام، دەرچووانی زانکۆ زۆرجار هەست بە غەرقبوون دەکەن و ئامادە نەکراون بۆ ئەو ئاڵنگارییە کردارییانەی لە کاردا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. لە هەمان کاتدا، دامەزراوە حوکومییە خۆجێییەکان و ڕێکخراوە ناحوکومییەکان نیگەرانییان دەربڕیوە لەبارەی کەمی توانای کردەیی دەرچووە نوێیەکانی زانکۆ. بڕێکجار، باس لەو دژوارییانە دەکەن کە لە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بە پێدانی ڕاهێنانی چڕی

سەر-کار و لێهاتوویی زیادە، ئەمەش سەرچاوەکانیان لەق دەکات و کارایی کردەیی وەپاش دەخات. لەمەڕ ئەم پرسەی باسکرا، ئینستیتیوتی مەستوورە، بەرنامەیەکی ڕاهێنانی کردەیی دەستپێکردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سلێمانی. لەم بەرنامەیەدا، ڕێبەرایەتی گرووپی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی دەکات، چوارچێوە چەمکییەکانی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی دەناسێنێت و، سەردانکردن بۆ دامەزراوە حوکومی و پرۆژەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕێک دەخات کە سەرقاڵی پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتین.

**بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە خوێندنی ئەکادیمی لە بوارەکانی دەروونزانی و کاری کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەبێت هەماهەنگی لە نێوان ئەکادیمیست، شارەزایان، ڕێکخراوە ناحکومی و زانکۆکان زیاد بکرێت.**
**پێویستە بەرنامە ڕاهێنانە کردەییە واتادارەکان و هەماهەنگی لە نێوان زانکۆکان و هاوبەشە پراکتیکییەکانی حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز بکرێت؛ بۆ ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ ئاڵنگارییە پراکتیکییەکان لە کەرتی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.**
**هەروەها، دەبێت هانی دامەزراندنی کۆمەڵەی پیشەیی/پرۆفیشناڵ بۆ دەروونزانان و کارمەندانی کۆمەڵایەتی بدرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵە پیشەییەکان و، بەهێزکردنی ناسنامەی پیشەیی دەروونزانان و کارمەندانی کۆمەڵایەتی.**

### ٢.٣.٢ ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی

لە تەواوی نێوکۆکاندا، ڕۆڵ و کاریگەری زانست و پراکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتی پشت بە تێڕوانین و دانپێدانانی کۆمەڵگە دەبەستێت بەرانبەری. لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک بەربەست هەن ڕێگری دەکەن لەوەی تیۆری و پراکتیزی دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ وەر بگرێت و، کاریگەری زیاد بکات.

دەروونساغی و ساغلەمی دەروونی هەمان سەرنج و بایەخی تەندروستی جەستەییان پێ نادرێت. ئەمەش بەهۆی کەمی هۆشیاری و پەروەردەیە لەسەر کێشە دەروونییەکان و تێڕوانینی نەرێنییە سەبارەت بە هەلومەرجەکانی دەروونساغی، کە نەنگی کۆمەڵایەتییان لەسەرە و زۆرجار وەک 'ناکارا بوون'، 'لاوازی دەروونی' یان 'شێتی' دەبینرێن.

شایەنی باسە، زاراوەی 'شێتی' بە تەواوی نەرێنی نییە لە کۆمەڵگەی کوردی. بەتایبەتی جیلە بەتەمەنترەکان، بە ڕێزێکی زۆرەوە لەبارەی ئەو کەسانەی وەک 'شێت' دەیانبینن، قسە دەکەن؛ قسەکانیان بە جددی وەردەگرن و ڕێوشوێنی تایبەت دەگرنە بەر کاتێک کەسێکی بە ناو 'شێت' پێشبینی ڕووداوی ڕووداوێک دەکات. گوتەیەکی باو لەنێو کورددا هەیە کە دەڵێت "دەتوانی قسەی ڕاست تەنها لە منداڵێک یان لە کەسێکی شێت ببیستیت."

هەر پەیوەندیدار بەمەوە، ڕۆڵی دەروونزانان، کارمەندانی کۆمەڵایەتی یان ڕێنماییکارانی دەروونی-کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا بە نەرێنی تەماشا دەکرێت و زۆر جار بایەخی پێ نادرێت. زۆر کەس پێیان وایە سەردانکردنی چارەسەرکارانی ئایینی (مەلا و شێخ) هێندەی چوون بۆ کلینیکە دەروونییەکان و وەرگرتنی دەرمان و ڕێنماییکردنی دەروونی، نەنگی نییە. هەربۆیەش، چارەسەری ئایینی بووەتە شێوازێکی باو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی هەلومەرجێکی دەروونییان هەیە.

ئەگەر بە هەڕەمەکی پرسیار لە خەڵک بکەین، چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکی دیاریکراوی دەروونی یان کۆمەڵایەتی دەکەن، کەمترین ڕێگەی باسکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە داواکردنی یارمەتی پیشەیی لە دەروونزان یان کارمەندی کۆمەڵایەتی دەبێت.»

بەشداربوویەکی وۆرکشۆپ

بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی لە نێوان ٤٨٢ حاڵەت لە عێراق، ٢٧٩ دانەیان کە دەکاتە (٥٧٪) باسیان لەوە کردووە کە لە میانەی وەرگرتنی ڕێنمایی دەروونی، پێش یان پاش وەرگرتنی، سەردانی چارەسەرکارانی ئاینیان کردووە.

لەو کەسانە، ٨٤.٦٪ گوتوویانە کە کەمتر لە ١٠ جار سەردانی چارەسەرکارانی ئایینیان کردووە، لە کاتێکدا ١٥.٤٪ یان دە جار یان زیاتر چوونەتە لایان؛ ٣٦.٩٪ هێشتا بڕوایان وایە چارەسەری چارەسەرکارانی ئایینی شتێکی قبوڵکراوە یان هەتا باشیشە (٢١.٥٪)، لە کاتێکدا ٣٠.٩٪ دەڵێن بێسوودە، و ١٠.٧٪ پێیان وابووە کە خراپە.

زیاتر لە ٧٠٪ی نەخۆشەکان لەم توێژینەوەیەی ئێستادا هەڵبژاردنی چارەسەرکارانی ئایینیان وەکوو یەکەم وێستگەی چارەسەر بیر لێ کردۆتەوە. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزترە لەوەی لە دۆزینەوەکانی ئەلعەسیمی بۆ سعودیە دەبینرێت (یونس و هاوکاران، ٢٠١٩). هەروەها، زۆربەی هەرە زۆری چارەسەرکارانی ئایینی پیاون (هەمان سەرچاوە).

لە کۆتاییدا، لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق، متمانە بە چارەسەرکارانی ئایینی و ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ لایان باوە کە پێزانین بۆ ڕۆڵی دەروون-پزیشکان، دەروونزانان و ڕێنماییکارانی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ نارەحەتی دەروونی و دۆخی دەروونساغی، لاواز دەکات.

**پێویست بە هەوڵە بۆ بونیادنانی هۆشیاری گشتی بۆ نەهێشتنی نەنگی کۆمەڵایەتی و ئاساییکردنەوەی نەخۆشی و ئاریشە دەروونییەکان. سا بەڵکوو لەم ڕێیەوە زیاتر قبوڵی خزمەتگوزارییە دەروونییەکان بکەن و دەستگەیشتن پێیان بۆ گرووپە لاوازەکان فەراهەم بکرێت.**

**لە هەمان کاتدا، ڕۆڵی باو و جێ متمانەی چارەسەرکارانی ئایینی مژارێکی گرنگە بۆ بەنێوکۆکردنی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی. لەباتی پشتگوێخستن یان پەراوێزخستن، دەکرێت سەرچاوەیەکی بەنرخی توێژینەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری بێت.**

### ٢.٤ ڕاهێنان و مەعریفەی «دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی» لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

لە دەمی هاتنی داعش و بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و وێرانکاری لە ناوچەکەدا، عێراق و هەرێمی کوردستان لێشاوێکی بەرفراوان لە یارمەتییە مرۆییەکانیان بەخۆوە بینی، ئەم کۆمەکییانە زۆربەیان ئاڕاستەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران و قوربانیانی توندوتیژی پەیوەندیدار بە داعش دەکرێن. جێی باسە، جەختێکی تایبەت لەسەر پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی و چارەسەری زەبری دەروونی کراوەتەوە. لەگەڵ زیادبوونی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ چالاکییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، چەندین ڕێکخراوی ناحوکمی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، سەنتەرەکانی چارەسەری زەبری دەروونی و ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتییان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراندووە. لەم سەنتەرانەدا، ڕاهێنان بە دەروونزانە ناوخۆییەکان و کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان و فەرمانبەرانی حکومەت لە کەرتی تەندروستی و پەروەردەدا دەدرێت لە ڕێبازە چارەسەرییەکانی تایبەت بە زەبری دەروونی و، لێهاتووییە فراوانترەکانی ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانی بۆ هاریکاری ئابووری و گەشەپێدان (بی-ئێم-زێت)، دەزگای ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی، (جی-ئای-زێت)ی ڕاسپارد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هەرێمیی "پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ پەنابەرانی سوری/عێراقی و ئاوارە ناوخۆییەکان" لە ساڵی ٢٠١٥، دواتر لە ساڵی ٢٠٢٢ درێژکرایەوە لەژێر ناوی "دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[١٨]. دەزگای ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی بە هاوبەشی لەگەڵ چەندین زانکۆی ئەڵمانی و ڕێکخراوی ناحوکومی، کاری کرد لەسەر گەشەپێدانی ڕێکارنامە ئاکاری و پراکتیکییەکان بۆ پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی[١٩]، و دواتر وەرگێڕدرانە سەر چەندین زمان، لەوانەش زمانی کوردی[٢٠]. وەک لە پێشتردا باسکرا، لە زانکۆی دهۆک، پەیمانگایەکی سایکۆتراوماتۆلۆجی دامەزراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی ئەڵمانی بۆ زانستە پراکتیکییەکان لە ڤیلینگن-شڤێنینگن (University of Applied Sciences Villingen-Schwenningen)[٢١]، کە خوێندنی ماستەر پیشکەش بە چارەسازان دەکات.

دووپاتی دەکەینەوە: بۆ زۆرێک لە ڕزگاربووانی توندوتیژیی، جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر پرۆژەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، گرنگییەکی زۆری هەبووە. بۆ نموونە، بۆ زۆرێک لە ژنانی ئێزیدی کە بۆ ماوەی چەندین مانگ و بگرە چەندین ساڵیش لەلایەن میلیشیای تیرۆریستی داعشەوە کراونەتە کۆیلە، لە مرۆڤایەتی خراون و دەستدرێژییان کراوەتە سەر، کە زۆرێکیان لە ئەنجامی ئەم دەستدرێژییانەوە منداڵیان بووە و دوای گەڕانەوەیان تووشی ئابڕووچوون و ڕەتکردنەوە بوون لەلایەن کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە؛ سەنتەرەکانی تراوما تەنها شوێنی دڵنەوایی و ئارامین بتوانن ڕووی تێ بکەن، باس لە ئازارەکانیان بکەن، و بە ڕێزەوە و بێ حوکومدان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. هاوکات، پشتگیریشیان بکرێت بۆ دووبارە تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەکانیان. سەنتەرەکانی ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی کە لە کەمپی پەنابەران دانراون بۆ ئەو ژنە عەرەبە سوننییانەی لە ترسی تیرۆری داعش هەڵاتوون، زۆر جار تەنها خاڵی پەیوەندی بوون لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خێزانەکانیان، و یەکەمین ئەزموونیان بووە کە بە ڕێز و شکۆوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و دەستیان ڕابگات بە زانیاری، پەروەردە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری.

مەخابن، لە پاڵ ئەم نموونە ئەرێنیانەدا، لە ناو ڕێژەیەکی بەرفراوانی پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، چەندین نموونەی کێشەداریش هەبوون، وەک پێشکەشکردنی چارەسەری کورتخایەنی ڕووبەڕووکردنەوەی تراوما و ‹ڕەچەتەی دەرمان›ی ئامادەکراو بۆ پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان و قوربانییانی توندوتیژی کە لە بارودۆخێکی کاتی و ناجێگیردا دەژین. بە هەمان شێوە، نموونە هەبووە تێیدا هیچ پەیوەندییەک نەبووە لەنێوان پشتگیری دەروونی و پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی، و پشتگیری بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ئاسایش و گوزەران.

ئەو پرۆگرامانەی پەیوەست بە دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتین و پشتگیری نێودەوڵەتییان هەیە، زۆر جار لەو گریمانەیەوە دەست پێ دەکەن کە کەمی هەیە لە کارمەندی ناوخۆیی شیاو و پسپۆڕی ئەکادیمی لە

١٨. بڕوانە: دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا - دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لوبنان، ئوردن، عێراق، تورکیا). https://www.giz.de/en/worldwide/124408.html

١٩. بڕوانە: دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا - پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ پەنابەرانی سووری/عێراقی و کەسانی ناوخۆ ئاوارەبوو، https://www.giz.de/en/worldwide/39799.html بەدەستهێنراوە لە(٢٠٢٠.٤.١٥).

20 https://www.giz.de/en/downloads/giz2019-sorani-guiding-framework-MHPSS.pdf

٢١. بڕوانە: http://web.uod.ac/ac/institutes-and-centers/ipp-institute/

بارودۆخی (دوای) ناکۆکی بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان. لەگەڵ ئەوەی هەربەڕاستی ژمارەیەکی کەم لە دەروونزان، چارەساز و کارمەندی کۆمەڵایەتی هەن لەڕووی ئەکادیمی و پیشەییەوە ڕاهێنرابن لە هەرێمی کوردستاندا، لێ ئەم گریمانەیە ئەو ئەزموون و شارەزاییە دەوڵەمەندە لە مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی و ئازارچەشتن لە خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانی حوکومەتی ناوخۆیی پشتگوێ دەخات، هەروەک ئەزموونی چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستپێشخەرییە مرۆییەکان، و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنانیش. هەروەها، ئەو ستراتیجییە فرەجۆر و دەوڵەمەندە ناوخۆییانە نادیدەدەگرێت کە لەلایەن کۆمەڵگە ناوخۆییەکانەوە گەشەیان پێ دراوە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەیران و زەبری دەروونی لە دەرەوەی چوارچێوەی پیشەیی.

بەم هۆیە، لە بەرنامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا، بێژمار هەلی ڕاهێنانی جۆراوجۆر بوونی هەیە، زۆربەیان بۆ کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕانی ناو کەرتی دەروونی-کۆمەڵایەتی داڕێژراون کە ڕاهێنەرانی نێودەوڵەتیش بانگهێشتکراون.

ڕێژەی ئەو چەمک و ڕێبازانەی لەم ڕاهێنانانەوە گواستراونەتەوە بەرفراوان و جیاوازن بەپێی ڕوانگە میتۆدۆلۆژی و چەمکییەکانی ڕێکخراوە ناحوکومییە جێبەجێکارەکان و ڕاهێنەرەکان: لە ڕێچکە دەروونی-کۆمەڵایەتییە هەمەلایەن و هەستیار بە تراوماکانەوە بیگرە، تا ڕێبازەکانی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی لەسەر تاک کە فۆرمێکی ڕۆژئاواییانەی وەرگرتووە، یان ئەو چارەسەرە ماوە کورتانەی بناغەیەکی بایۆلۆجی-دەمارییان هەیە وەک چارەسەریی ڕووبەڕووکردنەوە لەڕێگەی گێڕانەوەوە (نێت). گونجاندنی ئەمەی دواییان بۆ نێوکۆ نائارام و ناسەقامگیرەکان، بابەتێکی جێ مووناقەشە بووە لەنێوان توێژەر و پراکتیزەکارانی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی ڕۆژئاواییدا. (بۆ نموونە، بروانە موندت، وونشە، هاینز و پرۆس، ٢٠١١؛ ئۆتۆمایەر، ٢٠١١ئە، ٢٠١١ب)

ڕاهێنراوانی ناوخۆیی باس لەوە دەکەن زۆر جار فێرکارانی نێودەوڵەتی زانیاریی تەواویان لەسەر نێوکۆی ناوچەکە و دۆخی ئاڵۆزی توندوتیژی نییە. لەبەر هەندێش، بڕێک جار ناتوانن ئەو ئاستەنگە واقعییانە دەستنیشان بکەن کە ڕاهێنراوانی ناوخۆیی لە میانەی کارەکانیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، یان پێوەرگەلێک دادەنێن بەسەر هەلومەرجی کارکردنی ناوچەکەدا جێبەجێ نابێت. بۆ نموونە، داواکاری بۆ دانیشتنی تاکەکەسی تا تایبەتمەندی چارەخوازان بپارێزرێت، ڕەنگە لە کامپە قەرەباڵغەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان یان لەو بارودۆخانەی کۆنترۆڵی توندی خێزانی تێدایە؛ ئەوانەی داوای چارەسەریی دەکەن دەشێت پێیان باشتر بێت ئەندامێکی خێزانەکەیان وەکوو شایەتحاڵ لەگەڵیان بێت، زەحمەت بێت و دەست نەدا. ڕەنگە پێویست بکات دەست لە هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی ڕێنماییکاران بۆ ڕێنماییکارێکی دەروونی-کۆمەڵایەتی هەڵبگیردرێت، کاتێک ڕێنماییکارانی ناوخۆیی دەبێت لەهەمان کاتدا وەکوو ڕێنماییکاری دەروونی-کۆمەڵایەتی و یاساییش کار بکەن، بگرە لە دۆخە هەڕەشەئامێزەکاندا، دەبێت پۆلیس و دادگاش لەگەڵ چارەخوازەکەدا بەشداری پێ بکەن/بهێننە ناوەوە (مێنتجز، گروسەندۆرف و کەریم سالح، ٢٠١٩).

جیا لەوە، بەشداربووانی ڕاهێنانەکان باس لە ڕاهێنانگەلێک دەکەن کە زانیاریی و ناوەڕۆکی ناکۆک و دژیەکیان تێدایە. هەربۆیەش زۆرجاران تیا دەمێنن لە نێوان ئەو زانیارییە تەکنیکییە لێکجیاوازانەی پێیان دەوترێتەوە، و هێندەی تر سەریان لێ دەشێوێت کاتێک ئەو ڕێچکانەی لە ڕاهێنانەکاندا پێیان دەوترێتەوە هەر لە بنەڕەتەوە لێکجیاوازن، هەر بۆ نموونە نازانن کە ئایا دەبێت هانی ڕزگاربووانی توندوتیژی بدەن تا باس لە ئەزموونەکانیان بکەن، یان پێویستە پشتگیری لە بەرگەگری و توانای خۆگونجاندنیان بکەن تا ڕێگری بکەن لە مەترسیی تووشبوونەوەیان بە زەبری دەروونی، بەهۆی بەرکەوتنەوە بە ڕووداوێکی زەبراوی (ئیبید).

دۆشداماني بەشداربووان ئاماژە بە کێشەیەکی گشتیتر دەکات: ڕاهێنەران بە دەگمەن ئاماژە بەو قوتابخانە دەروونزانییە یان ئەو چوارچێوە چەمکییانە دەکەن کە بۆی دەگەڕێنەوە، یان باس لەو گریمانە بنچینەییانە دەکەن کە میتۆد و ڕێبازەکانیان هەیانە، یاخوود ئەو ناکۆکییانەی دەکرێت لە ڕێبازەکەدا هەبێت.

بۆ نموونە، چەمکی تراوما (زەبری دەروونی)، ئاڵۆزی و ڕەهەندی مێژوویی و سیاسی چەمکەکانی زەبری دەروونی: ناکۆکییەکانی ناو گفتوگۆی زەبری دەروونی لە نێوان ڕێبازە کلینیکییە تاک-تەوەرەوەییەکان لەلایەک، و ئەو ڕێبازانەی زیاتر نێوکۆیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە لەلایەکی ترەوە، بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و ناتەواوی دەگەنە هەرێمی کوردستان. هاوکارە ناوخۆییەکان بەر چەندین میتۆد و ئامرازی کاری زەبری دەروونی دەکەون، کە هەریەکەیان وەک 'باشترین و تەنها ڕێگە' پیشان دەدرێن، ئەمەش کاریگەری سەرلێتێکدەر و لاوازکەری دەبێت.

ڕاهێنداروان پێویستە هان بدرێن و بەتوانا بکرێن بۆ هەڵبژاردن و گونجاندنی ڕێبازێک یان لایەنەکانی چەند ڕێبازێک کە بە سوودگەیەنەری دەزانن بۆ کاری پراکتیکی خۆیان. ئەو ڕاهێنانانەی ڕێبازێکی دیاریکراوی دەستێوەردانی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەناسێنن دەبێت پێشەکییەک لەسەر پاشخانی ئاکاری، فەلسەفی، تیۆری و هاوکات لەگەڵ سەرەتا و سەرهەڵدانی ڕێبازە پەیوەندیدارەکان، لەخۆ بگرن. پتر لەوەش، بەها بنچینەییەکانی هەر ڕێبازێک، گریمانە و پێناسەکانی زەبری دەروونی و "قوتابخانە فیکرییە" ئەکادیمییەکانی پشتیان، باسبکرێت. بەتایبەتیش لە بارودۆخە ناکۆکەکاندا، کاتێک ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تێیدا ڕاهێنان پێشکەش دەکەن بە ڕێبازی جیاواز و زۆرجار دژ بەیەک. بۆیە پێویستە ڕاهێنراوەکان لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی پشت ڕێبازەکان تێبگەیەندرێن و ئەو ڕاستییەیان پێ نیشان بدرێت هەر ڕێبازێک کە دەخرێتە ڕوو تەنیا یەکێکە لە نێو ڕێبازە زەبەندەکانی نێو بواری فراوانی تیۆری و پراکتیکی دەروونزانی و زەبری دەروونی[٢٢].

**زۆرێک لەو ڕاهێنان و پرۆگرامەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی لێهاتوویی لە ژێر چەتری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا دەدرێن بە جێبەجێکارانی نێو بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ناوچە دوای-ناکۆکییەکانی وەک هەرێمی کوردستانی عێراق، جەخت دەکەنە سەر تیۆری و پراکتیکی ڕۆژئاوا و بۆ بارودۆخی ڕۆژئاوا گەشەپێدراون، و ناتوانن بارودۆخ و پێداویستییە تایبەتەکانی بەشداربووانی ناوخۆیی چارەسەر بکەن، و ڕێبازە گەشەپێدراوە بەنێوکۆکراوە ناوخۆییەکان بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، پەراوێز دەخەن؛ بەم جۆرە کۆمەڵێک ستاندارد و پراکتیکی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی دەخەنە ڕوو کە بەسەر بارودۆخی کاری ناوخۆییدا جێبەجێ نابن. دەرەنجام، باڵادەستی ئەو ڕێبازە زانستییانەی بۆ ڕۆژئاوا پەرەیان پێ دراوە بەسەر ڕاهێنانەکانی زەبری دەروونی بۆ جێبەجێکارانی ناوخۆیی دەبینرێت. مەیلێک هەیە بۆ پەراوێزخستنی مەعریفە و پراکتیکە ناوخۆییەکان، و بەتایبەتیش پشتگوێخستنی ستراتیجییە ناوخۆییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زەبری دەروونیدا و کارکردن لەگەڵ ئەو ڕزگاربووانەی بە شێوەیەکی ڕوون لە کەرتی پەروەردەی فەرمیدا دەرنەبردراون.**

**دوو جۆر لە لەنێوکۆ داماڵران/دابڕان (double de-contextualization) ڕوو دەدات لە گواستنەوەی مەعریفە و چەمکەکانی پەیوەست بە زەبری دەروونی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات:**

**بەنێوکۆنەکردنی مەعریفە و پراکتیکە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێوکۆی دیاریکراوی ناوخۆیی.**

**لە هەمان کاتدا، لە نێوکۆ دابڕاندنی خودی ئەو چەمکانەی دەگوازرێنەوە، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی جێگیربوونی مێژوویيان، گریمانە بنەڕەتییە پەروەندیدارەکان و ناکۆکییەکانی چواردەوریان.**

---

٢٢. دەزگای هاوکاریی نێودەوڵەتی ئەڵمانیا (٢٠١٩). پەیپەری ڕاسپاردە لەسەر ڕاهێنان و گەشەپێدانی توانا لە بواری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی. https://www.giz.de/en/downloads/giz-2019-en-recommendation-paper-on-training-and-capacity-development-in-MHPSS.pdf لاپەڕە ٤٨




# بەشی سێ

# ئینستیتیووتی مەستووره بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**٣. ئینستیتیووتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە  دەروونی  و کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق**

لە هەمبەر ئەو پێشینەوەیەی لەسەرەوەدا باسکرا و لەسەر بنەمای ئەزموونی کاری هاوبەشیان لە کەرتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمەڵێک لە ئەکادیمی و جێبەجێکاری کورد، ئەڵمانی و ئەفریقای باشوور لە ساڵی ٢٠٢٢ خڕبوونەوە بۆ دامەزراندنی ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە ەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەو کەسەی ناوی ئینستیتیووتەکەی لێوە وەرگیراوە___ مەستوورەی ئەردەڵان، شاعیر، نووسەر و مێژوونووس بوو___لە ساڵی ١٨٠٥ لە شاری سنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بووە. مەستوورە لە سلێمانی ژیاوە و کاری کردووە. ئەو یەکەم مێژوونووسی مێینەی سەدەی نۆزدەیەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەفراوانی ناسێنراوە.

ئینستیتیووتی مەستوورە، توێژەران، مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکاران و جێبەجێکارانی بواری کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، لەوانەش ئەو کارمەند/چالاکوانانەی لە بواری دەروونی-کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن بڕوانامەی ئەکادیمییان لە بوارەکەدا نییە، کۆدەکاتەوە. مەستوورە، ئامانجی دروستکردنی کەشێکە بۆ گفتوگۆ، بیرکردنەوە و توێژینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی تیۆر و پراکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.



**پەیکەری مەستوورە ئەردەڵان لە هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرچاوە**: ویکیمیدیا کۆمۆنز؛ مۆڵەتی داهێنەرانی گشتی CC٠

**ئامانجی ئینستتیوتی مەستوورە لە سەر ئاستی پراکتیکی**

* بەهێزکردن و بە سیستەمکردنی چەمک و پراکتیزە گەشەپێدراوە خۆجێیی و بەنێوکۆکراوەکانی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتییە

* باشترکردنی پەیوەندی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیک لە خوێندنی ئەکادیمی ناوخۆییدا

* بەشداریکردن لە گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پیشەیی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی گونجێنراوە بۆ کەسانی کاریگەربوو بە توندوتیژی، ئاوارەبوون، ناکۆکی و قەیران لە ناوچەکەدا.

**ئامانجی ئینستتیوتی مەستوورە لە سەر ئاستی ئەکادیمی**

* دامەزراندنی پلاتفۆرم بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی لەنێوان کۆنتێکستە جیاوازەکاندا

* بەهێزکردنی دیدگە و تێڕوانینە ناوخۆییەکانە لەو گفتوگۆ نێودەوڵەتییانەی لەسەر بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی دەکرێت، لە ڕێگەی دامەزراندنی پلاتفۆرم بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی.

* بەشداریکردن لە گفتوگۆ لەسەر سەربەخۆکردنی زانیاری و پراکتیکی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

توێژینەوە و ڕاهێنانە پێشکەشکراوەکان لە ئینستیتیوتەکەدا جەختێکی بەهێزیان لەسەر پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە، بنەما لەسەر کۆمەڵگە و خێزان بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی کردووەتەوە.

بەڵام، تێگەیشتنی پەیمانگاکە بۆ زانیاری بەنێوکۆکراوی ناوخۆیی تەنیا سنووردار نییە بەو چەمک و پراکتیزانەی بەتایبەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکی، بارودۆخی ‹کولتووری› یان ئایینی دیاریکراو یاخود توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرەیان پێ دراوە. بەڵکوو لەبری ئەوە، ئینستیتیوتەکە ئامانجی دروستکردنی کەشێکە بۆ بیرکردنەوە و گفتوگۆ لەسەر چەمکە فراوانترەکانی دەروونزانی، پارادایمە زانستییەکان، ناکۆکییەکان و هاوشێوەکانی لە بوارەکەدا. نموونەیەک لەمە گەشەپێدانی تێگەیشتنی خۆجێییە بۆ قوتابخانەکانی دەروونشیکاری، یان گفتوگۆ لەسەر تیۆرییەکانی پاش-داگیرکاری و چەمکە ئینتەرسێکشناڵیتی (Intersectionality). بەم شێوەیە ڕاهێنان، ئاڵوگۆڕ و توێژینەوەکان تەنها جەخت ناکەنەوە لەسەر میتۆد و ئامرازەکانی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، بەڵکوو گفتوگۆی چەمکی و باسکردنی بەها ئەخلاقییە بنەڕەتییەکان، گریمانە، دیدە جیهانییەکان و چەمکەکانی خودی میتۆد و ڕێبازەکانیش لەخۆدەگرن.

ئینستیتیوتەکە جەختێکی بەهێزی لەسەر ڕێگە داهێنەرانە و بنچینەییەکانە بۆ ئاسانکاری ڕاهێنان و سەرپەرشتیاری و توێژینەوە و چاودێری و هەڵسەنگاندن. هەروەها، بەشدارییپێکردنی جێبەجێکار و ئەکادیمستەکان لە کۆنفرانس و پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی زانستیدا. لێرە ڕێبازێکی کارلێکیانە، فرەلایەن/ڕەهەندی و فرەزمانی پەرەی پێ دەدرێت. سەرنج دەخرێتە سەر کەمکردنەوەی پلەبەندی لە نێوان ئەکادیمی و جێبەجێکاراندا و، لادانی بەربەستەکان لە دەستگەیشتن بە گفتوگۆی ئەکادیمی لە ڕێگەی پشتگیری لۆجستیکی بۆ بەشداربووان و جەختکردنەوە لەسەر زمانە ناوخۆییەکان.

ڕێبازی ئینستیتیوتی مەستوورە پێی وایە بیرکردنەوەی جیهانی بە هەمان ئەندازەی بیرکردنەوە لە ئاستەنگە تایبەتەکانی نێوکۆی کۆمەڵگەی کوردستان، گرنگە. هەوڵ دەدات بۆ تێکشکاندنی دواڵیزم/دووانەگەری نێوان مەعریفەی ڕۆژئاوایی و مەعریفەی خۆجێیی یان ڕەسەن (Indigenous Knowledge)، بەوەی بە ئاگایی و وردییەوە چەمک و گریمانە هاوبەش و جیاوازەکانیان ڕوون بکاتەوە و بە شوێن لێکچوونەکاندا بگەڕێت لەبری جیاوازییەکان، وەکچۆن بەوریاییەوە لە جیاوازی نێوان کولتوور و نێوکۆ بدوێت.

ئامانجی بیرکردنەوەی وردە لەسەر ئەوەی کام ڕێباز و پراکتیزانە کاریگەرن لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتیدا، و کامیان کەمتر سەرکەوتوون لە نێوکۆی کوردیدا. هەروەها، هانی توێژەران و جێبەجێکارانی کورد دەدات بۆ بە سیستەماتیککردنی ڕێباز و پراکتیزەکانی خۆیان و هاوبەشی پێکردن و بەستنەوەیان بە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکانەوە لە کەرتی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا.

بۆ ئەم مەبەستە، دەستەی ئینستیتیوتی مەستووره تیمێکی ناوخۆ و جیهانیی (Glo-cal) پێکهێناوە. ئەکادیمی و جێبەجێکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەڵمانیا و ئەفریقای باشوور، کە نوێنەرایەتی پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان دەکەن، بە شێوەیەکی هاوبەش گفتوگۆ، وۆرکشۆپ و سیمینارەکانیان ڕێکخستووە بە بەکارهێنانی ڕێگەی داهێنەرانە، نوێگەرانە و بنچینەیی بۆ ئاسانکاری و فێربوون.

بەم شێوەیە، ئینستیتیوتەکە نەک تەنها بەشداری دەکات لە زیادکردنی توانا ناوخۆییەکان لە بواری دەروونی-کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو لە گفتوگۆ فراوانترەکانیش دەربارەی پلەبەندی، پەیوەندییەکانی هێز و میکانیزمەکانی داگیرکاری لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی مەعریفەی ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات و باکوور-باشوور بەشدار دەبێت. هەوڵ دەدات سەربەخۆکردنی مەعریفە بخاتە بواری کردارییەوە، و ڕێبازێک بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدات کە هەم ڕێبازە جیهانییەکان و هەم ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی جێبەجێکارانی ناوخۆیی لە بواری دەروونی-کۆمەڵایەتیدا لەخۆبگرێت.

ئەم پەیپەرە پشت دەبەستێت بە زنجیرەیەک وۆرکشۆپ لەسەر "بەنێوکۆکردنی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی" لە ئینستیتیوتی مەستووره لەگەڵ وۆرکشۆپە دوو هەفتەییەکان کە بۆ بەردەنگێکی فراوانتری توێژەران، جێبەجێکاران و خوێندکارانی بەشەکانی کاری کۆمەڵایەتی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەچووە.




## بەشی چوار

# چ مەعریفەیەك؟
# هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە چەمکییەکان

## ٤. چ مەعریفەیەک؟
هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە چەمکییەکان (Unpacking Conceptual Frameworks)

کاتێک دەستمان بە ئاڵوگۆڕی زانیاری نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان کرد، بۆمان دەرکەوت ئەسڵەن پێش ئەوەی دەست بکەین بە هەڵوەشاندنەوەی چەمکە دیاریکراوە دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان و بیرکردنەوە لە ڕادەی بەکەڵکێتیان لە بارودۆخەکەماندا، دەبا بیر لە پرسیارە بنەڕەتیترەکان بکەینەوە وەکوو:

* چی بە مەعریفە دادەنێین؟
* بۆ چ چوارچێوەگەلێک دەگەڕێینەوە کاتێک قسە لەسەر زەبری دەروونی، پراکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتی یان دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی دەکەین؟
* بەدیاریکراوی مەبەستمان چییە کاتێک باسی داگیرکاری و سەربەخۆکردن دەکەین؟
* چی بە مەعریفە و پراکتیزەی خۆجێیی ناو دەبەین؟

لە پەرەگرافی دواتردا هەندێک بیرکردنەوەی بنەڕەتی دەخەینەڕوو کە لە ئاڵوگۆڕەکەمانەوە وەدەست خراون.

### ٤.١ مەعریفە چییە؟
مەعریفە تا هەنووکە وەک شتێکی بابەتی، شتێکی متمانەپێکراو و بەدەر لە تێڕوانینە کەسییەکان دەبینرێت، و بەزۆری پەیوەستە بە بانگەشەی ڕاستییەوە.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە مەعریفە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم (لە وشەی فەرەنسی positif ەوە وەرگیراوە، واتە بەسەر مێشکدا سەپێنراو لە ڕێگەی ئەزموونەوە)، کە لەلایەن فەیلەسوف و بیرکاریزانی فەرەنسی، ئۆگوست کۆمتەوە (١٧٩٨-١٨٥٧) داڕێژراوە. پارادایمی توێژینەوەی پۆزیتیڤیستی ئەوە بە زانستی دادەنێت کە دەکرێت ڕاستەوخۆ تێبینی بکرێت و بپێورێت. بەم تێگەیشتنە، ڕۆڵی توێژینەوەی زانستی تێبینیکردن و پێوانی نەخشە دووبارەبووەکانە لە واقیعە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا و بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستییە بە پشتبەستن بە بەڵگە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە، پێوەر و کۆکردنەوەی داتا؛ لەگەڵ پەراوێزخستنی هەڵسەنگاندنە ئایینی، مێتافیزیکی یان ئەخلاقییەکان. پۆزیتیڤیزم لەسەر بنەمای ئەو "ڕێسا و ڕێبازە ئۆنتۆلۆجییەیە کە پێی وایە ڕاستی و واقیع/کەتوار ئازاد و سەربەخۆیە لە بینەر و تێبینیکار" (ئالیو و هاوکاران، ٢٠١٤).

ئەمڕۆ، ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە مەعریفە و زانست توندترین شێوەی خۆی لە چەمکی نیۆلیبراڵی کۆمەڵگەی زانیاریدا دەبینێتەوە، کە مەعریفەی زانستی وەکوو ئامرازێکی سەرەکی لە کۆنترۆڵی مرۆیی بەسەر سروشت، نوێگەری ئابووری و زیادکردنی بەرهەمهێناندا دەبینێت. گەشبینی پێشکەوتن لەم چەمکە نۆرماتیڤەدا بوونی هەیە، هەروەکوو پێناسەی 'گەشەپێدان' لە ڕوانگەی سەرمایەدارییەوە، و دیاریکردنی پەیوەندیدار بۆ 'کەموکوڕییەکانی گەشەپێدان' لە وڵاتە کەمتر پێشەسازییەکاندا[٢٣].

هەر لە ساڵانی ١٩٦٠ـەکانەوە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە نۆرماتیڤە خراوەتە بەر پرسیار و ڕەخنەی لێ گیراوە لەلایەن مرۆڤناسە کۆمەڵایەتییەکان و بیرمەندانی پۆست-ستراکچەراڵیزم و پاش داگیرکارییەوە. ئەوان بانگەشە

٢٣. بۆ وەسفێکی وردتر و ڕەخنەگرتن لە چەمکەکە، سەیری پەیپەری مەعریفە و سیستەمی کۆمەڵایەتی – مەعریفە و سیستەمی کۆمەڵایەتی بکە لەلایەن گرووپێکی توێژینەوە لە زانکۆی هامبۆڵتی بەرلین، (گرووپی نووسەران ٢٠١٠).

پەیوەندیدارەکان بە بابەتێتی و ڕاستی دەخەنە ژێر پرسیار و، لە جیاتی ئەوە ئاماژە بە سیستەمە فرەجۆرەکانی مەعریفە و جێگیربوونی مەعریفە لە نێوکۆ مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکاندا دەکەن. هەروەها، جەخت لەسەر تێگەیشتن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەکەنەوە. پتر لەمانەش، ڕەخنە لە دیدی کورتبینانەی مەعریفە، وەکوو مەعریفەی زانستی دەگرن، کە فۆرمەکانی تری مەعریفەی بنیاتنراو لەسەر نەریت، ئەزموون، جەستە و هەستەکان پشتگوێ دەخات. سەرەنجام، چەمکی پراکتیزەکانی مەعریفەیان داهێناوە، کە جەخت لەسەر سروشتی پرۆسەیی زانیاری دەکاتەوە.

مرۆڤناسی کۆمەڵایەتیی نەرویجی فرێدریک بارت لە ساڵانی ١٩٥٠ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد کە لەوێ توێژینەوەی لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەکرد (بارت ١٩٥٣). بارت مەعریفەی بەمجۆرە پێناسە کرد «ئەوەی کەسێک بەکاری دەهێنێت بۆ ڕاڤەکردن و کارکردن لەسەر جیهان» (بارت، ٢٠٠٢، ل. ١، وەرگیراو لە ئۆتۆرینئکۆلکتیڤ ٢٠١٠، ل. ٨).

تێڕوانینی ئەو بۆ مەعریفە بەتەنها زانیاری ناگرێتەوە، بەڵکوو هەست و لێهاتوویی و توانا و زمانیش لەخۆدەگرێت؛ جەخت لەسەر ڕەگداکووتانی مەعریفە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکاتەوە. ئەنتۆنی گیدنزیش (١٩٨٤) زانیاری وەک کارابوون پێناسە دەکات.

> **«مەعریفە ئەوەیە کەسێک بەکاری دەهێنێت بۆ ڕاڤەکردن و کارکردن لەسەر جیهان»**
>
> **فرێدریک بارت**

لەبەر ڕۆشنایی باسەکانی سەرەوەدا، هەوڵەکانی بەنێوکۆکردن پێویستیان بە پرسیارکردنی بنەڕەتیتر و زیاتر هەیە کە ئایا ئەوە چ مەعریفەیەکە ئێمە پشتی پێ دەبەستین. پێویستە ئاماژە بە ڕەگداکووتانی مێژوویی سیستەمەکانی مەعریفە، زاڵبوونی جیهانیی مەعریفەی ئەورووپا-سەنتەر و ڕۆژئاوایی، پەیوەندی نێوان مەعریفە و هێز، و بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی هێز، میکانیزمەکانی داگیرکاری، و لایەنە کۆنترۆڵکەر و ڕێکخەرەکان لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مەعریفەدا، بکەین.

پرسیاری 'چ مەعریفەیەک پێویستە بۆ پراکتیزەیەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی مانادار لە کۆمەڵگەیەکی دووچار-داگیرکراو و پڕ لە ناکۆکی کوردیدا؟' ناکرێت کەم بکرێتەوە بۆ 'چ مەعریفەیەک؟' بە تەنها. دەبێت پرسیارگەلی وەکوو 'کێ دەتوانێت قسە بکات؟'، 'مەعریفە و ئەزموونی کێ گوێی لێ دەگیرێت؟'، 'کێ مەعریفە بەرهەم دەهێنێت؟' و 'چۆن ئێمە، وەکوو ئەکادیمی و جێبەجێکار لە نێوکۆکانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، باکوور و باشوورەوە، دەگەینە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕ و فێربوونی دووقۆڵی بەبێ ئەوەی دووبارە پلەبەندی بەرهەمبهێنینەوە؟' وەڵام بدرێنەوە.

بەم شێوەیە، بە پشتبەستن بە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان لەسەر ڕێگەکانی نەهێشتنی داگیرکاری لە بەرهەمهێنانی مەعریفە، ئەو ئاڵوگۆڕە بان-نەتەوەیی و فرە-نێوکۆیییەی لە ئینستیتیوتی مەستوورە ڕێکخرابوو، ئامانجی شێوەدانێکی زیاتر بوو بە مانای ڕێبازی سەربەخۆکردنی مەعریفە لە تیۆری و پراکتیکی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی، و بیرکردنەوە لەوەی چۆن دەتوانین ئەم ڕێبازی سەربەخۆکردنە بخەینە بواری کردارییەوە.

ئێمە لێرەدا مەعریفە وەک شتێک تێدەگەین کە زادە و شێوەپێدراوە لەلایەن نێوکۆ کۆمەڵایەتی-ئابووری، سیاسی، و کولتوورییەکانەوە، و دەرەنجامی پەیوەندی و پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها، بە بەرژەوەندی و پەیوەندی دەسەڵاتیی جیاواز کاری تێ دەکرێت.
هەربۆیە، قسەکردن لەبارەی بەنێوکۆکردنەوە، ناکرێت تەنیا لە گونجاندنی مەعریفەی ڕۆژئاوایی لەگەڵ نێوکۆی ناوخۆییدا سنوردار بکرێت. پێویستی بە بیرکردنەوەی هەموو تاقمەکان هەیە لە دەستەی (ئەکادیمیستەکان، جێبەجێکارانی ڕۆژئاوایی، و ناوخۆیی) لەسەر لایەنەکانی وەکوو ئەو مەعریفە پەیوەندیدارانەی هەیانە، گریمانە پەیوەندیدارەکانیان، پەیوەندییە دەسەڵاتییەکانیان، و میکانیزمەکانیان لەسەر ‹نامۆکردن/ئەوانی تر› (Othering).

**٤.٢ بەرەنگاربوونەوەی پارادایمە پۆزەتیڤیستییەکان - ناساندنی چەمکەکانی دەروونزانیی ڕەخنەگرانە**

لە ماوەی گفتوگۆکانماندا، بەشداربووان ڕەخنەی خۆیان لە زاڵبوونی ڕێبازی باوەڕ داشکێنەرانەی (Reductionist) پارادایمە پۆزەتیڤیستییەکان و میتۆدۆلۆجییە چەندایەتییەکان لە کەرتی پەروەردەی ئەکادیمی کوردیدا دەربڕی. شیکردنەوەیەکی میتا لەلایەن حەمەسەعید (٢٠٢٤) نیشانی دا کە ٦٧٪ ی نامە دکتۆراکان لە بەشەکانی کۆمەڵناسی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق پشت بە چەمکە پۆزەتیڤیستییەکان و میتۆدۆلۆژییە چەندایەتییەکان دەبەستن، هاوکات لەگەڵ پەراوێزخستنی ڕێکارە دیاردەناسییەکان و میتۆدە چۆنایەتییەکان.
بۆمان دەرکەوت، وەکوو زۆرێک لە گفتوگۆکانی تری سەربەخۆکردنی مەعریفە، ڕەخنەی هاوکارە خۆجێییەکان لە زانستی ڕۆژئاوایی بە توندی تێکەڵ بووە بە ڕەخنەیەک لە چوارچێوە و میتۆدە زانستییە پۆزەتیڤیستییەکان و، بەتایبەتیش لە دەروونزانیدا، ڕەخنەیەک لە چەمکە بایۆمێدیکاڵ، کلینیکی، و تاک-تەوەرەکانی فشاری دەروونی و زەبری دەروونی وساڕێژبوونەوە. بەم شێوەیە، مەعریفەی ڕۆژئاوایی زۆربەی جار یەکسان دەکرێت بە مەعریفەی پۆزەتیڤیستی.
زیادبوونی ڕێبازە پۆزەتیڤیستییەکان لە سیستەمی پەروەردەی خۆجێیی، هاوڕێ لەگەڵ زاڵبوونی ڕێبازە تاک-تەوەر و کلینیکییەکان لە پرۆژە و ڕاهێنانە نێودەوڵەتییە پشتگیریکراوەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، پێکرا بەشدارن لەم تێڕوانینە تەسکە بۆ مەعریفەی ڕۆژئاوایی.
بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تێڕوانینە، هەنگاوێکی گرنگ لە پرۆسەی ڕامانەکەدا ناساندن و گفتوگۆکردن بووە لەسەر چەمکە جێگرەوە دەروونزانی و دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان کە لەڕووی دیاردەناسی، ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە گونجێنراون لە نێوکۆکانی جیهانی باکور و لە کۆنتێکستەکانی تری جیهانی باشور (بۆ نموونە، دەروونزانی ڕەخنەگرانە و دەروونزانی ڕزگاریی ئەمریکای لاتینی). هەروابێتەوە، ئەم پرۆسەیە شیکردنەوەی ناکۆکییە بەردەوامەکان لە دەروونزانیدا دەگرێتەوە، وەک گرژی نێوان ڕێبازە تاک-تەوەرە کلینیکییەکان بۆ زەبری دەروونی، نارەحەتی دەروونی، و ساڕێژبوونەوە لە لایەکەوە، و ئەو ڕێبازانەی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی گونجێنراون لە لایەکی ترەوە.
سەرنجێکی زۆر لە وۆرکشۆپەکاندا درا بە ناساندن و گفتوگۆکردن لەسەر ڕوانگە ڕەخنەگرانەکان لە هەمبەر بایەخی کلینیکی زاڵ لە دەروونزانیدا و سیستەمی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن نەخۆشی، و ناساندنی ڕێبازی جێگرەوە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گونجێنراوترن بۆ فشار، زەبری دەروونی و ساڕێژبوونەوە لە نێوکۆ جیاوازەکاندا.

هاوکارێکی باشووری ئەفریقا نێوکۆی باشووری ئەفریقای ناساند و باسی لەوە کرد چۆن ئەو و هاوکارەکانی لە ڕێکخراوی ناحوکومی خۆجێیی "سینانی - پرۆگرامی کوازولو-ناتالی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی" گرفتیان هەبووە لەگەڵ چەمکە کلینیکییە ڕۆژئاواییەکان بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی، دەرکەوت ئەم چەمکانە لە کارەکەیاندا لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی لە کۆمەڵگە دێهاتییە پرکێشەکانی باشووری ئەفریقادا پیادە ناکرێن.

لە بری ئەوە، دەستیان کرد بە بنیاتنان لەسەر چەمکی ئەفریقی ئوبونتو. ڕستەیەک بە زمانی زولو و خۆسا، دوو لە یازدە زمانە فەرمییەکەی باشووری ئەفریقا، دەڵێت 'ئومنتو نگومتو نگابانتو' و دەکرێت وەربگێڕدرێت بۆ "من هەم چونکە ئێمە هەین" یان "کەسێک بەهۆی کەسانی ترەوە کەسە."

ئوبونتو وەسفی یەکییەتی مرۆڤایەتی و پەیوەندیی بەتین لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا دەکات: لە نێوان ئازادی و گەشەسەندنی تاکەکەسی، و گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە. ئوبونتو جەخت لەسەر شکۆمەندی و متمانە و ڕێز دەکاتەوە وەکوو بەهای سەرەکی بۆ کۆمەڵگەی بەهێز. هەروەها، بەردەوامی ژیان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی زیندوو لەگەڵ باب و باپیران و ئەو کەسانەی کۆچی دواییان کردووە لەخۆ دەگرێت.



**«لە ئەفریقا، چەمکێک هەیە بە ناوی ‹ئوبونتو›– ئەو هەستە قووڵەی کە ئێمە تەنیا لەڕێگەی مرۆڤایەتی کەسانی ترەوە دەبین بە مرۆڤ؛ واتا گەر بڕیار بێت هەر شتێک لەم جیهانەدا بەدەست بهێنین، بەهەمان ڕادە بەهۆی کار و بەدەستهێنانەکانی کەسانی دییەوە دەبێت.»**

**ماندێلا لە ستێنگێل و ماندێلادا، ٢٠٠٩**

لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە لە تاک و کۆمەڵ، هاوکارەکانی باشووری ئەفریقا جەختیان لەسەر گەڕاندنەوەی ڕێز و شکۆمەندی وەکوو بەشێک لە چاکبوونەوەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی کردەوە؛ پتر، ڕێوڕەسمە نەریتییەکانی پاککردنەوەشیان (Traditional Cleansing) خستە نێو پراکتیکە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکانیان. سیمینارەکە هانی گفتوگۆی چڕی دا لەسەر چۆنییەتی تێکەڵکردنی ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە نەریتییانە بەبێ ڕەوایەتیدان و بەهێزکردنی پێکهاتە نەریتییەکان.

لە دانیشتنەکانی تری وۆرکشۆپەکەدا، پەرەسەندنی مێژوویی چەمکی زەبری دەروونی و ناکۆکییەکانی دەوروبەری ناسێنرا (بڕوانە بەشی ٤.٤) و گفتوگۆی لەبارەوە کرا، بەتایبەت لە سۆنگەی نموونەی ڕزگاربووانی ئەنفالەوە.

ڕیشە و مێژوویی ڕێبازە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان لە ئەوروپا وەکوو بزوتنەوەی دژە-دەروونپزیشکی سالانی ١٩٧٠/١٩٨٠ ناسێنرا، لەگەڵ تیۆری و پراکتیکی پەروەردە و دەروونزانی ڕزگاری ئەمریکای لاتینی (فرێرە، ١٩٧٠؛ مارتین-بارۆ، ١٩٩٠).

بەشداربووان ئەم جۆرە ڕامانە ڕەخنەگرانانەی لە ماوەی وۆرکشۆپەکاندا بەرقەرار بوون، وەکوو ئەزموونی سەرەکی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردارە ڕۆژانەکانیان لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتیدا هەیە، ناوزەند کرد. بۆ نموونە:

- ڕامان لەوەی ئاسایی بوون چییە و چی بە (دەروون)ساغی و نەخۆشیی (دەروونی) دادەنرێت.
- پەیوەندی لەنێوان ئازار و مەینەتی تاک و، نێوکۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی-ئابووری.
- کاریگەری ڕێتێچووی بەنەخۆشدانان لەسەر دەستنیشانکردنە بەربڵاوەکان بۆ ڕزگاربووانی زەبری دەروونیی پاش توندوتیژی

بە تایبەتتر بۆ کۆمەڵگەی کوردی، کە چەندین نەوەی خەڵکەکەی بە قۆناغی توندوتیژی و وێرانکاری و ئاوارەبوونی فرە و سەختدا تێپەڕیون؛ بەجددی باس لەوە کرا کە چۆن ڕێبازە کلینیکییەکان بۆ زەبری دەروونی دەشێت ببنە هۆی دەستنیشانکردنی تەواوی دانیشتووانەکە وەکوو زەبربەرکەوتوو، بەمەش ئەوان لە بکەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەکرێن بە ‹نەخۆش›.

**«فێر بووم هەموو ناساغێتییەک بە نەخۆشی نەبینم، و بیر لە تاکەکەس بکەمەوە وەکوو ئەوەی لە نێوکۆیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژی»**
**بەشداربوویەکی وۆرکشۆپ.**

لەمیانی گفتوگۆکانماندا ویستێکی بەهێز لە بەشداربووواندا بەدی دەکرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی زاڵبوونی چوارچێوە زانستییە پۆزەتیڤیستەکان و مێتۆدۆلۆژیە چەندایەتییە پەیوەندیدارەکان لە کەرتی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا و، کارکردن بەرەو گۆڕانێکی پارادایمی کە ڕێبازە دیاردەناسییەکان لە تاوتوێکردنی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەکەدا بەهێز دەکات.

**گفتوگۆ دژە-داگیرکارییەکان زۆرجار مەیلیان هەیە بۆ یەکسانکردنی مەعریفەی ڕۆژئاوایی بە مەعریفەی پۆزەتیڤیستی و جەختکردنەوە بایۆمێدیکاڵ و کلینیکییەکان لە دەروونزانیدا.**
**بەم شێوەیە، لە پاڵ پێویستی بە دووبارە دۆزینەوە و بەهێزکردنی مەعریفەی خۆجێیی، پێویستییەکیش هەیە بۆ دۆزینەوەی دەوڵەمەندی و ناکۆکییەکانی ناو هەردوو مەعریفەی جیهانی باکوور و باشوور، بەتایبەتی ڕێبازە دیاردەناسییەکان و مێتۆدەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی پەیوەندیدار.**
**دەروونزانی ڕەخنەگرانە کۆمەڵێک بیرکردنەوەی گرنگی بۆ دەستەبەرکردین لەسەر مەیلی بە نەخۆش دانانی خەڵکی بەهۆی کاردانەوەکانیان بۆ سەختی و نەهامەتی، بەتایبەت لەڕێی لیستی نیشانە و کۆنیشانەکان، لەجێی شیکردنەوەی هۆکارەکانی نارەحەتی دەروونی. دەرکەوت ئەم ڕێگەیە یارمەتیدەرە لەو نێوکۆیانەی تێیاندا بەرکەوتنێکی زۆر هەیە بە سەختی لەڕادەبەدەر، کە پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەشێت لەچوارچێوەگرتنەوەی نەخۆشی و قوربانیبوون لەخۆ بگرێت هاوشێوەی ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی تاکەکان وەکوو بکەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گۆڕانکاری. ئەمە ئامانجی دەستنیشانکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی ئازارچەشتن و دووبارە پەیوەندیبەستنەوە لەگەڵ بەشە بێ مافکراوەکانی خود و کۆمەڵگەیە.**
**هەوڵی هاوبەش پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زاڵبوونی چەمکە پۆزەتیڤیستییەکان و کارکردن بەرەو گۆڕانێکی پارادایمی لە پەروەردەی ئەکادیمیدا کە ڕێبازە دیاردەناسییەکان بەهێز بکات بۆ تێگەیشتن لە واقیعە ناوخۆییەکان و پەرەپێدانی ستراتیجی بەنێوکۆکراوی خۆماڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.**

### ٤.٣ میتۆد-زانیی توێژینەوە

هەر پەیوەندیدار بە باسەکانی پێشترەوە، پێویستییەک هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەپێشترداناانی میتۆدۆلۆژی چەندایەتی لە نێوکۆی ئەکادیمی کوردیدا، کە زۆرجار هاوکاتە لەگەڵ کەمکردنەوەی بەهای توێژینەوەی چۆنایەتی، دیاردەناسی و دانانی وەکوو میتۆدێکی ‹نا-زانستی› و نەبەستراو بە بەڵگەوە. لە بری ئەوە، هەوڵەکان دەبێت سەرنج بخەنە سەر هاندانی گەشەپێدانی میتودۆلۆجی چۆنایەتیی بەنێوکۆکراو.

لە گفتوگۆکانماندا باس لەوەش کرا کە وابەستەکردنی چەندبارەبووەوەی توێژینەوەی بناغەگرتوو لەسەر بەڵگە بە توێژینەوەی چەندایەتییەوە شتێکی چەواشەکارانە و ڕاستی-شێوێنە و، بڕێکجار خۆشمان بەشدار دەبین لە بەرهەمهێنانەوەیدا.

وەکوو هەر شتێکی تر، توێژینەوەی چۆنایەتیش پێویستی بە بناغەیەکی بەهێزی داتا و چوارچێوەیەکی ڕوونی میتودۆلۆجی و بەڵگە هەیە - بەبێ ئەوە، تەنها مەزەندە دەکەین.

هەربۆیە پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ ئێمە میتۆدی چۆنایەتی، چەندایەتی، یان تێکەڵاو بەکاربهێنین. بەڵکوو، بابەتەکە زیاتر چۆنییەتی دوورکەوتنەوەیە لە مۆدێلی ڕووتی بایۆمێدیکاڵ و کلینیکی بۆ تێگەیشتن و 'پێوانەکردن'ی ئازارچەشتن، بەرەو گەشەپێدانی چوارچێوەیەکی میتودۆلۆجی کە بۆ نێوکۆ و تاک گونجێنراوە و، مرۆڤ و ڕزگاربووی کردووە بە سەنتەر، بۆ تێگەیشتن لە ئاستەنگە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.

هاوکارە کوردەکان پێداگرانە داوای ڕاهێنانیان کرد لە میتۆدە چۆنایەتییەکاندا. بۆ خۆلادان لە دووبارەکردنەوەی هاوردەکردنی میتۆدۆلۆجی چۆنایەتی لە نێوکۆ ڕۆژئاواییەکانەوە، پێشنیاز کرا توێژەرانی کورد و نێودەوڵەتی پێکەوە بەشداری بکەن لە پرۆژە توێژینەوە بەرجەستەکان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییە تایبەتەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە پرۆسەی توێژینەوەکەدا میتۆدی هەستیار بە نێوکۆ (Contextual Sensitive Method)، کە بۆ پرسیاری توێژینەوەی دیاریکراو گونجێنراوە، پەرە پێ بدەن.

**هەوڵی هاوبەش پێویستە بۆ ڕاگرتنی زاڵبوونی میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندایەتی لە پەروەردەی ئەکادیمی کوردی و کۆمەڵگەدا، و کەمکردنەوەی بەهای پەیوەندیداری توێژینەوەی چۆنایەتی. لە پرۆژە هاوبەشەکانی توێژینەوە لەسەر دیاردە دەروونی، دەروونی-کۆمەڵایەتی، و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، سەرنج دەبێت بدرێتە سەر ڕامانی قووڵ لەسەر گەشەپێدانی میتۆدی نوێ و تایبەت دروستکراو.**

### ٤.٤ چ مەعریفەیەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی؟

لە ماوەی وۆرکشۆپەکانماندا، هەوڵماندا ئەو چەمک و چوارچێوانە هەڵبوەشێنینەوە کە ڕۆژانە بەردەوام ئاماژەیان پێ دەکەین و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. پێکەوە ڕوانینێکی قووڵترمان گرتە ڕەگە مێژووییەکانی تیۆری و پراکتیکی دەروونی-کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی چەمکەکانی زەبری دەروونی و ناکۆکییەکانی چواردەوری، و پەرەسەندنی تێگەیشتنێکی بەرفراوانتر لە پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، و لە کۆتاییشدا پەرەسەندنی چەمکی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی. ئەمەمان کرد بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە تیۆری و پراکتیکی دەروونی-کۆمەڵایەتی. لەم پەرەگرافەدا بە کورتی ئاماژە بەو چەمکە جۆراوجۆرانە دەکەین لە وۆرکشۆپەکانماندا دەستمان خستنە سەر.

### ٤.٤.١ چەمکی زەبری دەروونی

لەگەڵ ئەوەی چەمکەکان بۆ تێگەیشتن لە نارەحەتی سۆزەکی خەڵک و ڕێبازەکان بۆ چاکبوونەوەی دەروونی لەمێژینەن، چەمکی زەبری دەروونی تاڕادەیەک نوێیە، و مێژووەکەی بە توندی گرێدراوە بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە.

زەبری دەروونی تەنها چەمکێکی دەروونی نییە. بەڵکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەزموونە دەرەکییەکانی وەکوو شەڕ و شەڕانگێزی و توندوتیژی، و کارەساتەوە هەیە کە دەبنە مایەی ئازارچەشتنی دەروونی خەڵکی. بۆیەش، بەقووڵی دەست دەخاتە سەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکارییەکان، و توند دەچێتە ناو ترسە بنەڕەتییەکان و گێژاوی بێ بنی سروشتی مرۆڤ (هێرمان، ١٩٩٢).

لە ڕاستیدا، خودی پەیوەندی نێوان ڕووداوە دەرەکییەکانی شۆک و توندوتیژی، و کاردانەوەی دەروونی بۆ ئەم ڕووداوانە لەلایەن تاکەکەسە کاریگەربووەکانەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئەکادیمیا و کۆمەڵگەدا مشتومڕی لەسەر کراوە. بۆ نموونە، بۆ چەندین ساڵ دوای کۆتاییهاتنی دیکتاتۆریەتی نازی لە ئەڵمانیا، ڕزگاربووە جوولەکەکانی هۆلۆکۆست، کە داوای خانەنشینی و خزمەتگوزاری پزیشکی، یان دەروونییان دەکرد، دەبووایە تاک بە تاکیان بیسەلمێنن کە ئازارچەشتن و نارەحەتی دەروونییان پەیوەندی بە بۆماوەیی جینی یان ڕووداوەکانی منداڵییەوە نەبووە، بەڵکوو پەیوەندی بە دەستبەسەرکردنیان لە کەمپی زۆرەملێی نازی و لەدەستدانی چەندین ئەندامی خێزانەکانیانەوە هەبووە (ئایسلەر، ١٩٥٨).

لە ساڵی ١٩٨٠، دواجار چەمکی زەبری دەروونی چووە ناو ڕێبەری دەستنیشانکردن و ئاماری پەشێوییە دەروونییەکان (DSM) ی کۆمەڵەی دەروونپزیشکی ئەمریکی (APA)[٢٤] و دوو ساڵ دواتر لە پۆلێنکردنی ئاماری نێودەوڵەتی نەخۆشییەکان و کێشە تەندروستییە پەیوەندیدارەکان (ICD)ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی[٢٥] دەرکەوت لەژێر ناوی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD).

چەمکی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی، ئاماژە بە تیۆری ستریس دەکات و زەبری دەروونی وەکوو کاردانەوەیەک بۆ ڕووداو یان بارودۆخی کارەساتئامێز پێناسە دەکات، لە وێنەی کارەسات و شەڕ و توندوتیژی و لەدەستدانی کتوپڕ، یان ڕووداوەکانی هاتوچۆ. کۆمەڵێک نیشانە باس دەکات وەک هەستیاری زۆر/وروژانی زۆر، ئامادەباشی زۆر و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و تێکچوونی خەو، هەروەها، دیاردەکانی بیرەوەری وەکوو خۆدوورگرتن لە بارودۆخی پەیوەندیدار بە ڕووداوی زەبرەکە، هاوکات کەسەکە بە هەستی دووبارەژیانەوە لەنێو ڕووداوەکە، یادەوەری خۆهەڵقورتێنەر و خەونی ناخۆش گەمارۆ دەدرێت.

زیادبوونی کۆنیشانەی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی بۆ ناو کتێبە پزیشکییەکانی دەستنیشانکردن، دەستکەوتێکی گەورە بووە لە ڕووی دانانان بە برینە دەروونییەکانی دوای توندوتیژی و شەڕ و دوژمنکاری. ئەم دەستنیشانکردنە دەرگای بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی توندوتیژییان بەسەرهاتووە کردۆتەوە تاکو داوای خانەنشینی بکەن، پشتگیری دەروونی و پزیشکی وەربگرن، و تاوانباران بدەنە دادگا.

لەو دەمەڕا کە ناسێنراوە، چەمکی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی بووەتە پارادایمی باڵادەست لە مامەڵەکردن لەگەڵ زەبری دەروونیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی و

---

٢٤. کۆمەڵەی دەروونپزیشکی ئەمریکی (١٩٨٠). ڕێبەری دیاریکردن و ئاماری تێکچوونە دەروونییەکان (چاپی سێیەم). واشنتن، دی.سی: کۆمەڵەی دەروونپزیشکی ئەمریکی.

٢٥. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی. (١٩٩٢). پۆلێنکردنی ئاماری نێودەوڵەتی نەخۆشییەکان و کێشە تەندروستییە پەیوەندیدارەکان.

شێوازەکانی چارەسەری تاک-سەنتەری پەیوەندیدار بەر ڕەخنەی فراوان کەوتوون، بەتایبەتی لەلایەن ئەو جێبەجێکارە نێودەوڵەتییانەی لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژیی مرۆڤکردی وەک شەڕ و ئەشکەنجە و بەندکردن و دەستدرێژی و ئازاری سێکسی، مامەڵە دەکەن. ڕەخنەکان بریتین لەوەی ئەم چەمک و ڕێبازانە زەبری دەروونی کورت دەکەنەوە بۆ لیستێک نیشانە، و وەکوو ئەزموونێکی تاکەکەسی لێی دەڕوانن، لەکاتێکدا لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی پەراوێز دەخەن، و دەرەنجام ڕزگاربووانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەبڕن لە چێوارچوێەی ئەزموونەکانیان و، بە نەخۆش نیشانیان دەدەن.

چەندین چەمکی جێگرەوە بۆ زەبری دەروونی سەریان هەڵداوە کە زەبری دەروونی تەنها وەک ئەزموونێکی تاکەکەسی نابینن، بگرە وەک ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش لێی دەڕوانن، و جەخت دەکەنەوە لەسەر سروشتی پرۆسە و داینامیکی زەبربەرکەوتن. لە کارەکەیدا لەگەڵ ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست لە ئەورووپادا، هانس کێلسن (١٩٧٩) چەمکی زەبربەرکەوتنی زنجیرەیی پەرەپێدا. ئەم چەمکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی ئەوە ڕەهەندی ڕووداوی زەبرەکە خۆی نییە تواناکانی مامەڵەکردنی ئایندە و ڕوانگەکانی تەندروستی دیاری دەکات، بەڵکوو قۆناغی پاش-زەبرە دەروونییەکە و، بەردەوامی، جێگیری، و ئەو پشتگیرییە کۆمەڵایەتییەیە کە لە دوای زەبرەکەوە بوونی هەیە.

لە کارکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی ئەشکەنجە، بەندکردن، و بێسەروشوێنکردن لە دیکتاتۆرییەکانی ئەمریکای لاتین لە ساڵانی ١٩٧٠/١٩٨٠کاندا، چەمکەکان بە ئاراستەی زەبری دەروونی-کۆمەڵایەتی (مارتین-بارۆ، ١٩٧٩) یان پرۆسەی زەبربەرکەوتنی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا چوون (بێکەر، ١٩٩١). ئەم چەمکانە پەیوەندی بەتینی نێوان زەبری دەروونی و ئەزموونەکانی چەوساندنەوەی سیاسی و هەژاری وەسف دەکەن. ئەوان بیرۆکەی چاکبوونەوە بە دادپەروەری و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، و ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەوە دەبەستنەوە. لە باشووری ئەفریقادا لە ساڵی ١٩٨٣، فرانک چیکان (١٩٨٦) کاریگەری جیاکاری ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی ڕژێمی ئاپارتایدی لە باشووری ئەفریقا وەکوو زەبری بەردەوام ناونا (کامینەر و هاوکاران، ٢٠١٦). هەروەها، کاری فێمێنیستی لەگەڵ ژنانی قوربانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز جەخت لە پەیوەندی نێوان زەبری تاکەکەسی و پەیوەندییە پیاوسالارییەکانی ڕەگەز دەکاتەوە (هێرمان، ١٩٩٢).

بەم شێوەیە، بواری توێژینەوەی زەبری دەروونی بە چەندین چەمکی لێکجوودا بۆ زەبر و ناکۆکی بەردەوام شێوەی گرتووە. گەر زۆر سادەی بکەینەوە، لە لایەکەوە چەمکە کلینیکی، تاک-سەنتەرەکانی زەبری دەروونی وەکوو تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی هەن، یان چەمکەکان لە قوتابخانە هزری، ڕەفتاری و نیورۆبایۆلۆجیەکانی دەروونزانی، کە دەگۆڕێن بە چارەسەریی زەبری تاکەکەسی و نیشانە-سەنتەر، و زۆرجار جەخت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی زەبرەکە و/یان گۆڕانکارییە ڕەفتاری و هزرییەکان دەکەنەوە. لە لایەکی ترەوە، ڕێبازگەلێکی تری زەبری دەروونی هەن کە لە شیکاری دەروونی و چوارچێوەی سیستەماتیکییەوە وەرگیراون. ئەمانەش، جەخت لەسەر ڕەگداکوتانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەزموونی زەبراوی دەکەنەوە، و دەبن بە ڕێبازی هەمەگیرتر بۆ گرنگیدان بە زەبری دەروونی. هەروەتر، پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی و چارەسەری تاکەکەسی لەگەڵ چالاکیەکان بۆ جێگیرکردنی بارودۆخی ژیان و بەهێزکردنی ڕزگاربووانی بەرکەوتەی زەبر لە ڕێگەی مافەکانی مرۆڤ و بەشداری سیاسی، دەخەنە یەک.

**لە گفتوگۆکانماندا بۆمان دەرکەوت کە ڕوانینێکی وردتر بۆ پەرەسەندنی مێژوویی چەمکەکانی زەبری دەروونی و ناکۆکیەکانی دەوروبەری، یارمەتیمان دەدات لە بەرەنگاربوونەوەی پارادایمە باڵادەستەکانی زەبری دەروونی لە کەرتی پەروەردەی ئەکادیمی و، لە پرۆژە و ڕاهێنانەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. پتر، ئەم وردبینییە یارمەتی توێژەران و پراکتیزەکارانی ناوخۆیی دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستنیشانکردنی بەربڵاو و بەنەخۆشدانانی بەشێکی گەورەی دانیشتوانی کورد وەکوو ‹زەبربەرکەوتوو› و، لە شوێنی ئەوە چەمک و ڕێبازی تایبەت بە نێوکۆی دیاریکراو بۆ زەبری دەروونی پەرەی پێ دەدرێت.**

### ٤.٤.٢ تیۆری و پراکتیکی دەروونی

تیۆری و پراکتیکی دەروونی-کۆمەڵایەتی وەک ڕەخنەیەک لە ڕوانگە کلینیکی، کەموکوڕی-سەنتەر، و تاک-ناوەندەکان سەبارەت بە زەبری دەروونی و کێشە دەروونی-کۆمەڵایەتییە فراوانترەکان سەری هەڵدا. ئەم ڕێبازە نەریتییانە زۆرجار جەخت دەخەنە سەر دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی کێشە دەروونییەکان وەکوو ‹پەشێوی› یان ‹نەخۆشی› تاکەکەسی. لە بەرانبەردا، ڕێبازی دەروونی-کۆمەڵایەتی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان فشاری دەروونی و فاکتەرە ژینگەییەکان، و گرنگی ڕۆڵی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و نێوکۆییەکان لە دارشتنی تەندروستی دەروونساغیدا، بەدیار دەخات.

بە شێوەیەکی چەمکی، تێگەیشتنی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە بارودۆخە دەروونییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازە سیستەماتیکەکان (بۆ نموونە برۆنفێنبرێنەر، ١٩٧٩)، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕۆچوونی تاک لە پەیوەندی و پێکهاتە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمە سیاسی و دامەزراوەییەکان، و بارودۆخە ئابوورییەکان. هەروەها سەرنج دەدەنە ئەو بازنە پشتگیرییە جۆراوجۆرانەی کە لە دەوری کەسێکدا هەن. نەک هەر ئەوە، جەختێکی زۆریش لەسەر تێگەیشتنە لە تەندروستی، کە وەکوو نەبوونی نەخۆشی پێناسە ناکرێت، بەڵکوو ورد دەبێتەوە لەوەی کەسێک پێویستی بە چییە، و چ سەرچاوەیەکی لەبەردەستە تا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاری لە خۆی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ژینگەکەیدا کارا بێت (ئەنتۆنۆڤسکی، ١٩٧٩). ڕێبازی دەروونی-کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی پارادایمی دروست دەکات لە جەختکردنەوە لەسەر 'کەموکوڕییەکانی' کەسێک، 'پەشێوی' و 'نەخۆشییەکان'ەوە بەرەو تێگەیشتنێکی سەرچاوە-سەنتەر لە ساغلەمی.

ساغلەمی، چەمکێکی فرەلایەنە، چەندین ڕەهەندی جیاوازی ژیان دەگرێتەوە. بەو واتایە دێت کە پێداویستییە بنەڕەتییەکان دابین کرابێتن (وەکوو سەلامەتی، خواردن، ئاوی پاک، جلوبەرگ، و جەستەی تەندروست)، بەڵام ئاماژە بە شتە پەیوەندیدارەکان بە مێشک و دڵیش دەکات (پەیوەندیەکان لەگەڵ خێزان، هەستی پەیوەستبوون، پەروەردە، میراتی کولتووری و ئایینی، ناسنامە، و هەبوونی مەبەست لە ژیاندا). ساغلەمی لەوانەیە لە نێوکۆی جیاوازدا بە شێوەی جیاواز پێناسە بکرێت. لە کاتێکدا لە هەندێک نێوکۆدا، ئازادی تاکەکەسی لە هەڵبژاردن لە ژیانی خۆیدا جەختی لێ دەکرێتەوە، لە نێوکۆی تردا، لە وێنەی باشووری ئەفریقا، ساغلەمی دەکرێت پەیوەندی بەهێزی بە پەیوەندییەکانی کەسەکە بە خێزان و کۆمەڵگە و باووباپیران و کەسانێک کە کۆچی دواییان کردووە، هەبێت (نۆویە، ٢٠١٧).

بۆ دەرخستنی سروشتی 'ئایدیالیستی' چەمکی ساغلەمی، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچەکانی شەڕ و ناکۆکی و هەژاری بەردەوامدا دەژین، دەستەواژەی ساغلەمی ڕێژەیی داهێنراوە (بۆ نموونە بڕوانە جاکۆبی و هاوکاران، ٢٠١٩).

ساغلەمی توخمێکی تری گرنگ لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە ڕێگریکردن؛ کەمکردنەوە و خۆبەدوورگرتنە لە بەرکەوتن بە ئازار لە هەموو نیوکۆکاندا، لەجێی پەنابردنە بەر پاڵپشتیی تایبەتیی دەروونی، لە پاش ئەو جەنگ و سەختی و نارەحەتییەی ڕوویداوە.

لە پراکتیزدا، ڕێبازی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەبێت بە ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی هەمەگیر، بۆ ئەو کەسانەی بە ئەزموونگەلێکی زەبراویدا تێپەڕیون یان لە قەیران و نارەحەتیدا دەژین.




**تیۆریی ئیکۆلۆجیی برۆنفێنبرێنەر تایبەت بە گەشەسەندن**

/Abbeyelder, 2022. https://commons.wikimedia.org/wiki)
( File:Bronfenbrenner%27s_Ecological_Theory_of_Development_(English).jpg

ئەم ڕێبازە دەتوانێت چەندین شێواز و ئاستی پاڵپشتی لەخۆبگرێت: لە چارەسەری دەروونییەوە کاتێک پێویستە، بۆ ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا، پاڵپشتی ڕۆژانە بۆ جێگیرکردنی بارودۆخی ژیانی کەسەکە و ڕاوێژی یاسایی و هاوەڵی کردنی لە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خانەنشینی یان قەرەبووکردنەوە. هەروەها، هانی پسپۆڕانی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەدات بەشداری

بکەن لە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و چالاکی سیاسی کە ئامانجی چارەسەرکردنی هۆکارە سەرەکییەکانی ئازار و بەدیهێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەهەمبەر پاشخانی درێژی نادڵنیایی، ئەزموونی توندوتیژی هەمەجۆر، و هەلومەرجی نائارام و ناسەقامگیری بەردەوام، زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحوکومییە خۆجێییەکان و پرۆژەکانی ڕێنمایی، خۆڕسکانە ڕێبازی هەمەگیرانەیان پەرەپێداوە. ئەمان، چاودێری دەروونی و سۆزداری لەگەڵ کارکردن بۆ یارمەتیدانی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی کەسانی کاریگەربوو بە توندوتیژی و چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری و کار و، بەهێزکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ داکۆکیکردن بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ، دەگرنەخۆ.

ئەم پراکتیزە خۆماڵیکراوانە هەتا ئێستا بە تەواوی توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە و پێویستیان بە بەڵگەنامەکردن و سیستەماتیزەکردنی وردە، تاکو بەشداری بکەن لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان دەربارەی بەنێوکۆکردنی مەعریفە و نەهێشتنی داگیرکاری. پراکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتی هەمەگیر، پێویستی بە هەماهەنگی بەهێز هەیە لە نێوان پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکاندا: چارەسەرکارانی دەروونی، دەروونزانانی کلینیکی، ڕاوێژکارانی دەروونی-کۆمەڵایەتی، کارمەندانی کۆمەڵایەتی، پارێزەران، و شارەزایانی بواری پەروەردە بۆ نموونە.

بەهەمان شێوە، بۆ گفتوگۆ لەسەر چۆنییەتی پەرەپێدانی مەعریفە و پراکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتی بەنێوکۆکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێبازێکی فرە-پسپۆڕی بۆ گفتوگۆکان لەسەر زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی گرنگە. هەروەها، کراوەبوون بۆ زیادکردنی پسپۆڕیی تری وەک هونەر، بەهۆی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی لە پێشکەشکردنی ئامراز و پلاتفۆرم بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و داهێنەرانە.

**پرۆسەی بەنێوکۆکردنی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی بە بەدواداچوونێکی ورد لە تێڕوانینی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرانبەر چەمکی ساغلەمی و سیستەمەکانی پشتگیری خێزانی و کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی کە خەڵکی لە نارەحەتی و قەیراندا دەتوانن وەک سیستەمی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی پشتیان پێ ببەستن، دەست پێ دەکات.**

**پێویستە پراکتیزە دەروونی-کۆمەڵایەتییە فرەلایەنەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحوکومیە ناوخۆییەکان و پرۆژەکانی ڕێنماییکاری لە هەرێمی کوردستان پەرەیان پێ دراوە، توێژینەوەیان لەسەر بکرێت و تۆمار بکرێن و، پەیوەست بکرێن بە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکانەوە لەسەر بەنێوکۆکردن و سەربەخۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی. پرۆسەی بەنێوکۆکردنی تیۆری و پراکتیکی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی، پێویستی بە تۆڕێکە لە ڕشتە و پیشە و پسپۆڕیی هەمەجۆر.**

### ٤.٤.٣ چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی


لە میانی وۆرکشۆپەکانماندا، چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، خرایە بەر بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دەروونساغی و کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە کەرتی هاریکاری و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لە ناوچەکانی (پاش)-ناکۆکی، پەرەی پێدراوە.

ڕێکارەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن لیژنەی هەمیشەیی

نێوان دەزگاكان (ئای-ئەی-ئێس-سی، ٢٠٠٧) بڵاوكراوەتەوە، لە پرۆسەیەكی فرەگیردا پەرەی پێ دراوە و ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی و زانكۆكان و ڕێكخراوە ناحوكومیەكان و پراكتیزەكارانی لە نێوكۆی جوگرافی جۆراوجۆر، لەخۆ گرتووە. ئەم ڕێكارانە هەر لەو دەمەوە كەوتوونەتە ژێر گفتوگۆ و گۆڕانكاری بەردەوام.

كرۆكی چوارچێوەی كاری دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-كۆمەڵایەتی، هەرەمی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-كۆمەڵایەتییە. ئەم هەرەمە پێشنیازی تێكەڵكردنی ئاستی جۆراوجۆری دابینكردنی خزمەتگوزاری لە بارودۆخی فریاكەوتن و (پاش)-ناكۆكی، دەكات. ئەم مۆدێلە پەرەی سەندووە تاكو بەرەبەرە هەمەگیرتر و هەنگاو بە هەنگاو بێت و، چینی زیاتر لەخۆ بگرێت.

هەرەمی دەستێوەردان بۆ دەروونساغی و پشتگیری دەروونی-كۆمەڵایەتی لە حاڵەتی فریاكەوتندا:




لیژنەی هەمیشەیی نێوان ئاژانسەكان لەسەر دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-كۆمەڵایەتی لە بارودۆخە لەناكاوەكاندا (ئای-ئەی-ئێس-سی، ٢٠٠٧)

دوو ئاستی سەرەوەی مۆدێلەکە جیاکارییەکی گرنگ دەکەن، کە لە توێژینەوەکانی بواری بەرگەگری (Resilience) سەرچاوەی گرتووە (بۆ نموونە، فلێمینگ و لێدۆگار، ٢٠٠٨). ئەم جیاکارییە ئەوە دەخاتەڕوو لەنێو ئەو کەسانەی تووشی بارودۆخی زۆر سەخت بوون، تەنها بەشێکی کەمیان پێویستیان بە پشتیوانیی تایبەتمەند و پرۆفیشناڵیی دەروونی دەبێت (بۆ نموونە، لەلایەن پسپۆڕانی دەروونی، دەروونپزیشکان، یان چارەسەرکارانی دەروونییەوە)، لە کاتێکدا ڕێژەیەکی زۆرتر دەتوانن سوود لە پشتیوانیی چڕکراوە وەربگرن (بۆ نموونە، پشتیوانیی سادەی کەس بۆ کەس لەلایەن کارمەندانی تەندروستیی کۆمەڵگەکەوە).

چینی سێیەمی هەرەمەکە جەخت لەسەر گرنگیی بەهێزکردنی پشتیوانیی خێزان و کۆمەڵگە دەکاتەوە و پێشنیازی پتەوکردنی ئەم سیستەمانەی پشتیوانی دەکات.

باس لەوە کرا کە لە هەردوو نێوکۆی هەرێمی کوردستانی عێراق و باشووری ئەفریقادا، زۆر کەس پێیان نەگونجاو و مەترسیدارە بە تەنها و "لە پشت دەرگای داخراوەوە" بچن و بە نهێنی قسە لەگەڵ پسپۆڕێکی نەناسراودا بکەن. زۆرێک لە خەڵکی پێیان چاکترە لەبری ئەوە یارمەتی لەناو خێزان یان کۆمەڵگەکانیان وەربگرن. بۆ ڕزگاربوویەکی توندوتیژی یان شەرکەرێک کە لە شەڕ دەگەڕێتەوە، پێشوازیکردن و مامەڵەکردنی ڕێزدارانە و ڕێزگرتن و پێزانین لەلایەن خێزان و کۆمەڵگاکەیانەوە لەوانەیە یارمەتیدەرتر بێت لە چوون بۆ لای پسپۆڕێکی دەروونی بۆ پاڵپشتی تایبەتمەند. لە باشووری ئەفریقای پاش-ئاپارتاید/جیاوازی ڕەگەزایەتی، مافی مرۆڤ تایبەت بەوەی کەسێک بە ڕێز و شکۆوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت لەپێشینەییترین شت بوو، لە دوای لەمرۆڤخستن و سووکایەتیپێکردنی چەوساندنەوەکانی ئاپارتاید.

لە زۆر نێوکۆی ئەفریقیدا، هەڵسەنگاندنی نارەحەتی دەروونی بەڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە تێگەیشتن لە هۆکارە کۆمەڵایەتی و نێوکۆییەکانی پشت نارەحەتییەکە، نەک پێشاندانی نیشانەکان وەک لیستێک و کۆنیشانەیەکی پێشنیارکراو. گەر کەسێک نارەحەتییەکی دەروونی لێ دەربکەوێت، هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵایەتی-ڕۆحی لە پەیوەندی و پەیوەستبوونە فراوانە خێزانییەکان دەکرێت، لەگەڵ سەرنجێکی تایبەت لەسەر تێکچوونەکان لە ڕایەڵی کۆمەڵایەتی ساغلەمی (نوۆیە، ٢٠١٧). نموونەیەکی تایبەت ئەوەیە کە شەرکەران و جەنگاوەرە نەریتیەکان لە باشووری ئەفریقا لەڕووی پزیشکی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەوە ئامادە دەکرێن بۆ شەڕ (مخیزە، ٢٠٠٨). خۆ ئەگەر بە شێوەی نەریتی دوای شەڕ پاک نەکرێنەوە (دیسان تێکەڵەیەک لە شێوەی پزیشکی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی)، دەوترێت 'گیانی شەرکردن'یان لەگەڵدا ماوەتەوە، ئەمەش لەوانەیە شەڕەنگێزی و تەنگەتیلکەیی[٢٦] و خۆکوشەگیری و خەونی ناخۆش و بیرکردنەوەی خۆهەڵقورتێن لەبارەی شەڕ، لەخۆ بگرێت. ڕێبازێکی ئاشتی-بونیادنەری کۆمەڵایەتی بۆ تێگەیشتن و باشترکردن و چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگە کۆمەڵایەتییە، دەشێت ڕێورەسمی پاککردنەوە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی تێکرای جەنگاوەران لەخۆ بگرێت و، پەیوەستبوونی خێزانی و پێزانین و سوپاسکردنی کۆمەڵگاش بۆ ڕۆڵیان، بگرێتەوە.

دواتر، لە گفتوگۆکانماندا هاوڕێیانی کورد ئاماژەیان بە مەترسییەکی چەقبەستوو کرد کە پەیوەندیدارە

26. IASC (2007). https://interagencystandingcommittee.org/sites/default/files/migrated/2020-11/IASC%20Guidelines%20on%20Mental%20Health%20and%20Psychosocial%20Support%20in%20Emergency%20Settings%20%28English%29.pdf

بە ئاستی بەهێزکردنی پشتیوانیی خێزان و کۆمەڵ لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێکهاتەیەکی خێزانیی کۆنترۆڵکاری پیاوسالاریی بەهێزی هەیە. بۆیەش، جەختیان لەسەر گرنگی نەهێشتنی نەنگی کۆمەڵایەتی لەهەمبەر پەنابردنە بەر یارمەتی دەرەکی و پیشەیی لە دەرەوەی ژینگەی خێزان، کردەوە.

ئاستی بنەوەی هەرەمی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، دواجار دان بە چەقیبوونی سەلامەتی و بارودۆخی ژیانیی جێگیردا دەنێت بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی و ئەو کەسانەی بەدەست نارەحەتییەکی دەروونییەوە دەناڵێنن.

دوایین ڕەشنووسی پێشنیارکراو بۆ مۆدێلی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی ئای-ئەی-ئێس-سی ئەوەیە کە ئاستی پێنجەم زیاد بکرێت و بخرێتە بنی هەرەمەکە، ئەویش بنیادنانی ئاشتیە (وێسێلس و سوول، ٢٠٢٢). ئەم ڕەشنووسە، جەخت لە پێویستی چارەسەرکردنی ڕیشەیی ئازار و ڕێگرتن لە ناکۆکی و توندوتیژی دەکاتەوە.

پەرەسەندنی خێرا و بەردەوامی مۆدێلەکە بانگهێشتی چالاکی و بەشداری لە نێوکۆ گەشەسەندوو و (پاش)-ناکۆکییەکان دەکات، و تیشک دەخاتە سەر گرنگی پرۆسەی بیرکردنەوە و بەشداریکردنی مانادارانە لە نێوکۆکانی پاش ناکۆکی و جیهانی باشوور بەگشتی.

وەکوو لە پێشتردا ئاماژەی پێ درا، چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی کەوتە بەر دیدی ڕەخنەگرانەی گروپەکەوە.

لەگەڵ ئەوەی چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە خۆیدا بانگەشە بۆ یەکخستنی ئاستی جۆراوجۆر لە پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات، کەچی زۆرکات جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع جیاواز دەردەکەوێت. زۆرێک لە پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی پشت دەبەستن بە هەڵسەنگاندنی کلینیکیانەی نەخۆشیی تاکەکان، بەتایبەتیش لەڕێی پرسیارنامە تاقیکراوە و پشتپێبەستراوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی. ئەمەش مەترسی بەهێزکردنی سیستەمێکی لۆجیکی داخراوی ناوخۆیی دروست دەکات؛ بەکارهێنانی چەمکی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی بۆ جیاکردنەوەی پێوەرەکان و هەڵسەنگاندنی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی و سەلماندنی پشت پێ بەستراوێتی و باوەڕپێکراوێتی ئەم پێوەرانە.

لەوەش زیاتر، پرۆژە و پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، زۆرکات پەیوەستن بە هاریکارییە کورتخایەنە نێودەوڵەتییەکانەوە و هەڵگری ئەجێندا و سەرنجی جیاوازی بەخشەر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن، و زۆرکات لەسەر ئاستی بچووکتر کار دەکەن. بە دەربڕینێکی دی، سەرنج دەخەنە سەر یەک ئاستی هەرەمی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لەجێی نیشاندانی ڕێبازە هەمەگیرەکان.

بۆ نموونە، لە ماوەی قەیرانی داعش لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوە کوردییە ناوخۆییەکان بە توندی ڕەخنەیان لەو ڕاستیە گرت کە لە ناوەڕاستی قەیرانی کتوپڕ و ئاوارەبوون، دەستیان بە هاوکاری کورتخایەن ڕادەگەیشت بۆ گرنگیدان بە زەبری دەروونی و ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە لە کەمپی ئاوارەکان، بەڵام کەمیان دەهێنا لە پارەدان بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان و بەهێزکردنی خزمەتگوزارییە بەردەوامەکان.

ئەمەش پرسیارکردن لە گریمانە بنچینەییە تاک-ناوەند و کلینیکیەکان و داهێنانی مۆدێلی ناوخۆیی بۆ تێگەیشتن لە ناڕەحەتی و زەبر و یارمەتیدان و چاککردنەوە لەخۆ دەگرێت. هەروەها، ڕەنگدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پەیوەندییەکانی هێز لە نێوان بەخشەرانی نێودەوڵەتی و جێبەجێکەرانی ناوخۆیی لەخۆ دەگرێت، کە چارەسەری بارودۆخەکانی جێبەجێکردنی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەکەن وەک پارەدانی کورتخایەن.

**هەرچەندە چوارچێوەی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی ڕوانگەی جیاواز لەسەر کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لە باکووری جیهان و باشووری جیهانەوە لەخۆدەگرێت، و بەردەوام بەرەو ڕێبازی گونجێنراو و هەمەگیر پەرەی سەندووە، لێ هێشتاش هەوڵی زیاتر پێویستە بۆ بەنێوکۆکردنی چوارچێوەی دەروونی-کۆمەڵایەتی و دروستکردنی گۆڕانێکی مانادار بەرەو خاوەندارێتیکردنی ناوخۆیی چ لەڕووی داڕشتنی تیۆری و چ لەڕووی جێبەجێکردنی کردارەکی بۆ پرۆگرامەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی.**

**ئەمەش پرسیارکردن لەبارەی گریمانە بنەڕەتییە کلینیکی و تاک-تەوەرەکان و بەرهەمهێنانی مۆدێلی ناوخۆیی بۆ تێگەیشتن لە خەمۆکی و زەبری دەروونی و یارمەتیدان و چارەسەریی لەخۆدەگرێت. هەروەها، بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پەیوەندییەکانی هێز لە نێوان بەخشەرانی نێودەوڵەتی و جێبەجێکارانی ناوخۆیی کە هەلومەرجەکانی جێبەجێکردنی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی وەک پارەدانی کورت-مەودا دەخاتەڕوو.**

**بەگشتی، لە پرۆسەی گفتوگۆکەماندا، دەرکەوت شتێکی باش دەبێت کە بەقووڵی لە چوارچێوە بەردەستەکانی زەبری دەروونی، کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی بڕوانین، تێگەیشتن لە پەرەسەندنی مێژوویان و ناکۆکییەکانی دەورووبەریان بۆ ئەوەی بگەینە تێڕوانینێکی وریایانە لەوەی چی یارمەتیدەرە و چی یارمەتیدەر نییە لە نێوکۆ جیاوازەکانماندا.**

## ٤.٥ کۆلۆنیالیزم و ڕێبازەکانی سەربەخۆکردن (Decolonialization)

کۆلۆنیالیزم وەکوو «پرۆسەیەکی درێژخایەن کە داماڵینی بیرۆکراسی و کولتووری و زمانەوانی و دەروونی هێزی کۆلۆنیالیزمی لەخۆ دەگرێت، پێناسە دەکرێت؛ تێیدا ئایدیۆلۆژیاکان و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ کە لە ڕێگەی داگیرکارییەوە دروستکراون بەردەوام دەبن لە چەوساندنەوە و دەستکاریکردنی چۆنییەتی تێڕوانینی خەڵک بۆ جیهان و شوێنی خۆیان تێیدا» (گرای و هاوکاران، ٢٠١٣، ل. ٧٩).

بەمشێوەیە، کۆلۆنیالیزم پرۆسەیەکی فراوانە و لە داگیرکردنی ناوچەوە دەڕوات بۆ داگیرکردنی کولتوور و زانست و مێژوو و، بە هەموو لایەنەکانی ژیانی دانیشتووانی چەوساوەدا تێدەپەڕێت. دەکرێت بوترێت بە شێوەیەکی گشتی، داگیرکردنی خەڵک و وڵاتان تەنها بە زەبری هێز و ئاگر و ئاسن ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە پشتگیری زانستەکانی مرۆڤناسی و مێژوو و خۆرهەڵاتناسیش (سەعید، ١٩٧٨). لە کۆتاییدا، دەکرێت پرۆسەی کۆلۆنیالیزم وەک زاڵبوونی زانست و لۆجیکی وڵاتە بەهێزەکان، لەوانەش زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، پێناسە بکەین. گایاتری سپیڤاک دەستەواژەی توندوتیژی مەعریفی داهێناوە بۆ وەسفکردنی پرۆسەی سەپاندنی سیستەمی مەعریفی لەلایەن هێزە داگیرکارەکانەوە بەسەر داگیرکراوەکاندا (سپیڤاک، ١٩٨٨). بە لەبەرچاوگرتنی تیۆرییەکانی میشێل فوکۆ (١٩٨٠) لەسەر پەیوەندی نێوان هێز و مەعریفە، دەگەین بەو ئەنجامەی بەرهەمهێنانی

مەعریفە و بڵاوکردنەوەی وەک سەقامگیرکردنی پێکهاتەکانی هێز کار دەکەن و دەبنە بەشێکی جیانەبووەوە لە داگیرکاری (هیدلستن، ٢٠٠٩).

فرانتز فانۆن (١٩٥٢) لە کتێبە گرنگەکەیدا ’پێستی ڕەش، دەمامکی سپی‘ ڕوونی کردووەتەوە چۆن خەڵکی داگیرکراو خەسڵەتە داگیرکارییەکان دەکەن بە بەشێک لە پێناس و شێوازی بوونیان، و بەمشێوەیەش ڕەگەکانی مەعریفە و کولتوور و بوونی خۆیان لە جیهاندا پەراوێز دەخەن. چالاکوانی دژە–ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقا، ستیڤ بیکۆ (١٩٧١) لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: ”بەهێزترین چەک لە دەستی داگیرکارەکان، مێشکی ئەوانەیە کە چەوسێنراونەتەوە“.

> «بەهێزترین چەکی دەستی داگیرکارەکان،
> مێشکی ئەوانەیە کە چەوسێنراونەتەوە».
> ستیڤ بیکۆ، ١٩٧١

چەمکی ’داماڵین لە کۆلۆنیالیزم‘ بە پرۆسەی چارەسەرکردن و هەڵوەشاندنەوەی کاریگەرییەکانی داگیرکاری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی داگیرکراو دەناسرێت، لەوانەش زانست و مەعریفە. لە چوارچێوەی ئەو ڕوانینانەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، مەبەستمان لە چەمکی سەربەخۆکردن (داماڵین لە کۆلۆنیالیزم)، سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی زانستە لە کەرتی دەروونی–کۆمەڵایەتیدا.

**پرۆسەی سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنانی زانست، ئەمانە دەگرێتەوە:**

– ئاشکراکردن و شیکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەو تیۆری و پراکتیکانەی لە نێوکۆی ڕۆژئاواییدا پەرەیان پێ دراوە باڵادەست بوون و بە شێوەیەکی داماڵراو لە نێوکۆ گواستراونەتەوە بۆ شوێنەکانی تر؛ هەروەها پەراوێزخستنی زانست و پراکتیکی ناوخۆیی، هەموو پێکرا چۆن بەشدار دەبن لە بەردەوامیدان بە میکانیزمەکانی کۆلۆنیالیزم.

– بەڕاستدانەنانی ڕەهایانەی چەمک و بۆچوونی سیستمە مەعریفی و زانستییە زاڵەکان و وەستانی جددی لەسەریان.

– ئاساییکردنەوە و دەرخستن و بەهێزکردنی مەعریفەی ناوخۆیی و دیدگا پەراوێزخراوەکان (بڕوانە ئادەمز و هاوکاران، ٢٠١٥).

لە وۆرکشۆپەکانماندا، گفتوگۆی چڕ لەسەر پێناسەی ڕاستەقینەی ئەزموونی داگیرکاری هاتە ئاراوە. هەرچەندە لە زۆربەی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا داگیرکاری ئاماژەیە بۆ دەستبەسەرداگرتن و داگیرکاری و بەکارهێنان و ملکەچکردنی دانیشتووانی ناوخۆیی لەلایەن هێزە داگیرکارە ئەورووپییەکانەوە. هەروەتر، هاوکارە کوردەکان لێکۆڵینەوەیان لە ڕیشەکێشکردنی ناسنامە و کولتوور و سیستەمەکانی باوەڕ و زمان و هەتاداوییی کوردی دەکرد بەهۆی پرۆسەی ئیسلامیزەکردن و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەکچۆن بەهۆی سیاسەتە سەرکوتکارەکان و کولتوورە زاڵەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە، کوردەکان دوای جەنگی جیهانی یەکەم پەرتەوازە بوون.

لێرەدا، گرنگە جەخت بکەینەوە کە بەشداربووانی وۆرکشۆپەکان لە نێوکۆ و پێگەی قسەکردنی جیاوازەوە دەستیان کرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆکردن. بۆ بەشداربووە ئەڵمانییەکان،

گرنگ بوو کە گریمانەکانی خۆیان لە سەنتەر لادەن و دارشتە تیۆری و پیشەییەکانیان بخەنە چوارچێوەی نێوکۆ و مێژووەوە و خۆیان لە خواستی گرتنەئەستۆی پێگەی مامۆستایەتی دوور بخەنەوە.

هاوکارانی کورد و ئەفریقای باشوور، بەردەوام لە نێوان ڕەخنەیەکی بنچینەیی لە زاڵبوونی ڕۆژئاوا لە بەرهەمهێنانی زانستدا (کە زۆربەی جار بە زانستی پۆزەتیڤیستی، کلینیکی و تاک-تەوەرە وەسف دەکرێت) و گەڕان بەدوای تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە ساغلەمی و ئازارچەشتن و چاکبوونەوەدان لە لایەک و، ترس لە بایەخدانەوە و ڕەوایەتیدان بە پراکتیکی نەریتی و ئاینی کە هەوڵ دەدەن دەستبەرداریان بن، لەلایەکی دییەوە. بۆ نموونە، پرسیاری «ئایا پێویستمان بە دەروونزانی کوردی هەیە؟» هاوشان لەگەڵ ترسی بەشداربووە ناوخۆییەکان لە پشتگیریکردنی نەخوازراوی گێڕانەوە نەتەوەپەرستی، بنەماگەرایی و نەریتییەکان گفتوگۆی لەسەر کرا.

یەک لە پرسە جەوهەرییەکان لە گفتوگۆکانماندا شیکردنەوەی بەردەوامی بۆچوونە داگیرکارییە بەناوەکی کراوەکان بوو لە بیرکردنەوە و زماندا، کە برێک جار دیارن و برێکجاریش نادیارن لە هەموو ڕوویەکەوە. بەنموونە، بینینی مەعریفەی ‹ڕۆژئاوایی› وەک ‹زانستی› و لکاندنی بە مۆدێرنە و پێشکەوتنەوە، لێ بیرکردنەوە لە زانستی ناوخۆیی وەک ‹نەریتی› و دوور یان کەمتر زانستی. هەروەها، دوالیزمەکانی وەک ‹کۆمەڵگە ئەورووپییەکان تاکگەران، کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵگەرا و خێزان-تەوەرن› دەستیان خرایە سەر و مەیلیان لە خۆبەڕاستدانان و دروستکردنی من و تۆییدا نیشاندرا.

لە سۆنگە جیاوازەکانی قسەکردنمانەوە، گەیشتینە تێگەیشتنێکی هاوبەش؛ کاتێک باس لە سەربەخۆکردنی زانست دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە دوانەی جەمسەرگیری وەک ڕۆژهەڵات دژ بە ڕۆژئاوا، باشوور دژ بە باکوور، ناوخۆیی دژ بە جیهانی، ڕۆحانی دژ بە پیشەیی، یان زانستی نەریتی دژ بە زانستی مۆدێرن، بخولقێنینەوە.

سەبارەت بە کاری کۆمەڵایەتی، گرەی دەڵێت «سەربەخۆکردنی کاری کۆمەڵایەتی پێش هەموو شتێک مانای دانپێدانان و بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگە ڕەسەنەکانە، لەبری بەشداریکردن لە گەمەی تاوانبارکردن کە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی چەند سەد ساڵ لە داگیرکاری زیاتر دەکات» (گرەی و هاوکاران ٢٠١٣، ل. ١٩).

**«چ پێویست دەکات ئاماژە بۆ ڕۆمیۆ و جولێت بکەین تا بەها بدەین بە مەم و زین؟»**

**بەشداربوویەکی وۆرکشۆپ**

**مەم و زین داستانێکی کوردی کۆنە لەسەر ئەوینێکی ناکام، کە بە زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراوەتەوە و، بۆ یەکەمجار لەلایەن شاعیری کورد، ئەحمەدی خانییەوە نووسراوەتەوە.**

لەبری ئەوە، وۆرکشۆپ و فەزاکانی بیرکردنەوە دەبێت هەوڵ بدەن بۆ تێگەیشتن لە چەمکە تیۆرییەکان و، ڕێبازەکان چ لە باکور و چ لە باشووری جیهان، لە چوارچێوەی مێژوویی و نێوکۆیی خۆیاندا پراکتیزە بکەن: هەروەها، بۆ دەرخستنی گریمانە بنچینەییەکان و بیروباوەڕ و بەرژەوەندی و سیستەمەکانی زانست و، هەڵوەستەکردن لەسەریان. بەم جۆرە، درێژەدان بە ئاڵوگۆڕی قووڵی مەعریفە لە نێوان نێوکۆکاندا پێویستە بە

ئاراستەی ناسینەوەی تیۆرییە خۆجێییە پەیوەندیدارەکان و ئەو پراکتیزانەی بە مەبەستی هێنانە کایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی داڕێژراون، بێت نەک نیشاندانی بێگەردی خۆماڵی.

تیۆریزانانی باس لە پەیڕەوکردنی خاکەڕایی مەعریفی دەکەن (تیۆ، ٢٠١٩) لە ڕێزگرتن و تێگەیشتن و بەرەنگاربوونەوەی ڕێبازە جیاوازەکان لە نێوکۆ جیاوازەکاندا. لە پرۆسەی بیرکردنەوەکەماندا، جەخت لەسەر پێویستی گۆشنەکردنی ڕاستییەکان و بە ڕەها دانەنانی بۆچوونەکانمان کراوە. ڕێگەش بۆ ئەنجامدانی ئەمە تێگەیشتنە لە چەمک و قوتابخانە و تیۆرییەکان وەک میتافۆری بەسوود، کە لەوانەیە لە کاتێکی دیاریکراوی مێژوویی و سیاسیدا و بۆ کۆنتێکستێک بەکەڵک بێن، نەک ئەوەی ڕاستیی ڕەها دەربارەی مرۆڤ پیشان بدەن. لێرەوە، لەبری گەڕان بۆ یەک ڕاستی ڕەها، دەتوانین دەفری هاوبەشی میتافۆرەکانمان فراوان بکەینەوە، بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان لە کۆنتێکستە جیاوازەکاندا.

**لە پرۆسەی گفتوگۆکانمان لەسەر پرسی سەربەخۆکردنی مەعریفەی دەروونی–کۆمەڵایەتی، پرسیارە سەرەکییەکانمان ئەمانە بوون:**

- **چۆن مەعریفەی خۆماڵی بدۆزینەوە و بەهێزی بکەین، بەبێ ئەوەی سیمایەکی ڕۆمانسی (ئایدیالی) بە مەعریفەی نەریتی ببەخشین، یان هانی ‹ناسیۆنالیزمی مەعریفی› بدەین، یانیش مەعریفەی هاوکارە خۆماڵییەکان بخەینە قاڵبی جەوهەری یان کولتوورییەوە؟**
- **چۆن خۆمان لە دروستکردنی دژبەری (دووانەیی) لەنێوان مەعریفەی ڕۆژئاوایی و خۆماڵیدا بەدوور بگرین؟ لەبری ئەوە، چۆن چەمک و ڕێبازە ڕۆژئاوایی و خۆماڵییەکان بخەینە ڕەهەندی مێژوویی و زەمینەیی خۆیانەوە و تێرامانێکی ڕەخنەگرانەیان لەسەر بکەین؟**
- **چۆن ئاڵوگۆڕێکی مەعریفیی قووڵ لەنێو زەمینە جیاجیاکاندا ڕێک بخەین، کە ئاراستەکراو بێت بەرەو مەعریفە و پراکتیزەی دەروونی–کۆمەڵایەتیی ڕزگاریخواز بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی، نەک گرنگیدان بە ‹بێگەردی خۆماڵی›؟**
- **چۆن مامەڵە لەگەڵ بەربەستە کۆمەڵایەتی–ئابووری و پیشەییەکان و کۆسپە زمانییەکان بکەین، بە شێوەیەک کە خودی ناوەڕۆکەکە تێپەڕێنێت و بچێتە دەرەوە؟**

### ٤.٦ مەعریفەی ناوخۆیی – پراکتیزی ناوخۆیی

لە نێو گوتاری ڕەخنەگرانە لەسەر هەژموون و لایەنە داگیرکارییەکانی مەعریفەی ڕۆژئاوایی و بانگەشەی جیهانگیری، بەم دواییانە بایەخێکی زۆر بە چەمکەکانی مەعریفەی ناوخۆیی و مەعریفەی نەریتی یاخود مەعریفەی ڕەسەن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، دراوە. ئەم چەمکانە ئاماژە دەدەن بەو مەعریفەیەی لە وڵاتانی باشووری جیهانی و/یان لە کۆمەڵگە داگیرکراو و چەوساوەکاندا، پەرەی پێ دراوە. لێرەدا، مەعریفەی ناوخۆیی یان خۆجێی وەکوو «توخمێکی سەرەکی لە پرۆسەی خۆجێییکردندا دەبینرێت، لە درککردن بە پێداویستییە ناوخۆییەکان و جۆراوجۆری و فرەییتی و، پەرەپێدانی کۆمەڵە پراکتیکێک کە لە ڕووی کولتوورییەوە گونجاون بۆ نێوکۆ خۆماڵییەکان» (گرەی و هاوکاران، ٢٠١٣).

لە ساڵی ٢٠١٤، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کاری کۆمەڵایەتی چەمکی مەعریفەی خۆجێیی خستە نێو پێناسە

جیهانییەکەی بۆ کاری کۆمەڵایەتی، بەمەش تێڕوانینەکانی سەبارەت بە کاریگەری تیۆرییەکانی پاش کۆلۆنیالیزم لەخۆگرت و بایەخی دا بە بیرکردنەوەی پاش کۆلۆنیالیزم[٢٧].

لەگەڵ ئەوەی گرنگی ئەم گۆڕانە لە جیهانگیری ڕۆژئاواییەوە بەرەو لەبەرچاوگرتنی فۆرمە جیاوازەکانی مەعریفە چیدی بابەتێکی جێ ناکۆکی نییە، لێ ئەو دوانەییتییە زۆرجار دەستکردەی لە نێوان جیهانی و خۆجێیی و، مەعریفەی ڕۆژئاوایی و ناوخۆدا هەیە، کێشەی تایبەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

یەکەم، گریمانەیەکی بنەڕەتی هەیە سەبارەت بە بوونی ‹چوارچێوە کولتوورییەکان›، یان سیستەمە مەعریفییە داخراوەکان؛ ئەم گریمانەیە لە دونیایەکی بەجیهانیبوودا کە تێیدا مرۆڤ و چەمک و مەعریفە بەردەوام لە کۆچ و جووڵەدان، دەبێت بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

تیۆریزانانی کەلتووری وەک ستیوارت هۆڵ (١٩٩٤) و هۆمی بابها (١٩٩٤)، پێناسەی شوناسە کەلتوورییەکانیان خستووەتە ژێر پسیار و بە ڕەخنەوە شیکارییان بۆ لایەنەکانی جەوهەرگەرایی (وادانانی ئەوەی کەلتوور خاوەن جەوهەرێکی نەگۆڕ و بنەڕەتییە) و ئەویترسازی (جیاکردنەوە و پێناسەکردنی گرووپێک وەک ‹ئەویتر›ی جیاواز و نامۆ) بۆ خودی چەمکی کەلتوور کردووە. لەبری ئەوە، جەخت لەسەر گۆڕانی بەردەوامی پێگە کولتوورییەکان و پەیوەستبوونیان بە نێوکۆ دەکەنەوە. لە گفتوگۆکانماندا هەوڵمان داوە زیاتر ڕەخنەگرانە بین لە بەکارهێنانی چەمکی ’کولتوور‘دا و لەبری ئەوە پتر باس لە ’نێوکۆ‘ بکەین.

زیاتر لەوەش، وەک لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا، بە گشتی مەیلێک هەیە بۆ بیرکردنەوە لە مەعریفەی خۆجێیی وەکوو مەعریفەیەکی گرێدراو بە ڕەسم و نیزامی کولتووری و دابونەریت و بیروباوەڕە خۆجێییەکان، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ هەوڵدانێکی ئاشکرا بۆ خستنەڕووی ئەو ’مەعریفە نەریتییە‘ وەک مەعریفەیەکی ’بێگەرد‘، کە بە کاریگەریی کۆلۆنیالیزمی نەشێوێنراوە، هاوڕێ لەگەڵ مەیلێک بۆ جوانکردنی مەعریفەی نەریتی.

بەم دواییانە، ئەو دەروونزان و کارمەندی کاری کۆمەڵایەتییە ئەوروپییانەی لەگەڵ پەنابەران و کۆچبەراندا کار دەکەن، بەزۆری بۆ هاوکارانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە تا لە شارەزاییانەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێزانە گەورەکان، چوارچێوەکانی شەرەف و شوورەیی، و دیاردەکانی وەک هاوسەرگیریی بەزۆر، کەڵک وەربگرن و فێرببن. لە کاتێکدا ئەمە نموونەیەکە لە فێربوون لە هاوکارە خۆجێییەکان، لێ ئەم ئاڵوگۆڕە زیاتر جەختی لەسەر مەعریفەی زۆر تایبەتی هاوکارە خۆجێییەکانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خێزانە گەورەکان لە کۆنتێکستە ئیسلامییەکاندا و کەمتر بایەخ بە چوارچێوە تیۆرییە فراوانترەکانیان دەدات. هەربۆیەش، ئەزموونی هاوکارە خۆجێییەکان وەک کولتوور چاوی لێ دەکرێت.

بۆ ئەوەی لێرەدا ڕوون بین: ئاشکراکردن و ئاماژەپێکردنی ئەو ڕێکارە نەریتی و ڕۆحی و ئاینییانە، یان پرۆسەکانی ڕێککەوتنی نەریتی و نێوەندگیری لەنێوان خێزانەکان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نابێت پشتگوێ بخرێن یان بە کەم سەیر بکرێن، بەڵکو دەبێت ببنە بابەتی توێژینەوەی سیستماتیکی کە بەشدار بن لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە متمانەی خەڵکی ناوچەکە بەم شتانە، و لە هەمان کاتدا بە وردی بیر لە مەترسییە پەیوەندیدارەکانی ڕەوایەتیدان و زیاتر بەهێزکردنی پێکهاتە نەریتییەکان بکرێتەوە.

تێگەیشتنمان بۆ پراکتیکی خۆجێیی فراوانە، کە لەخۆگری لێوردبوونەوەیەکی قووڵترە لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەو تاک و کۆمەڵگەیانەی زۆرکات بە بەرکەوتنی بەردەوام بە سەختی و نارەحەتی شێوەیان

٢٧. فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کاری کۆمەڵایەتی (٢٠١٤). پێناسەی جیهانی بۆ کاری کۆمەڵایەتی. بەردەستە لە: Social Work (2014). Global definition of: https://www.ifsw.org/what-is-social-work/global-definition-of-social-work/

گرتووە، لەگەڵ ئازار و لەدەستداندا. وەکچۆن لێکۆڵینەوە لەو ستراتیجییە خۆگونجاندنە تاکی و بەکۆمەڵانە دەکات کە لە وەڵامدانەوەی ئەم ئاستەنگانەدا پەرەیان پێ داوە. دەکۆشێت بۆ دۆکیومێنتکردن و بەسیستەمکردنی ئەزموون و شارەزایی جێبەجێکارە خۆجێییەکان، و ئەو ستراتیجیانەی لە کاری چڕوپڕیاندا لەگەڵ ئاوارەبووان و قوربانییانی توندوتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، پەرەیان پێ داوە.

### ٤.٦.١ نموونەی پراکتیکە خۆجێییەکان

ئەمانەی دادێن نموونەی ئەو پراکتیز و پرۆسە خۆجێیانەیە کە بەشداربووانی وۆرکشۆپەکانمان ئەنجامیانداوە. ئەمانە، تێگەیشتنێکی فراوانتر لەخۆدەگرن لەسەر چۆنییەتی ناسینەوە و قەدرگرتن و بەهێزکردنی ئەزموونی دەروونی–کۆمەڵایەتی بەشێوەی جیاوازی پەیوەندیدار بە ناوخۆوە.

**نموونەی ١: ستراتیجییە خۆجێییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی بەکۆمەڵ و زەبری دەروونی: ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال لە ناوچەی گەرمیان**[٢٨]

لەژێر ناوی کۆدیی ئەنفال، ڕژێمی بەعس ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی فراوانی دژی ناوچە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەنجامدا، کە زیاتر لە سەد هەزار پیاو و ژنی ڕاگواست و کردە قوربانی و هەزاران گوندی کوردی وێرانکرد (چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ١٩٩٣). ڕزگاربووان بۆ چەندین مانگ لە ئۆردوگاکاندا ڕاگیران و دواتر بە زۆر لە کەمپەکاندا نیشتەجێ کران. بۆ ١٥ ساڵی دواتر، لە نادڵنیاییدا سەبارەت بە چارەنووسی کەسوکارە ڕاگوێزراوەکانیان و لە بارودۆخی ئابووری ناسەقامگیردا، ژیانیان بەسەر دەبرد. بۆ ئەو ژنانەی دەنێویاندا بوون، پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتیش زیادبووبوو بۆ سەر کۆتوبەندە ئابوورییەکان. لە ژینگەیەکی پیاوسالاری و نەریتیی گوندیدا، پێگەی یاسایی و کۆمەڵایەتییان وەک ژنانی بێ پیاو ناڕوون بوو. دەبوو بە سەختی کار بکەن تا بژین و منداڵەکانیان بەخێو بکەن، کەچی ڕووبەڕووی نەنگی و ناوزڕان دەبوونەوە کاتێک کاریان دەکرد. بەردەوام لە نێوان خەباتی مانەوەدا بوون لە لایەک و نەریتە زاڵەکانی ڕەگەز لە لایەکی ترەوە.

لەو سەروبەندەدا، بەهێزترین سەرچاوەکانیان بۆ خۆگونجاندن و مانەوە، منداڵەکانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکانیان بوو: یارمەتیدانی یەکتر و پێکەوە چوونە سەر کار و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. ئەوان ڕێگەیەکی نوێیان بۆ گێڕانەوەی سەربووردەکانیان لەماوەی ئەنفال و دوای ئەنفالدا، داهێنا. بەیەکخستنی سەربووردەکانیان لەگەڵ سەربووردەی ژنانی دیدا و کردنیان بە یەک گێڕانەوەی ئەنفالی هاوبەشی بەکۆمەڵ. لە نێوەندی هەلومەرجی سەختی وجودیدا، ئەم شێوازە هەرەوەزییە لە گێڕانەوەی ئەنفال، قسەکردنی بۆ ئاسان کردن و لە هەمان کاتیشدا لەنێو دەستەکەدا دەپارێزران لەوەی بەتوندی بەر یادەوەری زەبرە کەسییەکانیان بکەونەوە. بەم شێوەیە، ڕێگایەکی تایبەتیان دۆزییەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوەی کە جودیت هێرمان (١٩٩٢) وەک تیامانی سەرەکیی زەبری دەروونی وەسفی دەکات: خواستی دەربڕین و باسکردنی ڕووداوەکە لە لایەکەوە و، ئارەزووی کپکردنی لە لایەکی دیکەوە.

بارودۆخی ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال تەنها دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری دواتری هەرێمی کوردستان گۆڕا. ئەوان دڵنیایی ئازاربەخشیان بەدەستکەوت سەبارەت

---

٢٨. نموونەکە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی "کۆڕی یادکردنەوە بۆ ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال" کە لەلایەن دەستەیەک لە ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال لە ڕزگاری، دەڤەری گەرمیان، ڕێکخرابوو؛ لەلایەن ڕێکخراوی ناحکوومی هاوکارییەوە پشتگیری کرابوو. بڕوانە ملۆدۆخ (٢٠١٤).

به مردنی کەسوکارە ڕاگوێزراوەکانیان. مووچە و خانوویان وەرگرت و، پێکەوە لەگەڵ منداڵەکانیان کە لەو وەختەدا گەورە بووبوون، دەستیان کرد بە دووبارە بنیاتنانەوەی تۆڕی خێزانی و کۆمەڵایەتییان. گەرچی تا ئەمڕۆش، بەدەست کاریگەرییە دەروونییە فرەکانی توندوتیژی، لەدەستدان و سەختی ڕەنج دەکێشن، لێ زۆربەیان ڕەتی دەکەنەوە ئازارەکانیان بە دەستەواژە دەروونییەکان پێناسە بکەن. لەوەش زیاتر، خودی بیرۆکەی چاککبوونەوە ڕەتدەکەنەوە، چونکە لای ئەوان پەیوەستە بە ناپاکیکردن لە مردووەکان و ناسنامەی خۆیان وەکوو ڕزگاربووانی ئەنفال، کە هەم نەنگی و هەم جیاکردنەوە دەهێنێت. لە ڕاستیدا، کارکردن لەگەڵ ژنانی ڕزگاربوو لەڕێی چارەسەریی تاکەکەسی بۆ زەبری دەروونیی، نەک هەر پێداویستییە دەروونییەکانیان پڕ ناکاتەوە، بەڵکە جیایان دەکاتەوە و پێکهاتە بەهێزکەر و پاڵپشتیکارە بەکۆمەڵەکانیان لاواز دەکات.

لە شارۆچکەی ڕزگاری لە ناوچەی گەرمیان، گرووپێک لە سەد ژنێکی ڕزگاربووی ئەنفال، هەڵمەتێکیان ئەنجامدا بۆ داواکردنی شوێنێکی یادەوەری کە لەلایەن خۆیانەوە دیزاین بکرێت و بەڕێوە ببرێت تا ئازار و خۆڕاگرییەکانیان لەماوەی ئەنفال و پاش ئەنفالدا نیشان بدات. ئەم شوێنە دیزاین کراوە تا ببێ بە جێیەک بۆ یادکردنەوە و مەکۆیەکی کۆمەڵایەتی بێت تاکو لەڕێیەوە بنیاتە هاوبەشەکانیان بپارێزن و بەیەکەوە داکۆکی لە دانپێدانانی سیاسی بکەن. بۆ زیاتر لە دە ساڵ، چاویان بە ئەندازیار و هونەرمەندانی خۆجێیی و نێودەوڵەتی کەوتووە؛ هەروەها، ڕزگاربووانی جینۆسایدی بۆسنیایی و ڕواندیان بینیوە، سەردانی شوێنی یادکردنەوەکانی هۆلۆکۆستیان لە ئەڵمانیا کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دیزاینی شوێنی یادکردنەوەکەوە. هەروەها، بە سەرکەوتوویی هەڵمەتیان بردووەتە پێش و توانیویانە جێگەیەکی بیناسازی بۆ شوێنی یادکردنەوەکە و بودجەیەکیش لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پرۆژەکە دابین بکەن. بەشدارییەکی بەرچاویان کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی گوتاری نەتەوەیی زاڵی کوردی لەسەر ئەنفال، کە ژنانی ڕزگاربوو وەک قوربانیانی پرسەداری ناکارا پیشان دەدات؛ دژ بەمە، گێڕانەوەیەکی دییان دارشت کە باس لە ژنانی بەهێز دەکات. وەکچۆن داواکارییەکانیان هێناوەتە ناو گفتوگۆی گشتییەوە. بەم شێوەیە، پرۆژەکە لایەنە دەروونی–کۆمەڵایەتی و تەنانەت چارەسەرییەکانی لەگەڵ بەهێزکردن و پتەوکردنی پێکهاتەکانی خۆ–ڕێکخستنی ڕزگاربووان، یەکخستووە[٢٩].

ئەمڕۆ، هەستی ڕەزامەندی و شانازی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەبێ پێویستی بە پشتگیری پیاو و کۆمەڵ، لە پاڵ هەستی ئازاری ئەواندا هەیە؛ ئەوان بە بەهێزی و بەهەرەوەزی داواکارییەکانیان بەرانبەر بە حوکومەتی هەرێمی کوردستان، حوکومەتی عێراق، و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە و دانپێدانانی سیاسی، دەردەبرن. هەروەها بۆ شوێنی یادەوەری بۆ بەرزڕاگرتنی قوربانییان و ڕزگاربووان.

**نموونەی ٢: ستراتیجیەکانی نێوەندگیریی خێزان لە کاری پیشەیی دەروونی–کۆمەڵایەتی خۆجێیی لەگەڵ ژنانی ڕزگاربووی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز[٣٠]**

چەندین ڕێکخراوی ژنان لە هەرێمی کوردستان، ڕاوێژکاری و پشتگیری پێشکەش بە ژنانی کاریگەربوو بە توندوتیژی خێزانی دەکەن. ئەم نموونەیە لێرەدا ئاماژە بە ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و کولتووری خانزاد دەکات، کە بنکەکەی لە سلێمانییە، بەڵام ئەو ڕێگەیەی دەیگرێتە بەر لەلایەن زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی

٢٩ پرۆژەی کۆڕی یادکردنەوەی ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال لەلایەن ڕێکخراوی هاوکارییەوە پاڵپشتی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٩)وە کە لەلایەن وەزارەتی فیدراڵی دەرەوەی ئەڵمانیاوە پاڵپشتی دارایی دەکرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: www.haukari.de

٣٠. ئەم بەشە پشتی بەستووە بەو زانیارییانەی لەلایەن ڕێکخراوی خۆجێیی ناحکومیی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵاتی و کلتووری خانزادەوە پێشکەش کراون، کە بەشدارن لە پاراستن و ڕێنماییکردنی ژناندا لە بارودۆخی قەیران و توندوتیژی.

دیشەوە بەکاردەهێنرێت. ئەوان لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکاندا دەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو ژنانەی لە خێزانەکانیان هەڵدێن و داوای پشتگیری دەکەن، زۆرکات هەڕەشە لەسەر ژیانیان هەیە. بە هەمان شێوە، هەماهەنگی نزیک لەگەڵ پۆلیس، دادوەری، و داڵدە حکومییەکاندا گرنگە بۆ پاراستنیان. چەمکی زاڵی شەرەفی خێزان و شوورەیی، دیدگای ژیانی سەربەخۆ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا بۆ ژن قبوڵ ناکات، و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیش زۆر لەوە توندترە ڕێگە بدات ژنێک بە ناسنامەی جێگرەوە و نەناسراوی لە دەرەوەی دەستپێگەیشتنی خێزان بژی. لەوەش زیاتر، چوارچێوەی خێزان بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، سەرچاوەی سەرەکی هەستی پەیوەستبوون و پشتگیری سۆزدارییە، و سیستەمی ئاماژەدانە بە شوناس. دەرئەنجام، زۆربەی پڕۆسەکانی ڕێنماییکاری جەخت لەسەر ڕێنماییکاری و نێوەندگیری خێزان و کۆمەڵگە دەکەنەوە وەک ستراتیجی سەرەکی بۆ پڕۆژەکانی ڕێنماییکاری ژنان وەک خانزاد؛ هەروەها، لە سەنتەرە حکومییەکان و ڕێنماییکاری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش (DCVAW).

لە پڕۆسەی ڕێنماییدا، لەپێشینەییبوون دەدرێت بە سەلامەتی ژنەکە، بۆ نموونە بە ڕەوانەکردنی بۆ پەناگەیەکی حکومی، کاتێک هەڕەشە لەسەر ژیانی هەیە. ڕێنماییکارەکان چەندین بژاردەی یاسایی جیاواز دەخەنە ڕوو، لە سکاڵاکردن لە تاوانبارانەوە (ئەنجامدەرانی توندوتیژی)، بۆ ڕێکارەکانی ئاشتکردنەوەی خێزان، و هانی ژنەکە دەدەن خۆی بڕیاردەر بێت سەبارەت بە ئامانجی پڕۆسەی ڕێنماییە دەروونییەکە. ئەگەر ژنەکە ڕێکارە یاساییەکان هەڵبژێرێت، تیمی خانزاد لە هەموو هەنگاوەکانی دادوەریدا هاوەڵێتی دەکەن. هەرچەندە، لە زۆربەی بارەکاندا، تیمی ڕێنماییکاری دەست دەکەن بە پڕۆسەی ناوەندگیری خێزانی چڕوپڕ، زۆر جار بۆ ماوەی چەند مانگێک، لەگەڵ یان لە بری ئەو ژنەی ڕووبەڕووی کێشەکە بووەتەوە لەگەڵ هەردوو خێزانی باوکی و مێردەکەی نێوەندگیری دەکەن. لە ڕێگەی نەخشەی خێزانەوە ئەو ئەندامە خێزانییانە دیاری دەکەن کە لەوانەیە پشتگیر بن و بەشدارییان پێ دەکەن، هەروەها ناوبژیوانکارانی دەرەکی وەک مامۆستایان، پیاوانی ئایینی یان سیاسەتمەدارانی ناوخۆیی لەو ناوچانەی کێشەکەی تێدا ڕوویداوە، بەشداری پێ دەکەن. لە بەرەنگاربوونەوەی ئەنجامدەرانی توندوتیژی؛ تێکەڵەیەک لە هەڕەشەکردن بە سزای یاسایی لە لایەکەوە و پێشکەشکردنی ڕێکاری ئاشتبوونەوە لە لایەکی ترەوە، بەکاردەهێنن. هەربۆیە هەنگاو بە هەنگاو بژاردەکان تاوتوێ دەکەن. چارەسەرەکان لەوانەیە، بۆ نموونە، ئاشتبوونەوەی ژن و مێردەکە بن بە مەرجی بەدواداچوونی بەردەوام؛ یان وەرگرتنی ڕەزامەندی باوکی خێزانەکە بۆ تەڵاقی کچەکەیان لەگەڵ گەرەنتی دووبارە تێکەڵکردنەوەی لەناو خێزانەکەدا.

ڕێنماییکارە دەروونی–کۆمەڵایەتییە خۆجێییەکان ئامراز و توانای دەوڵەمەند و پێشکەوتوویان پەرەپێداوە لە هاوەڵیکردنی ژنان لە میانەی ئەم پرۆسە نێوەندگیرییانەدا و زۆر جار تەنانەت لە بارودۆخی زۆر مەترسیدار کە هەڕەشەی کوشتن لەسەر شەرەف لەئارادایە، دەگەنە چارەسەر؛ بە قەناعەتپێکردنی هەڕەشەکاران بۆ دەستهەڵگرتن لە کوشتنی کچ یان ژنەکانیان و واژۆکردنی ئەم دەستهەڵگرتنە لە دادگا. ئەو میکانیزمەی لێرە کاردەکات ئەوەیە کە هەر لەو ساتەی تیمی ڕێنماییکاری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان یان خانزاد – کە زۆر جار لەگەڵ پارێزەر یان تەنانەت پۆلیسیش هەماهەنگی دەکات (کە خێزان و لایەنە دەرەکییەکانی وەک دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و ڕێبەرانی ئایینی لەخۆدەگرێت) کێشەی تایبەتیی خێزان دەهێنرێتە ناو ڕووبەرێکی گەورەتری کۆمەڵایەتی. ئەم دەستێوەردانە دەرگایەک بۆ ئەو باوک/برایانەی هەڕەشەی کوشتنی کچەکانیان/خوشکەکانیان دەکەن کاتێک لەژێر فشاری هاوتەمەنەکانیاندان بۆ گێڕانەوەی 'شەرەفیان'، دەکاتەوە. ئەمە دەرچەیەکیان بۆ دەکاتەوە تا واز لە کوشتنەکە بهێنن بەبێ ئەوەی ناویان بزڕێت؛ بە ئاماژەدان بە

بەرژەوەندییە سیاسییەکان، ئەگەری زیانگەیاندن بە ناوچەکەیان، یان سزای یاسایی. هەر کە دەست لە بڕیاری کوشتن لەسەر شەرەف هەڵدەگرن، دەرگا دەکرێتەوە بۆ بژاردەی ئاشتکردنەوەش؛ لە هەندێک حاڵەتدا، تەنانەت بۆ گەڕانەوەی ژنە هەڕەشەلێکراوەکە بۆ ناو خێزانەکەی و، چاککردنەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان.

ئەم پرۆسانەی نێوەندگیری لەسەر پرۆسە ئاشتەواییە کۆمەڵایەتییەکان بونیادنراون کە بەشێکی سروشتیی نێوکۆ ناوخۆییەکەن، بەڵام پەرەی زیاتریان پێ دراوە بۆ ئامرازێکی ڕێنماییی دەروونی-کۆمەڵایەتی ژن-تەوەر. هەرچۆنێک بێت، ڕێنماییکارە خۆجێییەکان باش دەزانن کە یەکگرتنەوەی خێزان هەمیشە باشترین هەڵبژاردە نییە لە چاوی ژنە هەڕەشەلێکراوەکەوە. لە ڕاستیدا، وتوێژێکی چڕ هەیە دەنێو ئەو ڕێنماییکارانەی لەم پرۆسەیەدا بەشدارن لەسەر مەترسی و مەیلی ئەم ڕێچکە خێزانییە بۆ بەهێزکردنی سیستەمە خێزانییە سەرکوتکەرەکان. بۆیە، لە پاڵ ڕێنماییی تاکەکەسی، هەم نووسینگە حوکومییەکان و هەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکەن لەسەر زیادکردنی هۆشیاری و ئەنجامدانی چالاکی پەروەردەیی و بەشدارن لە هەڵمەتەکان بۆ سەربەخۆیی ئابووری ژنان و هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر، لەگەڵ داکۆکیکردنی سیاسی دژی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز و کارکردن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ڕەگەزی.

**نموونەی ٣: پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی ئێزیدی کە لەلایەن داعشەوە بەکۆیلەکران – هەڵمەتی «ناوی من ناوی دایکمە»[٣١]**

نموونەیەکی دیکە، پشتگیری هەمەلایەنی ڕێکخراوە خۆجێییەکانی ژنانە بۆ ئەو ژنە ئێزیدییانەی لە کۆمەڵکوژییەکانی داعش ڕزگاریان بوو. لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤، چەکدارانی داعش نزیکی پێنج هەزار ئەندامێکیان لە کۆمەڵگای ئێزیدییەکان لە ناوچەی شەنگال کردە قوربانی. نزیکەی شەش هەزار ژن ڕاگوێزران، بەدیل گیران و کران بە کۆیلە و دەستدرێژی دەکرایە سەریان بۆ ماوەی چەندین مانگ یان هەندێک جار تا چەند ساڵێک. تا ئێستا نزیکەی سێ هەزار ژن بێسەروشوێنن[٣٢]. ئەوانی تر ئازاد کران یان توانییان لە میحنەتگەکەیان هەڵبێن و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگاکانیان، زۆر جار لەگەڵ منداڵێک یان چەند منداڵێک کە لەئەنجامی دەستدرێژییەکانەوە لەدایک بوون. لێرەوە ڕووبەڕووی بێمتمانەیی و ڕەتکردنەوە بوونەوە و ناچار کران هەڵبژاردن بکەن لەنێوان دەستبەرداربوونی منداڵەکانیان بۆ سەرپەرشتیکردن و گەڕانەوە بۆ خێزانەکانیان یان ژیان لەگەڵ منداڵەکانیان لە دەرەوەی خێزان و کۆمەڵگەکانیان (بۆ نموونە لە شەڵتەرەکان).

ڕێکخراوە خۆجێییەکانی وەک ڕێکخراوی گەشەپێدانی خەڵک (PDO) کە بنکەکەی لە سلێمانییە و ڕێکخراوی ئێما بۆ پەرەپێدانی مرۆیی کە بنکەکەی لە هەولێرە، بەرنامەی پشتگیرییان بۆ ئەم ژنانە دامەزراند کە چارەسەری دەروونی و گرنگیدان بە زەبری دەروونی و دامەزراندنی شوێنی سەلامەت بۆ ژنان و منداڵەکانیان بۆ ژیانکردن لە خۆ دەگرت، هاوڕێ لەگەڵ دروستکردنی کەشێک بۆ خۆ-ڕێکخستن لە گرووپی هاوتەمەنەکانیاندا و ئەنجامدانی چالاکی پەروەردەیی.

لە هەمان کاتدا، ئەم ڕێکخراوانە چوونەتە ناو دانوستاندنەوە لەگەڵ ڕێبەرە ئایینیە ئێزیدییەکان و پیرانی کۆمەڵگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژنانی ڕزگاربوو بەشێوەیەکی ڕێزدار و شکۆمەندانە و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگادا. گەرچی ئەمە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو لە قبوولکردنی خودی ژنەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە،

---

٣١. ئەم پەرەگرافە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرت و زانیارییانەی لەلایەن ڕێکخراوی ناحوکمی خۆجێیی «ڕێکخراوی گەشەپێدانی خەڵک (Organization Development s‹People)» دراون، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی هەڵمەتەکە

٣٢. بڕوانە: دەربارەی جینۆساید. https://www.nadiasinitiative.org/the-genocide

لێ بارودۆخی ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەستدرێژی سێکسی لەدایک بوون هێشتا قورسە. ئەوان نەک تەنها بەهۆی جیابوونەوە لە دایکەکانیان، نەنگی و ڕەتکردنەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە ئازار دەچێژن، بەڵکو لەوەش زیاتر، بەهۆی ئەوەی باوکیان داعشییەکی نەناسراوە، جا لەبەر ئەوەی ڕێکارەکانی مافی یاسایی و هاوڵاتیبوون لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەستراونەتەوە بە ڕەچەڵەکی باوکەوە، ئەوان مافی تۆمارکردن و بەڵگەنامە و مافی هاوڵاتیبوونیان لێ زەوت کراوە، و بەمەش دەستگەیشتن بە خوێندنی قوتابخانە و چارەنووسی ژیانیشیان.

لە ساڵی ٢٠١٨، گرووپێک لە ڕێکخراوە ناحوکومییە ناوخۆییەکان و ئەندام پەرلەمانەکانی پێشوو بەشداریان کرد لە هەڵمەتی "ناوی من ناوی دایکمە" بۆ پشتگیریکردنی منداڵانی ژنە ئێزیدییەکان کە لە ئەنجامی دەستدرێژی لەدایک بوون و بە شێوەیەکی فراوانتر هەموو ئەو منداڵانەی لە دەرەوەی هاوسەرگیری لەدایک بوون و ڕووبەڕووی کێشەی تۆمارکردنی مەدەنی بوونەتەوە. هەڵمەتەکە چارەی پێویستی منداڵەکان بۆ دانپێدانان بە ڕەچەڵەکیان لە ڕێگەی دایکەکانیانەوە دەکات کاتێک باوکیان نەناسراوە. هەروەها، داکۆکی دەکات لەسەر هەمواركردنی یاسای کارتی نیشتمانی عێراقی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ڕێگەدان بە دانپێدانانی ڕەچەڵەکی دایکایەتی لە تۆماری مەدەنیدا.

لەو کاتەوەی هەڵمەتەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دەستی پێکردووە، ڕێکخەران زنجیرەیەک کۆبوونەوە و وۆرکشۆپیان ئەنجام داوە لەگەڵ دادوەران و یاساناسەکان و ڕێکخراوە ناحوکومییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حوکومەت لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، و ڕەشنووسێکی پێشنیارکراویان ئامادە کردووە بۆ هەمواركردنەوەی ماددەکانی ١٩ و ٢٠ی یاسای کارتی نیشتمانی عێراقی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٦، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێکی یاسایی گونجاو بۆ تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی لە دەرەوەی هاوسەرگیری لەدایک بوون و باوکیان نەناسراوە، بە ناوی دایکیانەوە.

ئەم هەڵمەتە نموونەیەکە لە پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی بەنێوکۆکراو کە گرنگی دەدات بە بنچینەکانی ڕەگی ساغلەمی – پەیوەستبوون بە کۆمەڵ و تێکەڵبوونی پێکهاتەیی و کۆمەڵایەتی - لە ڕێگەی ڕێوشوێنە یاساییەکانەوە. ئەم هەڵمەتە لە ڕێگەی گوێگرتنێکی قووڵ بۆ ئەو ئاستەنگە نیوکۆییە تایبەتمەندانەی ژنانی ئێزیدی (کە منداڵیان لە ئەنجامی دەستدرێژی سێکسی هەیە لایان لەپێشینەیە)، هاتە ئاراوە. بەشداریکردن لە هەڵمەتەکەدا نموونەیەکە لە یەکرێزی کە لە ڕێگەی چارەسەرکردنی بابەتەکانی داکۆکیکردنی بەکۆمەڵ بەدەست هاتووە و تەواوکەری ئەو پاڵپشتییە دەروونی-کۆمەڵایەتییە کە پێشکەش کراوە؛ لەوانەش بەڕێوەبردنی کەیسی تاکەکەسی و خێزانی، لەگەڵ ڕێنماییکاری و ڕەوانەکردن بۆ خزمەتگوزارییە دەروونی-کۆمەڵایەتییە تایبەتمەندەکان.

**ئێمە کاتێک ئاماژە دەدەین بە تێگەیشتن لە مەعریفەی ناوخۆیی مەبەستمان پێ ئەزموونی ناوخۆییە، نەک نەریت یان پراکتیزەی کلتوری. پێناسەی ڕێکارییمان بۆ مەعریفەی ناوخۆیی کۆی ئەو ئەزموون و زانستەیە کە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان پەرەیان پێداوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی و لەدەستدان و نەهامەتییەکان، و ئەوەی ئەکادیمیک و جێبەجێکاران لە پراکتیزەی ڕۆژانەیاندا بەدەستیان هێناوە.**

**دۆکیومێنتکردن و سیستەماتیزەکردنی ئەم پراکتیزانە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بەنێوکۆییکردنی مەعریفە و پراکتیزەی دەروونی-کۆمەڵایەتی.**



## بەشی پێنج

# پێکهاتەکان بۆ بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان لەسەر بەنێوکۆییکردن و سەربەخۆییکردنی مەعریفەی دەروونی کۆمەڵایەتی

## ٥. پێکهاتەکان بۆ بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان لەسەر بەنێوکۆکردن و سەربەخۆییکردنی مەعریفەی دەروونی کۆمەڵایەتی

بەشی خوارەوە ڕەنگدانەوەی ئەو وانانەن سەبارەت بەو هەلومەرجانەی بۆ بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕێکی واتاداری نێوان کۆنتێکستەکان لەسەر بەنێوکۆییکردن و سەربەخۆکردنی زانستی دەروونی-کۆمەڵایەتی، فێریان بووین.

### ٥.١ کەشی ئارام

دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ ڕامان و ڕەخنەی کراوە، لەلایەن زۆربەی بەشداربووانەوە بە یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی وۆرکشۆپەکانی بەنێوکۆییکردن لە ئینستیتیوتی مەستورەدا دادەنرێت. لە بیرکردنەوە لەوەی چۆن ئەم مەرجە بە شێوەیەکی پراکتیکی بەدیهات، ئەم لایەنانەی خوارەوە تێبینی کران:

**بەردەوامی:** داوا لە بەشداربووانی زنجیرە وۆرکشۆپەکان کرا کە پابەندبوونێکی بەهێز و بەردەوامیان هەبێت بۆ پرۆسەکە، بە ئامادەبوونی بەردەوام لە وۆرکشۆپ و گفتوگۆکاندا.

**بەهای بنچینەیی هاوبەش و پەیوەندی ڕێزدارانە:** بەشداربووان بەڕوونی هاوڕا بوون لەسەر کۆمەڵێک بەهای هاوبەش بۆ پرۆسەی بیرکردنەوەکە، لەوانەش: خەسڵەتی لەخۆڕامان و پەیوەندی ڕێزدارانە لە هەر مامەڵەکردنێکدا. کلتورێک بۆ پرسیارکردن و وادانەنان هاتە کایەوە. بۆ نموونە، لەمیانی گفتوگۆکاندا بەشداربووەکان جار جار دەستەواژەی ئینگلیزی یان دەستەواژەی دیاریکراوی تەکنیکی پەیوەندیدار بە بواری پسپۆڕییەکانیان بەکاردەهێنا کە سەخت بوو بۆ هاوڕێ بەشداربووەکانی تریان تێی بگەن.
هەر بۆیەش دروستکردنی کەشێک تێیدا هەموو بەشداربووان هەست بە پاڵپشتی بکەن بۆ داواکردن لە کەسی بەرانبەر تا دەستەواژە ئاڵۆز و گریمانە تیۆرییەکانیان بۆ شیتەڵ و ڕوونبکاتەوە، لەخۆیدا دەستکەوتێکی گەورە بوو.

> **«کەشی گفتوگۆکە بە جۆرێک بوو وا دەردەکەوت هەمووان لە هەمان پێگەی زانستی و هزریدا بن. وەک وانەکانی زانکۆ نەبوو، مامۆستا و خوێندکار نەبوون، بەڵکو هەمووان لە هەمان کاتدا مامۆستا و خوێندکاریش بوون»**
>
> **بەشداربووی وۆرکشۆپ**

**یەکسانی:** بەشداربووان لە گروپی جیاواز و جۆراوجۆری تەمەن و ڕەگەز و پیشە و، ئەکادیمی و پراکتیزەوە هاتبوون. هانی یەکسانی درا لە نێوان بەشداربوواندا  و جەخت لەسەر گرنگی پێزانین بۆ ئەزموون و شارەزایی، لەبری بڕوانامەی پیشەیی کرایەوە. لەوەوە کە بەشداربووەکان لە زانکۆ خۆجێییەکان دەیانخوێند و/یان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان دامەزراوە حوکومییەکان کاریان دەکرد، جەخت لەوە کرایەوە کاتێک قسە دەکەن وەک تاک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نەک وەک نوێنەری ڕێکخراو یان دامەزراوەکانیان.

**دەستراگەیشتن:** پرۆسەیەکی بەردەوام هەبوو بۆ گفتوگۆکردن و گونجاندنی چوارچێوەکان (وەک خشتەی کات) بەپێی ئاستەنگە تایبەتەکانی بەشداربووان، بۆ نموونە بارگرانی کار و هاتوچۆ و، بەرپرسیاریتی دایک و باوکایەتی و هتد، بۆ ئەوەی دەستگەیشتنی هەر بەشداربوویەک بە وۆرکشۆپەکان بە یەکسانی ڕێکبخرێت. وۆرکشۆپەکان لە دوای کاتژمێرەکانی کار یان لە کۆتایی هەفتەکاندا بەڕێوە دەچوون، کە ڕێگەی دەدا بە بەشداریکردنی ئەو هاوکارانەی خاوەن بارگرانییەکی زۆری کار بوون.

**خاوەندارێتی:** بابەتی وۆرکشۆپەکان، ئەجێندا و بانگهێشتکردنی میوانی دەرەکی و نێوەندگیرەکان بە هاوبەشی گفتوگۆیان لەسەر دەکرا، هەروەک گۆڕانکاری لە ئەجێنداکەشدا کاتێک پرسی گرنگ دەهاتنە ئاراوە.

**کات:** کاتێکی فرە تەرخان دەکرا بۆ هەر پێشکەشکارێک و بۆ گفتوگۆ. پێشکەشکاران بە سنوورداری کات پەلە پەلیان لێ نەکرا و، جەخت خرایە سەر ڕەوتی گفتوگۆکان لە جێی پابەندبوون بە ئەجێندای وۆرکشۆپەکەوە.

**پرۆسەی کراوە - Open Process :** هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕەکە گرنگ بوو سەرنجمان لەسەر گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و دەرئەنجامێک نەبێت. ئێمە دواوادەی دیاریکراو یان ئامانجی پێشتر پێناسەکراومان نەبوو تا پێیبگەین، سا بۆیە دەمانتوانی بەشداری لە ئاڵوگۆڕێکدا بکەین کە ڕووەو فێربوون و پەیوەندی دروستکردن بوو، نەک بەرهەمی دیاریکراوی پێشتر پێناسەکراو.

> **«ئەوە فەزایەکی جوانە کە تێیدا هەموو کەس گوێ لە یەکتری دەگرێت، قسە دەکات و لە هەمان کاتدا گوێ لە ئەزموون و شارەزایی کەسێکی دیش دەگرێت. بۆ من، ئەمە هەمیشە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە بووە.»**
>
> **بەشداربووی وۆرکشۆپ**

هەڵسەنگاندنی نێوان بەشداربووان گرنگی زیاد لەڕادەی دروستکردنی کەشێکی ئارام و سەلامەت بۆ بیرکردنەوەی کراوە وەک پێش-مەرجێک بۆ بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و دووقۆلی لە نێوان بوار و نێوکۆکاندا، دەردەخات. هەروەها، پیشانی دەدات کە سازاندنی کولتوورێکی فێربوونی دوولایەنە، پەیوەندی ڕێزدارانە و یەکسانی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی تەمەن و ڕەگەز و پیشەدا، یارمەتی دروستکردنی کەشێکی ئارام دەدات و هەستی خاوەندارێتی لە نێوان بەشداربوواندا پەرە پێ دەدات.

**ئاڵوگۆڕ لەنێوان کۆنتێکستە جیاوازەکاندا لەسەر بەنێوکۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی و سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنانی مەعریفە، پێش هەموو شتێک پێویستی بە کەشێکی ئارامە کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و فێربوون بێت. پێویستی بۆ گونجاندنی چوارچێوەکان و چارەسەرکردنی لەمپەڕەکانی کات و هاتوچۆ و ئاستەنگە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان هەیە، تا فەزاکە بۆ بەشداربووان لە سەرانسەری پیشە و بوارە جیاوازەکان و گروپەکانی تەمەن و ڕەگەز و کۆنتێکستە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان بەردەست بێت. ئەم پرۆسەیە سوود لە ئازادی جیاکردنەوەی دەستکەوتی کەسی پەیوەست بە دامەزراوە و نوێنەرایەتی وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوە بدات، لە بەرانبەر نوێنەرایەتیکردنی پێگەی دامەزراوەیی، ڕێباز یان ناوبانگ.**

### ٥.٢ فرەبواری

هەموو بەشداربووان پێزانینیان هەبوو بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان بوارە جیاوازەکان و لەخۆگرتنی هونەر وەکوو بوارێکی گرنگ بۆ بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستێکی سۆزەکی و، بەشێوەیەکی داهێنەرانە و بێ بەکارهێنانی وشە. لێرە، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە هەر بوارێک هێزێکی جیاواز دەهێنێت بۆ پەرەدان بە ڕێبازێکی هەمەلایەنەی بێ هاوتا بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.

تێبینی کرا گۆشەنیگای فرەبواری، یارمەتی دەرچوون لە بیرکردنەوە لە بازنەیەکی داخراو و زمانی پەیوەندیدار بە تاکە بوارێک دەدات. فەزا فرەبوارییەکان هانی بەشداربووان دەدەن چەمک و سەرچاوە و وادانانە بنەڕەتییەکانیان زیاتر ڕوون بکەنەوە. هەروەک یارمەتی کەمکردنەوەی بەربەستەکان دەدەن لە پرسیارکردن لە یەکتر بۆ ڕوونکردنەوەی قووڵتری زاراوە و چەمکەکان.

**«شتێک هەیە زۆر دڵخۆشم دەکات (...) ئەویش ئەوەیە کە دەبینم بە چەندین ڕێگەی جیاواز لە شتەکان دەڕوانرێت. لانیکەم، ئەم کارە لەوە دەچێت لە دیدگە و مێتۆدی جیاوازەوە تەماشا بکرێت. ئەمە جیهانێکی فرە-مێتۆدە.»**

**بەشداربووی وۆرکشۆپ**

**گفتوگۆ لەسەر تیۆری و پراکتیزی دەروونی-کۆمەڵایەتی، سوود لە ئاڵوگۆڕی نێوان بوارە زانستییەکان وەردەگرێت، کە هەر بوارێک هێزی جیاواز دەهێنێتە کایەوە بۆ پەرەدان بە ڕێبازێکی دەروونی-کۆمەڵایەتی هەمەگیر. لە سەرووی ناوەڕۆکەوە، ئاڵوگۆڕی فرەبواری هانمان دەدات ‹لە دەرەوەی سندووق› بیر بکەینەوە و لەخۆڕامانمان بەرانبەر ئەو چەمک و وادانانە بنەڕەتی و ئاستەنگانەی ئاماژەیان پێ دەدەین، زیاد دەکات.**

### ٥.٣ لێهاتوویە سەرەکییەکان: خۆخستنەوە نێوکۆ و لەخۆڕامان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

زۆربەی بەشداربووان ڕایانگەیاند کە سەرەتا بە تینوێتییەک بۆ بیرکردنەوەی بەرفراوانتر و ڕەخنەگرانە و، بیرۆکەی نوێ بەشداری وۆرکشۆپەکانیان کرد. یەک لە بەشداربووان وۆرکشۆپەکەی بەمجۆرە بۆ هاوڕێیەک پێشنیار کرد :»ئەگەر دەتەوێت لە بیرۆکەیەک دەربچیت، وەرە و گوێ لەم کۆبوونەوانە بگرە.»

هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕەکەمان ئەو گرنگییە زۆرەی نیشاندا کە بەشداربووەکان دەیبەخشن بە ڕامانی ڕەخنەگرانە، لەخۆڕامان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ئەوان بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تەنها وەک لێهاتوویەکی سەرەکی بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکان لەسەر بەنێوکۆکردن و سەربەخۆکردنی مەعریفە دانانێن، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ڕێبازی پراکتیکی پەیوەندیداریش لە کاری پیشەییاندا.

جێی بایەخ بوو کە دانیشتنە سەرەتاییەکانی زنجیرە وۆرکشۆپەکان تەرخانکرابوون بۆ پرسیاری "بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە چییە لە نێوکۆ جۆراوجۆرەکانماندا؟"

**«ئەو فەزایەی لە مەستورەدا دروستکراوە «نوێنەرایەتی پەیڕەوی فریێری لەسەر دیالۆگ دەکات. مەبەستم لەوەیە دیالۆگ دەبێت لە خوارەوە دەست پێ بکات و بەرەبەرە فراوان بێت. با هەموو ئەندامان قسە بکەن، با خەڵکی جیاواز قسە بکەن، با هەموویان ڕای خۆیان هەبێت و فلتەریان نەبێت.»**
**بەشداربووی وۆرکشۆپ**

مامۆستایانی زانکۆی کوردی بانگهێشتکران بۆ پێشکەشکردنی باسێک لەسەر قوتابخانە و تیۆرییە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ئەوان قوتابخانە ئەوروپییەکانی وەک تیۆری ڕەخنەیی کە لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەڵمانییەوە گەشەی پێدرا، ناساند. لێ نەک هەر ئەوە، نەریتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان لە نەریتە ئایینی و فەلسەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باسکرد. ناساندنی قوتابخانە ڕەخنەییە ئەوروپییەکان گفتوگۆی چڕی لەسەر دەستنەگەیشتن بە چەمک و زاراوە سەرەکییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵدابوو )کە زۆر جار بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکرێن( لەگەڵ گەڕانی هاوبەش لە گروپەکەدا بۆ زاراوەی کوردی، کە بە شێوەیەکی گونجاو واتا قووڵترەکانیان بگەیەنێت (لە ٥.٤ یش بڕوانە).

هەروەها وتوێژ لەسەر ئەوە کرا چۆن سیستەمی پەروەردەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان (وەک لە سەرەوە ڕاگەیەنرا)، بە گشتی بەئاراستەی زانستی پۆزەتیڤیستی ڕۆژئاوایی و میتۆدە چەندایەتییە پەیوەندیدارەکان و پێوەرەکانی نووسینی ئەکادیمییە و، ڕێگە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نادات (بگرە تەنانەت دژایەتیشی دەکات). ئەمە بە تایبەتی پەیوەندیدارە بە مامۆستایانەوە بۆ بردنەوەی بۆ زانکۆکانیان، بەدیاریکراوی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە نێوان مامۆستایان و ئەو بەشداربووانەدا ڕوویدا کە هێشتاکە خوێندکاری ماستەر و دوکتۆرا بوون.

دانیشتنەکانی وۆرکشۆپەکانی دواتر هەر یەکەیان ڕێکخرابوون بۆ پێشکەشکردنی بابەتێک لەلایەن بەشداربوویێکی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەڵمانیا یان باشووری ئەفریقاوە؛ هەموویان بە ناساندنێکی قووڵی پێشکەشکارەکە دەستیان پێ دەکرد، خستنەڕووی نێوکۆ و پاشخانی ئەکادیمی و ئەزموون و چوارچێوەی چەمکییان: دەرخستنی ئەوەی کام قوتابخانە و فکر و ئەزموون، شێوەیان بە ڕێباز و ژیاننامە و پراکتیزەکانیان داوە. دەرکەوت ئەم ڕاهێنانی خۆخستنەوە نێو نێوکۆیە، زێدە گرنگە. ئەمە پەیوەندی بەهێزی نێوان بایۆگرافی کەسی و پیشەیی و نێوکۆ و ساتە مێژووییەکانی نیشاندا. بەمەش تێگەیشتنێکی قووڵتری لە نێوان بەشداربووواندا پەرە پێدا و بەشداربوو لە دروستکردنی کەشێکی ئاڵوگۆڕی یەکسان.

بەم شێوەیە، ڕەنگە گرنگتر بووبێت کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و خۆ خستنەوە نێوکۆ و لەخۆڕامان بەهێز بکرێت وەک ڕەهەندێکی سەرەکی لە سەربەخۆکردنی شێوازی بیرکردنەوە و قسەکردنمان دەربارەی دەروونزانی و کاری کۆمەڵایەتی، تا ئەوەی بیین و مۆدێلێکی دیاریکراوی پێشنیازکراو یان پراکتیزێک بهێنینە نێو کەرتەکەوە. ئەمە واتا هەر جارێک تیۆرییەک یان مۆدێلێکی نوێ 'هاوردە' دەکرێت یان تەنانەت لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنرێت، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لە ڕووی ڕەگە مێژوویی و سیاسی و نیوکۆییەکانی، و ڕادەی پەیوەندیدارێتی بە نێوکۆی تایبەتی کوردی.

**لە ئینستیتیوتی مەستوورەدا، هونەری گوێگرتن و موناقەشەکردن لە مندا زیاتر پەرەی سەند. هونەری قبوڵکردنی دیدگا جیاوازەکان خاڵێکی ئەرێنی تر بوو کە زیاتر وابەستەبوونم پێوەی بۆ دروست بوو.**
**بەشداربوویەکی وۆرکشۆپ**

خەسڵەت و لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەر بۆ نموونە، بووە هۆی گفتوگۆی چڕ و خستنە ژێر پرسیاری ڕەخنەگرانەی دەستنیشانکردنی دەروونزانی و دەروونپزیشکییانەی کێشە دەروونییەکان، پێناسە باڵادەستەکانی ساغێتی و نەخۆشی و ئاسایی بوون و هتد، و ڕامانی ڕەخنەگرانە لەسەر هاوردەکردنی ڕێبازە چارەسەرییە ڕۆژئاواییەکان بۆ نێوکۆی کوردی.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لەخۆڕامان و خۆخستنەوە نێوکۆ لێهاتوویی سەرەکین بۆ دەستپێکی پرۆسەی بەنێوکۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی و، ڕەنگە بەهێزکردنی ئەم لێهاتووییانە زۆر گرنگتربێت لە هێنانی مۆدێلی پراکتیکی پێشنیازکراو**

### ٥.٤ ڕەهەندە سیاسییەکانی زمان

بەشێوەیەکی بەرفراوان باس لە ڕۆڵی سەرەکی زمان و وەرگێڕان لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستەکان و پرۆسەکانی بەنێوکۆکردن و سەربەخۆکردنی مەعریفە کراوە. (بڕوانە کاری بنەڕەتی سپیڤاک (١٩٩٣) لەسەر سیاسەتی وەرگێڕان).

بە تایبەتی، بەکارهێنانی ستانداردی زمانە ئەوروپییەکان لە نێوکۆ ئەکادیمییەکاندا و لەگەڵ ئەمەشدا پاکێجێکی تەواو لە نەریتە زانستییە پەیوەندیدارەکان و یاساکانی دانەپاڵ/سایتەیشن و هتد، ڕەهەندێکی سیاسی تایبەتی هەیە لە وڵاتانێک کە کۆلۆنیالیزە کراون – وەکوو لە حاڵەتی هەرێمی کوردستانی عێراق - و بەردەوامی بە پەراوێزخستنی دەنگە خۆجێییەکان دەدات لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا.

وۆرکشۆپەکانمان بە زمانی کوردی بەڕێوەچوون لەگەڵ پێشکەشکردنی هەندێک سیمینار لەلایەن بەشداربووانی ئەڵمانی و باشووری ئەفریقا بە ئینگلیزی. هاوکات، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەشەوە بەردەست بوو.

بەڵام هێشتاش زمان و وەرگێڕان لەسەر ئاستی جۆراوجۆر وەک ئاستەنگێکی جێگیر مایەوە لە سەرانسەری پرۆسەی ڕامان و بیرکردنەوەکەدا. دەوڵەمەندی ئەو چەمکانەی لەلایەن بەشداربووانەوە ناسێندران و گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، ڕەگداکووتانیان لە مێژوودا و گریمانە و باوەڕ و هەستە پەیوەندیدارەکان، ئەگەر هەیە لە وەرگێڕاندا بفەوتێن و بەجۆرێک لە جۆرەکان سکیماتیک بن.

ئەو زاراوانەی وەرگێڕە پیشەییەکان لە کاتی کاری نێوەندگیری و وەرگێڕاندا بەکاریدەهێنن، زۆرجار لەژێر کاریگەریی ئەو وشەسازییە تایبەتییەدان کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحوکومییە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەکاردەهێنرێن، و ئەو خێراییەش کە لە وەرگێڕاندا پێویستە، بوارێکی زۆر بۆ بیرکردنەوە و تێڕامانی درێژخایەن لەبارەی زاراوە بەکارهاتووەکانەوە ناهێڵێتەوە.

بە گشتی، هەندێک جار قورس دەبوو دەربڕینی کوردی بۆ تیۆری و چەمکەکان بدۆزرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەشداربووان پێویستییەکی زۆریان بۆ شیکردنەوەی زاراوە ئەکادیمی و زانستییەکان دەردەبڕی، بەجۆرێک زیاتر بێت لە وەرگێڕانی تەکنیکی بۆ چەمکەکان و ئاشکراکردنی سەرچاوە و واتا نێوکۆیی و مێژوویی و سیاسییەکانیان، بگرێتەوە.

کاتێک باس لە زمان وەک ئاستەنگ دەکەین، تەنیا مەبەستمان پێی لە وەختی ئاڵوگۆڕ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکوو تەنانەت لە ئاڵوگۆڕی نێوان بەشداربووە کوردەکانیشدا. ئەکادیمیستە ناوخۆییەکان زۆرجار لە

پیشکەشکردنی چەمک و پراکتیزەکاندا زاراوە ئینگلیزییەکان بەکاردەهێنن، ئیدی چ بەهۆی نەبوونی وەرگێڕانی کوردی دەقیق یان وەرگێڕانێک کە هەمووان کۆک بن لەسەری. هەربۆیەش چەمکەکان بەبێ گونجاندنی نێوکۆیی تێدەپەڕێن و بۆ کەسانی دی بە نەزانراوی دەمێننەوە.

لە سەرانسەری پرۆسەی هەڵوەستەکردنەکەماندا، گرنگی دراوە بە شیکردنەوەی وردی زاراوە تەکنیکی و پیشەییەکان – (دیسانەوە: لەڕێی پرسیارکردن، نەک وادانانی بەرانبەرێک بۆیان) – و گەڕان بۆ دەربڕینی گونجاو بە زمانی ئینگلیزی و کوردی، وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکرا. بۆ نموونە، هەر خودی زاراوەی دەروونزانی (Psychology لە ئینگلیزیدا) شیکرایەوە، بە شیتەڵکردنی هێزە مێژوویی و سیاسی و نیوکۆییە جیاوازەکان لە گەشەپێدان و بەکارهێنانی زاراوەی لەوجۆرەدا.

**دەروونزانی Psychology**

- **لێکۆڵینەوە لە هزر و ڕەفتار**
- **لە کوردیدا: دەروونزانی**
- **nomy–“» بۆ ئەو سیستەم و یاسایانە دەگەڕێتەوە کە لەنێو بوارێکدا هەیە، لە کاتێکدا (logy–) دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە یان زانستی ئەو بوارە.**
- **پاشگری (...ناسی) بەرانبەر مجموعه معارفی عەرەبی، (nomy–) ی ئینگلیزی بەکار دەهێنرێت.**
- **پاشگری (...زانی) بەرانبەر (علم)ی عەرەبی یان (logy–)ی ئینگلیزی بەکار دەهێنرێت. بۆیە لێرەدا کەڵک لە «...زانی» وەردەگیرێت، چونکە بابەتەکە لە زانست (علم) ی بوارەکە دەدوێت. چونکە پێشتریش وشەی زانست لە «زانین»ەوە وەرگیراوە، ئێستەش پاشگری «...زانی» بەکار دەهێنرێت.**
- **دەروونزانی، کۆمەڵزانی، زیندەزانی، نەخۆشیزانی، دەرمانزانی**
- **ئەستێرەناسی، خۆراکناسی**

**لە نموونەی وۆرکشۆپێک کە لەلایەن دیاری سابیر حەمەئەمینەوە پێشکەش کرا**

وتوێژێکی چڕ دروست بوو لەسەر واتا و ئەو هەست و گریمانانەی لە نێوکۆ جیاوازەکاندا لکێنراون بە زاراوە دەروونییەکانەوە، و هەتا زاراوە سادەترە زانستی و فەلسەفییەکانی وەک پارادایم و جیهانبینی و، خودی وشەی گریمانەش.

سەختی تەنیا لە وەرگێڕانی زاراوە زانستییەکاندا بەدی نەکرا، بەڵکوو هەتا لە دۆزینەوەی وەرگێڕانێکی گونجاو بۆ ئەو وشە سەرەتاییانەی پەیوەندییان بە هەستەوە هەیە، بۆ نموونە بۆ دۆزینەوەی بەرانبەرێکی گونجاو لە کوردیدا بۆ زاراوەی ئینگلیزی grief، و جیاکردنەوە لەنێوان grief و mourning و bereavement. هەروەها، وشەیەکی کوردی تایبەتمان نییە بۆ trauma. زاراوەی عەرەبی سەدمە، کە هەر واتای شۆک دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، هاوکارە خۆجێییەکانیش بەزۆری ئاماژە بە زاراوەی کوردی ’برینی دەروونی‘ دەکەن، کە واتای برینی ڕۆح دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا، خەڵکی کورد دەربڕینی وەک ”دڵم قورسە،“ یان ”دڵم ڕەشە،“ بۆ وەسفکردنی کاریگەری زەبری دەروونی یان میزاجی خەمۆک بەکاردەهێنن.

بەشداربووان تامەزرۆییەکی زۆریان هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ شیعر و ئەدەب و پەندی کوردی، بە مەبەستی دۆزینەوەی زاراوەی گونجاو و بەنێوکۆکراو بۆ دیاردە دەروونی و سۆزەکی و کۆمەڵایەتییەکان.

هەڵوەستە لەسەر خەسڵەت و ڕەهەندی سیاسیی وەرگێڕان کرا. بەکارهێنانی زۆری زاراوەی ئینگلیزی وەرنەگێڕدراو، بۆ نموونە لەو دەستەواژانەی لە چواچێوەی (MHPSS)دان وەک pathology، یان depression، یانیش لە بەرنامە بەرفراوانترەکانی هاوکاری و گەشەپێدانی مرۆیی وەک ownership و participation و هتد، یاخود بەکارهێنانی کورتکراوەکانی وەک CBT، PTSD یان NET لە گفتوگۆ ناوخۆییەکان و ڕاهێنان و کۆنفرانسەکاندا، ئەمە بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی بازنەیەکی داخراو لە پسپۆڕانی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتیی نێودەوڵەتی و خۆجێیی و کاریگەری لەسەر بیر و هەڵسوکەوتی ئەم پسپۆڕانە دادەنێت؛ دووریان دەخاتەوە و دایاندەبڕێت لە واقیع و شێوازی تێگەیشتن و زمانی چارەخوازەکانیان و، هەتا گروپە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانی دیش. ئەم دابڕانەش لە کۆتاییدا بەردەوامی بە هەژموونی مەعریفەی ڕۆژئاوایی و ئەورووپا-سەنتەر دەدات؛ بیر لەوە کرایەوە چۆن یەکتری و هاوکارانی تر هان بدەین بۆ بەکارهێنانی زاراوەی کوردی لە گفتوگۆ لەگەڵ چارەخواز و کەسانی دیدا.

بەم شێوەیە، زمان بەتەنها بەربەست نییە، بەڵکو پشکی هەیە لە داماڵینی چەمکەکان لە نێوکۆ و، یارمەتیدەرە لە بەنێوکۆکردنی ڕێبازەکان و سەربەخۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی.

بوونی تێگەیشتنی هاوبەش کە وەرگێڕانی زاراوە لە ڕێزمان و وشەسازی زیاتر دەڕوات، بووە هۆی چالاکیەکی هاوبەشی بەشداربووانی وۆرکشۆپەکان بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی-کوردی بۆ زاراوە و چەمکە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسەر بنەمای وەرگێڕانی ڕووتی زاراوەکە نابێت، بەڵکوو بۆچوونەکان لەسەر ڕەگە مێژووییەکانی زاراوەکە و بەکارهێنان و ناکۆکییەکانی دەوریشی لەخۆ دەگرێت. وەها فەرهەنگۆکێک هەر بە هەوڵێکی هاوبەش لەلایەن پسپۆڕانی دەروونی-کۆمەڵایەتی و وەرگێڕە پیشەییەکانەوە گەشەی پێ دەدرێت.

هەروەها بەشداربووان مەیلێکی بەهێزیان نیشاندا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە زمانی کوردی و دەستخستنە سەر کێشە دەروونی-کۆمەڵایەتییە تایبەت و پەیوەندیدارەکان بە نێوکۆی کوردی و، لە هەمان کاتدا گەشەپێدانی زاراوەگەلێکی کوردی کە دەستڕاگەیشتن بە پێداویستی و ڕێبازە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان بۆ جەماوەرێکی خۆجێیی بەرفراوانتر فەراهەم بکات. وەها توێژینەوەیەک نەک تەنها سەرچاوەی بەردەست بە زمانی کوردی بۆ خوێندنی ئەکادیمی و پیشەیی زیاد دەکات، بەڵکو بەشداریش دەکات لە پەروەردەکردنی دەروونی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر. هەروەها، خواستێکی بەتین لەلایەن بەشداربووە کوردەکانی وۆرکشۆپەکان هەیە بۆ زیادکردنی بەردەستبوونی وەرگێڕانی کوردیی ئەو توێژینەوانەی لە بواری دەروونزانی و دەروونی-کۆمەڵایەتیدا ئەنجام دراون و لە بنەڕەتدا بە ئینگلیزی یان زمانی تر نووسراون.

**«پێشتر پێموابوو دەبێت توێژینەوەکەم بە زمانی بیانی بنووسم، چونکە بەوجۆرە باشترە و زیاتریش بەردەستە. لێ ئێستە گەیشتووم بەوەی گرنگە سەرنجی زیاتر بخەینە سەر زمانی دایک تا کارەکەی ئێمە مەعریفە و زمانی کۆمەڵەکەمان لاواز نەکات. ئێمە بەپێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکەمان دەیگونجێنین».**

**بەشداربوویەکی وۆرکشۆپ**

زمان بزوێنەری سەرەکییە لە بەردەوامیدان بە باڵادەستی مەعریفەی ڕۆژئاوایی و، چارەسەرکردنی کێشەی زمان توخمێکی سەرەکییە لە پرۆسەکانی بەنێوکۆکردن و سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنانی مەعریفە.

بەنێوکۆکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی پێویستی بە بوار و ڕامانی قووڵ و ئاڵوگۆڕی زاراوەزانی هەیە، کە زیاتر بێت لە وەرگێڕانی تەکنیکی وشەکان. زاراوە دەروونی-کۆمەڵایەتییە ئەکادیمییەکان و زاراوەکانی پەیوەست بە پراکتیزەوە، پێویستیان بە شیتەڵکردنی ورد و تێگەیشتنە لە بەرزەمینە مێژوویی و گریمانەیی و سیستەمە باوەڕییەکانیان

پێویستە فەرهەنگی زاراوەی داینامیکی و زیندوو لەسەر بنەمای ئەم گفتوگۆیانە و کاری هاوبەشی نێوان شارەزاکانی بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی و وەرگێڕە پیشەییەکان پەرەی پێ بدرێت. کە تێیدا زمانی نێو شیعر و ئەدەب و پەندە کوردییەکان لەخۆبگرێت، بۆ پەرەدان بە زاراوەی گونجێنراو بە دیاردە کۆمەڵایەتی و سۆزەکی و دەروونییەکان.
پێویستە هانی توێژینەوە بە زمانی کوردی و وەرگێڕانی کوردی بۆ دەقە ئینگلیزییەکان و، وەرگێڕانی ئینگلیزی بۆ توێژینەوە کوردییەکان بدرێت، بۆ بەهێزکردنی مەعریفە و زاراوەی دەروونی-کۆمەڵایەتی.
دەبێت پەرە بە وەرگێڕانی گونجێنراو بە نێوکۆ بۆ ئەو توێژینەوانەی لە بواری دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدراون، بدرێت.

### ٥.٥ لە ڕامانە سەربەخۆکانەوە بەرەو پراکتیزی بەنێوکۆکراو

لە درێژایی گفتوگۆکانماندا، گرژییەکی بەردەوام هەبووە لە نێوان ڕەخنەگرتنی وردی چەمک و ڕێبازەکان بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، و هاوکات کێشەی دەستنیشانکردن و «چارەسەر»کردنی ئاستەنگییە پیشەیی و پراکتیکییەکانی ڕۆژانە. بەشداربووان ڕایانگەیاند، وەختێک خەریکبوون لە وۆرکشۆپەکاندا چەمک و زاراوەکانیان لە ئاستی تیۆریدا شیدەکردەوە، بە ئاسانی دەگەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێچکە دیاریکراوەکان لە کاری ڕۆژانەیان لەگەڵ گرووپە هەستیارەکاندا. ئاستەنگییەکانی کاری ڕۆژانە و ئاڵۆزیی ئەو کێشانەی پیشەوەرانی کورد ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، فشار دروست دەکەن بۆ دۆزینەوەی مۆدێل یان پراکتیزی کردەیی ناوخۆیی بۆ پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی. هەڵسەنگاندنی وۆرکشۆپەکان داخوازییەکی بەهێزی بەشداربووانی ناوخۆیی دەردەخات بۆ ناساندن و هاوبەشیکردنی زیاتری چەمک و ئامرازی پراکتیکی پەیوەندیدار بە بەرزەمینەی خۆجێییەوە.

لە زنجیرە وۆرکشۆپەکاندا دەرفەت درا بە هاوکارە ناوخۆییەکان بۆ ناساندن و باسکردنی ئەزموونە پراکتیکییەکانیان لە ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ پەنابەران و کەسانی ئاوارە و ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز بوونەتەوە. هەروەها باس لەو ئاڵەنگارییانە کرا کە ئەو هاوکارە ناوخۆییانەی

له وڵاتە ئەورووپییەکاندا خوێندوویانە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە دروستکردنی پردێک لەنێوان ئەو زانستەی وەریانگرتووە لەگەڵ ئەو کێشە کۆنکریتییانەی لەم بەرزەمینەیەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

هاوتەریب لەگەڵ وۆرکشۆپەکاندا، دوو هەفتە جارێک وۆرکشۆپێک بۆ جەماوەرێکی بەرفراوانتر ڕێک دەخرا، تێیدا ئەزموونی دەروونزانە کلینیکییەکان ناسێندرا لەگەڵ ستراتیجییەکانی نێوەندگیری خێزانی بۆ حاڵەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، وەک ئەوانەی لەلایەن ڕێکخراوە حوکومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پەرەیان پێ دراوە.

لە هەمان کاتدا، بە ئەزموون بۆمان دەرکەوت ڕەخنەگرتنی وردی تیۆری و ڕێبازەکان و پرسیارکردن لە پێناسەکانی ئاسایی بوون و لادان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازەکانی کارکردنی ڕۆژانە هەبوو. بەشداربووانی وۆرکشۆپەکان ڕایانگەیاند کە بە وردی زیاترەوە گوێیان لە نەخۆش و جیهانبینی و بۆچوونەکانی دەگرت. بایەخی زیاتریان دەدا بەوەی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزدا لە نەخۆشەکان تێبگەن، لەجێی ئەوەی بەخێرایی بە نەخۆشییەک دەستنیشانیان بکەن کە بە مێشکیاندا دەگوزەرێت.

**«گفتوگۆکان منیان لەوە دەرهێنا کە حاڵەت و نەخۆشەکانم تەنها لە ڕێگەی ڕێبەرێکەوە ببینم، بەڵکو هەوڵ بدەم لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا لێیان بڕوانم.»**
**بەشداربووی وۆرکشۆپ**

هەروەها، باس لەوە کرا لەجێی دۆزینەوەی «ڕێچکە» یان «سندوقی ئامراز»ی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی پێویستی بە کۆمەڵێک لێهاتوویی سەرەتایی هەیە وەک هاوسۆزی و گوێگرتن و پەیوەندی ڕێزدارانە و شکۆدار، لەگەڵ کرانەوەبوونێکی تەواو بەرانبەر جیهانبینی و سیستەمی باوەڕ و بازنەکانی پشتگیری کەسی بەرانبەر. ئەم کرانەوەیە، پێش هەمووشتێک، پێویستی بە خاکەڕایی و توانای پاشەکشەکردن هەیە لە چوارچێوە و باوەڕە پیشەییەکانی خۆت.

هەربۆیە، پرۆسەی پەرەپێدانی ڕێبازێکی پراکتیکی ناوخۆیی بەنێوکۆکراو، بەتوندی پەیوەستە بە لێهاتوویی سەرەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لەخۆڕامان و فێربوونی دوولایەنە.

لەگەڵ ئەوەشدا، داخوازی و پێشنیازێکی بەهێز هەبوو لەنێو بەشداربووواندا بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر لایەنە پراکتیکییە بەنێوکۆکراوەکانی کاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و، ناساندن و هاوبەشیکردنی ستراتیجی بەنێوکۆکراوی ناوخۆیی دەربارەی دەروونساغی و کاری کۆمەڵایەتی کە پەیوەندییان بە کاری پراکتیکییانەوە هەیە.

جێبەجێکاران پێشنیازیان بۆ توێژەرانی ئەکادیمی ناوخۆیی کرد کە لە کاری ڕۆژانەیان لەگەڵ چارەخوازەکانیاندا هاوەڵییان بکەن، پراکتیزەکانی ڕۆژانەیان لە ڕێنماییکردنی دەروونیدا دۆکیومێنت بکەن و بیخەنە سیستەمێکەوە و، پێکەوە بیر لەوە بکەنەوە دەکرێت چی یارمەتیدەر بێت، چی زیان بگەیەنێت، و چی دەکرێت باشتر بکرێت، بەمەش دەرفەتێک بۆ وردبوونەوەی زانستی لە پراکتیزی دەروونی-کۆمەڵایەتیی پەرەپێدراوی ناوخۆیی دروست

دەکەن. ئەم توێژینەوە هاودەستییە لە نێوان توێژەران و جێباجێکاراندا پێویستی بە تێڕامانی وردە لەسەر بەهای ئاکاریی هاوبەش و پاراستنی چارەخوازەکان.

**پەرەپێدانی پراکتیزی دەروونی بەنێوکۆکراو یان پراکتیزێک کە بە باڵای ناوچەکە بڕابێت پەیوەندی بە 'ڕێچکە' و 'سندوقی ئامراز'ەوە Tool boxنییە. بەڵکە پێویستی بە سەنجدانی ورد و دۆکیومێنتکردن و بە سیستەمکردنی ئەو ستراتیجییانە هەیە کە خەڵک و جێبەجێکارە ناوخۆییەکان لە دەمی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و نەهامەتیدا بەکاری دەهێنن. لێهاتووییە جەوهەرییەکان بۆ دۆزینەوەی پراکتیزی بەنێوکۆکراو بریتین لە: لەخۆڕامان و خەسڵەتی هاوسۆزی و خاکەڕایی و گوێگرتن و پەیوەندییەکی شکۆدارانە، هاوڕێ لەگەڵ کراوەبوونێکی تەواو بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە جیهانبینی و سیستەمی باوەڕ و، بازنەی پشتگیری چارەخواز و کەسی بەرانبەر.**



## بەشی شەش

# هەنگاوەکانی دواتر

## ٦. هەنگاوەکانی دواتر

ئەو ئەنجام و سەرنجانەی لە وۆرکشۆپەکانی ئینستیتیوتی مەستوورەوە بەدەست هاتن، لەگەڵ زانکۆ ناوخۆیی و نوێنەرانی دەزگا حوکومییەکان (بەشەکانی فاکەڵتی تەندروستی و پەروەردە و هتد) و، ئەکادیمیک و جێبەجێکارانی دیدا لە بۆنە و کۆبوونەوە جیاوازەکاندا، هاوبەشی پێ کرا. ئەم پێشنیازانەی دادێن لەلایەن بەشداربووانی وۆرکشۆپەکان و لایەنە ناوخۆییە پەیوەندیدارەکانەوە خراونەتەڕوو بۆ بەردەوامیدان و فراوانترکردنی چالاکییەکان.

### بەردەوامیدان بە ئاڵوگۆڕییەکە

- برەودان بەئاڵوگۆڕی بەردەوامی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی لەنێوان بەستێنە جیاوازەکاندا و لەخۆگرتنی ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوکارانی شوێنەکانی تری جیهانی باشوور (وڵاتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین)
- بەشداربوون لە ئاڵوگۆڕ و وتوێژی قووڵ لەگەڵ هاوکارانی ئەمریکای لاتین، بۆ فێربوون لەبارەی دەروونزانی ڕزگاری و پێداگۆجی ستەملێکراوان.

### گەشەپێدان و دەستڕاگەیشتن

- پلاندانان بۆ چالاکی گەشەسەندووانە و زیاتر دەستڕاگەیشتوو بە کەسانی تر لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیا و هونەر بۆ وەستانەوە لە دژی ئەو نەنگییە کۆمەڵایەتییەی بەرانبەر کێشە دەروونییەکان هەیە.
- هێنانەناوەوەی کەسانی گەنج و خوێندکار و چالاکوانەکان بۆ گفتوگۆ لەسەر بەنێوکۆییکردنی مەعریفە.

### بەهێزکردنی توێژینەوەی ناوخۆ لەسەر پراکتیزە دەروونی-کۆمەڵایەتییە بەنێوکۆکراوەکان

- جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر پەرەدان بە مێتۆدی بەنێوکۆکراو و چەندایەتی بۆ پرۆژەی توێژینەوە لە بەستێنی کوردیدا، خۆبەدوورگرتن لە پەرگیری/جەمسەرگیری؛ هەروەها، وردبوونەوە لە ئامرازە گونجێنراوە نەریتی و کولتوورییەکان لە توێژینەوەی چەندایەتی پشتبەستوو بە بەڵگە، کە لە مۆدێلە پزیشکییەکانەوە لادەدات بۆ ڕێبازە گشتگیرترە چارەخواز یان ڕزگاربوو- سەنتەرەکان.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش لەلایەن هەردوو هاوکارانی خۆجێی و نێودەوڵەتییەوە لەسەر ئەو ئاستەنگە دیاریکراوە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی لە نێوکۆی کوردیدا هەن، و پێکەوە پەرە بە مێتۆدی هەستیار بە نێوکۆبدەن.
- هاندانی توێژینەوەی هاوبەش بۆ هەڵسەنگاندنی پراکتیزە ڕۆژانەییەکانی جێبەجێکارە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ نموونە، توێژەران هاوەڵی جێبەجێکارەکان بکەن و، ڕێبازەکانیان بەسیستەم بکەن و دۆکیومێنتیان بکەن.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی مێتا-ئەنالەسس بۆ ئەو توێژینەوە کوردییانەی لە بواری کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدراون.

• جەخت بخرێتە سەر لایەنە هونەرییەکان و بخرێنە ناو توێژینەوەکان لەسەر بەنێوکۆییکردنی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، گرنگی بدرێت بە بەشداربوونی سینەما و موزیک و هونەرە جوانەکان لە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

**هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکاندا**

• فراوانکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی کرداری بۆ چارەسەرکردنی کەلێنی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە زانکۆکاندا.

• دانانی پرۆگرامی پشتگیری بۆ ئەو خوێندکارە کوردانەی لە پرۆگرامەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرادا دەخوێنن، لەوانەش: سەرپەرشتیکردن و ڕاهێنان پێدان لە مێتۆدەکانی توێژینەوە و فەراهەمکردنی دەستگەیشتن بە سەرچاوە و هاوکاریکردنیان لە بڵاوکردنەوەی کارەکانیاندا.

• هەماهەنگی لەگەڵ کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆ ناوخۆییەکان بۆ بەشداربوون لە گۆڕانێکی پارادایمی بەرەو داننانێک/بایەخدانێکی زیاتر بە ڕێبازە دیاردەزانییەکان و مێتۆدە چۆنایەتییەکان و خستنەناوەوەی ئەو چەمک و پراکتیزانەی لەناوخۆدا گونجێنراوە و گەشەی پێ دراوە لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ خوێندنی ئەکادیمی.

• ئەنجامدانی کۆنفرانس لەسەر سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مەعریفەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی کوردستاندا.

**هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە حوکومییەکاندا**

• ئەنجامدانی وۆرکشۆپ لەسەر چۆنییەتی خۆماڵیکردن و بەنێوکۆییکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی لەناو دامەزراوەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستاندا.



# بەشی حەوت

# پوختە و پێشنیازەکان

## ٧. پوختە و پێشنیازەکان

### بۆچی پێشنیازەکان؟

یەک لەو وانە جەوهەرییانەی لە پرۆسەی بەنێوکۆییکردندا فێری بووین، ئەوەیە کە دۆزینەوەکان بەستراون بە کۆنتێکستێکەوە و ناتوانین بە ئاسانی گشتاندنی بۆ بکەین بۆ کۆنتێکستەکانی تر. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، لەم بەشەی کە دێت هێشتاش هەوڵ دەدەین هەندێک پوختە و پێشنیازی دی هەڵێنجین تا هانی ئەکادیمست و جێبەجێکارانی کاری کۆمەڵایەتی لە بەستێنەکانی تردا بدەین بەشداربن لە ئاڵوگۆڕی نێوان بەستێنە جیاوازەکاندا بۆ مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی و بەنێوکۆییکردن، لەگەڵ سەربەخۆکردنی بەرهەمهێنانی مەعریفە لە کەرتەکەدا.

### ئاڵوگۆڕی نێوان بەستێنە جیاوازەکان

گەرچی ئەوە ئەکادیمست و جێبەجێکارە خۆجێییەکانن کە لە هەمووان باشتر دەزانن چی دەکرێت بەکەڵک بێت و چی بێ کەڵکە لە نێوکۆی خۆیاندا، لێ لەگەڵ ئەوەشدا بینیمان ئاڵوگۆڕی نێوان بەستێنە جیاوازەکان وەک لە نێوان شارەزایانی ڕۆژئاوا/باکوور و ڕۆژهەڵات/باشووردا، دەکرێت یارمەتیدەر بێت. لەوەوە کە ئەمە ئاڵەنگاری شارەزاکان دەکات و هانیان دەدات تا بەوردی لە هەموو لایەنەکانەوە بیر لە چەمک و ستراتیجییەکانیان بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی بکەنەوە و، پەردە لەسەر ڕەگداکووتان/بنەچەی مێژوویی و گریمانە بنچینەیی و سیستەمەکانی بیروباوەڕ و جیهانبینییان لادەن. ئەمەش لە بەرانبەردا پرۆسەی بیرکردنەوە و فێربوونی دوولایەنە و دەوڵەمەندبوونی مەعریفی، زیاد دەکات. بەشداربوونی واتادار لە بەستێنە جیاوازەکانەوە نیازی بە یەکسانی و خاکەڕایی و ڕێبەرایەتی هاوبەشە بۆ پرۆسەکانی بەنێوکۆییکردن، نەک تەنها بەشدارپێکردنی ڕواڵەتی.

### تێگەیشتن لە نێوکۆ

بۆ پەرەدان بە مەعریفە و پراکتیزی دەروونی-کۆمەڵایەتی بەنێوکۆکراو، لە پێش هەموو شتێکەوە تێگەیشتن لە نێوکۆ پەیوەندیدارەکە بنچینەییە. لە پرۆسەکانی پلاندانانی پرۆگرامە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان، هەڵسەنگاندن بۆ کێشە و شیکردنەوەی بەستێنی، نابێت بەتەنها سەرنج بخاتە سەر ناکۆکییە هەنووکەیی و ئاستەنگە دەروونی-کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان، بەڵکوو دەبێت هێڵی کاتیی مێژووییش لەخۆبگرێت؛ بە مێژووی توندوتیژیدا بچێتەوە لە ناوچە دیاریکراوەکەدا و لە چیرۆکە دژواز و پێک ناکۆکەکانی قوربانیبوون بڕوانێت. هەروەک، ئەزموونە پێکداچووەکانی توندوتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییش لەبەرچاو بگرێت.

مێتۆدی هەمەگیر بۆ پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی پێویستە، کە قوربانی و ڕزگاربووانی توندوتیژیی ئێستا و ڕابردوو و، پەنابەر و خەڵکە خانەخوێ و هاوشێوەکانی لەخۆبگرێت، بۆ خۆبەدوورگرتن لە سووتەمەنی دان بە ناکۆکی زیاتر و کێبڕکێی نێوان تاقمە قووربانییەکان. پتر، شیکاری بەستێنی دەبێت ئەو ئاستەنگە دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتییانەی ڕووبەڕووی ئەکادیمیست و جێبەجێکارانی نێوکۆ دیاریکراوەکە دەبێتەوە، دەستنیشان بکات. ئەمەش سەرنج خستنە سەر لاوازییە چوارچێوەییەکان و پارادایمە باڵادەستەکانی زانکۆ و خوێندنە پیشەییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی وەک نەنگی خستنە سەر کێشە دەروونییەکان و ڕەتکردنەوەی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی پرۆفیشناڵ.

تێگەیشتنی نێوکۆییانە ڕێگەدان بە هاتنەناوەوەی پێویستی لەپێشینەیی جیاواز لەوەی پلانی بۆ دانرابوو یان پێشبینی کرابوو لەمیانەی پرۆگرامە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکەدا چارەسەر بکرێت، دەگرێتەوە. بۆنموونە، لەمیانەی وەگەڕخستنی پرۆگرامێکدا کە بەجۆرێک داڕێژراوە سەرنجی سەرەکی لەسەر پێدانی ڕێنمایی دەروونی-کۆمەڵایەتی بێت، ڕەنگە دەرکەوێت کە پێویستی لەپێشینەتر دەستەبەرکردنی داکۆکیکردنێکی یاساییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی کە کاریگەری خستووەتە سەر ژیانی زۆرێک.

شیکردنەوە و لەمێژوودانان و بەنێوکۆکردنی چوارچێوە بەردەستەکانی زەبری دەروونی و کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەروونساغی و پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی

بەنێوکۆکردنی تیۆری دەروونی-کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکی یەکسەرە نییە بۆ گونجاندنی ئەو چوارچێوە بەردەستانەی لە نێوکۆی ناوخۆدا هەن. لەبری ئەوە، پێویستی بە تێڕوانینێکی قووڵ هەیە لە چوارچێوە بەردەستەکانی زەبری دەروونی و کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەروونساغی و پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی. هەروەها، پێویستی بە تێگەیشتن لە ڕەگداکوتانە مێژوویی و چوارچێوە تیۆری و ناکۆکییەکانی دەوروبەریان هەیە.

ئەم شیکردنەوەیە بۆ چوارچێوە بەردەستەکان پرسیارە بنچینەییەکانی وەک "ئەم چوارچێوانە چ پێناسەیەکی ئاساییبوون و ئاسایی نەبوون دەگوێزنەوە؟"، " چۆن چەمکاندن بۆ ساغێتی، نەخۆشی و ساغلەمی دەکەن؟ هەروەها، "چۆن پێناسەی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەکەن؟"

دەرکەوت ئەم هەڵوەستەکردنانە بایەخێکی گرنگیان هەبووە لە توانادان بە تێکڕای بەشداربووانی ئاڵوگۆڕەکە بۆ دەرکردنی بڕیاری وریایانە سەبارەت بەوەی چی چەمک و ئامرازێک لەم چوارچێوە مەعریفییانە بە بەسوود دەزانن بۆ نێوکۆکانیان و چیش بە بەسوود نازانن. هەروەها، ئەمە یارمەتییان دەدات لە پەرەدان بە ڕێبازی گونجاو بە نێوکۆی خۆیان.

## دۆزینەوەی مەعریفە و پراکتیزی ناوخۆیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئازار و کێشە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا

پرۆسەکانی بەنێوکۆییکردنی مەعریفەی دەروونی-کۆمەڵایەتی نابێت هەر ‹هێنانی› مەعریفە بێت لە کتێبە نێودەوڵەتییەکانی بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی و MHPSS بەسادەیی بێت و هەندێک نموونە لەسەر پراکتیزە 'کلتوریيە' ناوخۆییەکان زیاد بکات، تا هەر کەمێک ڕەنگی ئەو کۆمەڵە مەعریفەیە بکات کە بوونی هەیە. لەجێی ئەوە، ئەم چەشنە پرۆسانە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە لە تێگەیشتنە خۆماڵییەکان سەبارەت بە ئازار و نارەحەتی دەروونی، لەگەڵ تێگەیشتن لە چەمک و پراکتیزە ناوخۆییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەهامەتی و چاکبوونەوەدا.

دەرخستن و گەڕان بۆ پراکتیزە ناوخۆییەکان نابێت سنووردار بکرێت لە پراکتیزێکی دیاریکراوی ناوخۆیی و نەریتی و کلتوری و ڕۆحانی یان ئایینی، بەڵکوو دەبێت بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بڕوانێتە ئەوەی چۆن تاک و کۆمەڵگە نێوخۆییەکان کە بە چەندین ئەزموونی شەڕ و ناکۆکی و توندوتیژی سەختدا تێپەڕیون، لەگەڵ ئازار و لەدەستداندا مامەڵەیان کردووە، و چ ستراتیجییەکی خۆگونجاندنی تاکی و بەکۆمەڵیان پەرە پێ داوە.

هەروەها، دەبێت دۆکیومێنتکردن و بەسیستەمکردنی ڕێباز و چەمک و ئامرازی جێبەجێکارە ناوخۆییەکان لەو پراکتیزە دەروونی-کۆمەڵایەتییانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دەدەن، لەخۆبگرێت.

ئەم تێگەیشتنە لە پراکتیزی ناوخۆیی بە شوێن 'بێگەردی' ناوخۆییدا ناگەڕێت، بەڵکوو لەدووی دۆکیومێنتکردن و بەسیستەمکردنی ستراتیجییە ناوخۆییەکانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا، ئیدی چ لە کەرتە پیشەییەکان یان ناپیشەییەکاندا بێت. ئەمەش کۆمەکی دەکات لە خۆبەدوورگرتن لە پێدانی سیمبولێکی ڕۆمانسییانە بە پراکتیزە نەریتییەکان و بەکلتورکردنی شارەزایی هاوکارە ناوخۆییەکان.

### کەشی سەلامەت، بەردەوامی و یەکسانی

پرۆسەی بەنێوکۆییکردن و ئاڵوگۆڕی نێوان بەستێنە جیاوازەکان پێویستی بە کەشی سەلامەت و ئارام هەیە، کە تێیدا پلەبەندی پیشەیی و بەستێنی لە گفتوگۆکاندا بەرهەم نەهێنرێتەوە و هەمووان لە یەک کاتدا وەک خوێندکار و مامۆستا لێیان بڕوانرێت.

دروستکردنی ئەم کەشە سەلامەتانە پێویستی بە:

- کات و پابەندبوونی درێژخایەن و بەردەوامی بەشداربووان هەیە.
- یاسای بنچینەیی هاوبەش بۆ گفتوگۆ، وەکوو پەیوەندیبەستنی ڕێزدارانە، گوێگرتنی و ورد و بێ حوکومدان بۆ یەکدی و سازاندنی کلتوری پرسیار کردن لەبری وادانان.
- پێزانین بۆ ئەزموون لەبری بڕوانامەی پیشەیی یان پێگەی دامەزراوەیی.
- قسەکردن و ئاماژەپێکردن وەکوو کەسێک نەک وەکوو نوێنەری زانکۆ و ڕێخراوێکی ناحوکومی یان دامەزراوەیەک.
- ڕێکخستنەوە و گونجاندنی بەردەوامی پلان و خشتەی کاتی گفتوگۆکان و لەبەرچاوگرتنی فشاری کار و بەرپرسیارییەتی کەسی و خێزانی بەشداربووان.
- نەرمی نواندن لە چاوەڕوانییەکان و ئەو بابەتانەی پێشکەش دەکرێن

### ڕێبازی فرەدیدگا (Multi-perspective approach)

پەرەپێدانی تیۆری و پراکتیزی بەنێوکۆکراوی دەروونی-کۆمەڵایەتی پێویستی هەم بە بەشداربوونی ئەکادیمیستەکان هەیە لە بوارە جیاوازەکانی وەک (دەروونزانی، کاری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستە سیاسییەکان، یاسا، مافی مرۆڤ، ناکۆکی و خوێندنی ڕەگەزی) و هەم جێبەجێکاران لە پیشە جۆراوجۆرەکانەوە (دەروونزانان، کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان و پارێزەران). هەروەها، دەبێ ئەو کارمەندە کۆمەڵایەتییانەش بگرێتەوە کە بێ خوێندنی پیشەیی لە بوارەکەدا کاردەکەن و ئیدی یان لەڕێی ڕێکخراوە حوکومییەکان یان وەک چالاکوان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنان و گەنج و منداڵان هاتوونەتە نێو بوارەکەوە.

دەرکەوت بەشداریکردنی هاوکاران لە بەشەکانی وەک ئەدەب و هونەرەوە سوودی فرەی هەیە لە دەوڵەمەندکردن و دۆزینەوەی ڕەگ و سەرچاوەی ڕێبازە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان و پەرەدان بە زاراوەگەلێک بە زمانی ناوخۆ بۆیان، وەکچۆن بەکەڵکە لە پەرەدان بە ئامرازی داهێنەرانە بۆ هۆشیارکردنەوەی دەروونی.

ئاڵوگۆڕی فرەبواری و فرەدیدگایی تەنیا گەڕان بۆ چەمکە بەنێوکۆکراوە ناوخۆییەکان لە بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند ناکات، بەڵکوو بینراوە کە سوودی هەیە لە یارمەتیدانی توێژەر و جێبەجێکارەکان بۆ لەخۆڕامان و خۆخستنەوە نێوکۆوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی پلەبەندی لەنێوان بوار و پیشەکان و ئەکادیمست و جیبەجێکاراندا، هەموو ئەمانەش پێکڕا یارمەتیدەرن لە کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان تیۆری و پراکتیزی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.

### توانا و لێهاتووییە سەرەکییەکان بۆ گەشەپێدان لە پرۆسەی بەنێوکۆییکردندا

بەنێوکۆکردنی مەعریفەی دەروونی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە پەرەدان بە هاوکێشە و نامیلکەیەکی دیاریکراو بە بەستێنێکەوە نییە، بەڵکوو بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو پراکتیزە ناوخۆییانەی بوونیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەهامەتی، ئیدی چ لەناو چوارچێوەیەکی پیشەییدا بێت و چ لەناو خودی کۆمەڵگەکەوە بێت.

لێهاتوویە بنچینەییەکان بۆ ئەم دۆزینەوەیە بریتین لە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و خۆخستنەوە نێوکۆ و لەخۆڕامان، هاوڕێ لەگەڵ پاشەکشەکردن لە چوارچێوە پیشەیی و زانستییەکانی خود و کراوەبوونێکی تەواو بەرانبەر جیهانبینی و سیستمی باوەڕ و تێگەیشتنە پەیوەندیدار و ستراتیجییەکانی خۆگونجاندنی تاک و کۆمەڵگەی ناوخۆ لەگەڵ سەختیدا.

هەروەک پێویستی بە خاکەڕایی مەعریفی و درککردنە بەوەی هەموو تیۆری و مۆدێلەکان مێتافۆری گرنگن، نەک ڕاستی ڕەها بن؛ دەکرێت بایەخیان بەپێی جێگە جیاوازەکان بگۆڕێت و بە تێپەڕبوونی کات ئاڵەنگارییان بکرێت و بگۆڕدرێن.

نیازی بە ویستی فێربوونی بەکۆمەڵە تا دەفری تیۆری و پراکتیز و میتافۆری کەسەکان فراوان بێت، لەجێی لکان بە بیرۆکەیەکەوە و نیشاندانی وەک ڕێبازێکی گەردوونی.

لەوەش زیاتر، پراکتیزی دەروونی-کۆمەڵایەتی زۆر پەیوەندی بە 'زانینەوە' نییە، بەڵکوو پێویستی بە خەسڵەتی وەک خاکەڕایی و هاوسۆزی و بەرزڕاگرتنی پەیوەندییەکانە لەڕێی ڕێزگرتنەوە.

### زمان

باڵادەستی زمانی ئینگلیزی لە توێژینەوەی دەروونی-کۆمەڵایەتی و چوارچێوە جیهانییەکانی دەروونناسی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی و، ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆ کاری دەروونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕاهێنانە ناوخۆییەکان لەو بوارەدا، هەموو پێکەوە بەردەوامی بە هەژموونی مەعریفەی ڕۆژئاوایی دەدەن و بە قووڵی شێوە دەدەن بە هزر و هەڵسوکەوت و پراکتیزی جێبەجێکار و ئەکادیمیستەکان.

ئەمە ڕەنگە بەشداربووان و بەشدارییە بەنرخەکانیان پەراوێز بخات و پشتگیری لە گرووپێکی زاڵی پیشەگەرانی ئینگلیزی-زمان بکات، لەجێی ئەوەی هەمەگیر بێت و دژایەتی ئەو پلەبەندییانە بکات کە بوونیان هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا.

### ئەم جۆرە کارکردنە پێویستی بە:

- شیکردنەوەیەکی وردی زاراوە ئینگلیزییەکانە کە لە سەرووی وەرگێڕانی تەکنیکییەوە بێت بۆیان: ڕەگ و جێگیربوونی مێژوویان، گریمانە بنچینەیی، قوتابخانە چەمکی و سیستەمەکانی باوەڕیان.
- گەڕانێکی ورد و وریایانە بۆ زاراوەکان لە زمانە ناوخۆییەکاندا، کە مانا قووڵترەکانی هەر زاراوەیەک لەخۆبگرێت.
- هاندانی شارەزایەنی نێوخۆیی بۆ بەکارهێنانی زاراوە خۆماڵییەکان لەکاتی گفتوگۆ و بەرکەوتن بە هاوپیشەکانیان و چارەسەرخوازان.

- گەشەکردنی بەردەوامی زاراوە دەروونی-کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان، کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی خەڵکی ناوخۆ بێت بۆ ئازار و ئاریشە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان و چاکبوونەوە. هەروەها، گەڕانەوە بۆ شیعر و ئەدەب و پەندە خۆماڵییەکان و ئاماژەدان بە جێگیربوونی مێژوویی و گریمانە و سیستەمەکانی باوەڕ.
- بەهێزکردن و پشتگیریکردنی توێژینەوەی ناوخۆ بە زمانی خۆماڵی
- پەرەپێدانی فەرهەنگی بەنێوکۆکراو بۆ زمانی ئینگلیزی-خۆماڵی کە تێبینی و پەراوێزیشی لەگەڵ بێت بە هەوڵی هاوبەشی نێوان وەرگێڕ و پیشەگەرە ناوخۆ و نێودەوڵەتییەکان.
- وەرگێڕانی بڵاوکراوە و توێژینەوە کوردییەکان بۆ زمانی ئینگلیزی و برەودان بە بەشدارییپێکردنیان لە گفتوگۆ و ڕێکار و ستاندارده نێودەوڵەتییەکاندا.
- برەودان بە وەرگێڕانی بەنێوکۆکراو بۆ ئەو توێژینەوانەی لە بواری دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدراون، بەتایبەت لە نێوکۆ نارۆژئاواییەکانەوە، بۆ زمانی خۆماڵی.

### لە بەنێوکۆییکردنی مەعریفەوە بۆ ڕێچکەی سەربەخۆ لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا

خودی پرۆسەی بەنێوکۆییکردنی مەعریفە ڕێک سەربەخۆکردنی مەعریفەشە. ئەم پرۆسەیە نیازی بە دەستخستنە سەر جێگیربوونە مێژووییەکانی سیستەمە مەعریفییەکان و باڵادەستی مەعریفەی ئەورووپا سەنتەر و باکوری جیهانە، لەگەڵ پەیوەندی تێکئاڵاوی نێوان دەسەڵات و مەعریفە؛ لەنێویاندا ئەو پێکهاتە کۆلۆنیالانەی شێوەیان بە بەرهەمهێنانی مەعریفە و گواستنەوەی داوە.

پێویستی بە کارکردنێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ پەیوەندییە هێزییەکاندا (Power relation) وەک ئەوەی لەلایەن بەخشەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت بەوەی پشتگیری مۆدێلێکی زاڵی بواری دەروونی-کۆمەڵایەتی یان دەستێوەردانەکانی دی دەکەن، تا برەو بە جۆرایەتییەکی فراوانتر، هەماهەنگی دوولایەنە و لەخۆڕامان بدات.

داوای شیتەڵکردنەوەی مێژووە کۆمەڵایەتی-سیاسییە ئاڵۆزەکان دەکات کە لە پشت دروستبوونی مەعریفە و چەمکەکانەوەن، لەوانەش ناسینی شەپۆلەکانی بەرەنگاری دژی چوارچێوە باڵادەستەکان لە هەر زەمینەیەکدا. لە جیاتی ڕەتکردنەوەی هەموو ڕێبازەکانی پێشوو، هەوڵ دەدات بۆشاییەک دروست بکات بۆ سەرهەڵدانی مەعریفەی نوێ و پەیوەست بە نیوکۆ.

# سەرچاوەکان

Adams, G., Dobles, I., Gómecz, L.H., Kurtiş, T., Molina, L.E. (2015). Decolonizing psychlogical science: Introduction
to the special thematic section. Journal of Social and Political Psychology 2015, Vol. 3(1), pp. 213–238.
Aliyu. A.A., Bello, M.U., Kasim, R., Martin, D. (2014). Positivist and non-positivist paradigms in social science
research: Conflicting paradigms or perfect partners? Journal of Management and Sustainability, Vol. 4 (3).
Antonovsky, A. (1979). Health, stress and coping. San Francisco: Jossey_Bass Publishers.
AutorInnenkollektiv (2010). Wissen und soziale Ordnung. Eine Kritik der Wissensgesellschaft. Mit einem
Kommentar von Stefan Beck. Working Papers des Sonderforschungsbereiches 640 12010/, https://edoc.
hu-berlin.de/bitstream/handle/184521/3891/.pdf?sequence=1&isAllowed=y. Retrieved July 14, 2024.
Barth, F. (1953). Principles of social organisation in southern Kurdistan. Oslo: Brødrene Jørgensen boktr.

Barth, F. (2002). An anthropology of knowledge. In: Current Anthropology, 43 (1), pp. 1- 11.

Bhabha, H. K. (1994). The location of culture. London/New York: Routledge.
Becker, D. (1991). Extremtraumatisierung und Gesellschaft. Die Folgen des Terrors in Chile. In: Stoffels, H. (Hg.),
Schicksale der Verfolgten. Berlin – Heidelberg – New York: Springer, pp. 325 – 335.
Becker, D. (1992). Ohne Haß keine Versöhnung. Das Trauma der Verfolgten. Freiburg: Kore Verlag.

Bettelheim, B. (1943). Individual and mass behavior in extreme situations. Journal of Abnormal and Social
Psychology, 38, pp. 417- 452.

Biko, S. (1971). I write what I like. Selected writings. Chicago: University of Chicago Press.

Bronfenbrenner, U. (1979). The ecology of human development. Cambridge, Mass.: Harvard University Press.

Chikane, F. (1986). Children in turmoil: The effects of unrest on township children. In: Burman, S., & Reynolds, P.
(Eds.). Growing up in a divided society. Johannesburg: Raven Press, pp. 333 –345.

Eissler, K. (1958). Die Ermordung wie viel seiner Kinder muß ein Mensch ertragen können, um eine normale
psychische Konstitution zu haben. Psyche, 5, 63, 241 –291.
\
Fanon, F. (1952). Black skin, white masks. New York: Grove Press.

Fleming J., Ledogar, R.L. (2008). Resilience, an evolving concept: A review of literature relevant to aboriginal
reserach. In: Pimatisiwin, 6(2), pp. 7 –23.
Foucault, M. (1980). Power/knowledege: Selected interviews and other writings, 1972–1977. New York: Pantheon
Books.

Freire, P. (1970). Pedagogy of the oppressed. New York: Seabury Press.

Ghaderi, C., Saleh Karim, L., Namiq Sabir, N., Abbas Qader, Z., Sonnenberg, K. (Eds.) (2021): Introduction to social
work (in Sorani–Kurdish). Slemani: Karo.

Giddens, A. (1984). The constitution of society. Outline of the theory of structuration. Cambridge: Polity.

Gray, M., Coates, J., Yellow Bird, M. & Hetherington, T. (2013). Decolonizing social work. Franham: Ashgate.

Hall, S. (1994). Rassismus und kulturelle Identität. Ausgewählte Schriften 2. Hamburg: Argument.

Hamasaiid, A.T. (2024). The relationship between theory and practice in sociological research. Unpublished
dissertation submitted to the council of college of Humanities Science at the university of Sulaimani in partial
fulfillment of the requirements for the Degree of Doctor of Philosophy in Sociology.
Herman, J. (1992 /2015). Trauma and recovery. The aftermath of violence - from domestic abuse to political terror.
New York: Basic Books.

Hiddleston, J. (2009). In: Understanding Postcolonialism. London: Routledge.

Hillel, R. S. (2023). Decolonising mental health and psychosocial support (MHPSS) interventions in the
humanitarian system. In: Intervention, 21(1), pp. 20 -29.

Hiltermann, J. (2014). A poisonous affair: America, Iraq, and the gassing of Halabja. Cambridge: University Press.

Hook, D. (2005). A critical psychology of the postcolonial. London: LSE Research Online. Available at:
http://eprints.lse.ac.uk/archive/00000950. Retrieved July 31, 2024.

Human Rights Watch (1993). Genocide in Iraq. The Anfal Campaign against the Kurds. New York: Human Rights Watch.

Human Rights Watch (1994). Bureaucracy of repression. The Iraqi Government in its own words. New York: Human Rights Watch.

Human Rights Watch (2024). Iraq. Parliament poised to legalize child marriage. August, 16 2024.
https://www.hrw.org/news/202416/08//iraq-parliament-poised-legalize-child-marriage. Retrieved August 20,
2024.

Inter-Agency Standing Committee (IASC) (2007). IASC guidelines on mental health and psychosocial support in

emergency settings. Geneva: IASC. https://interagencystandingcommittee.org/iasc-task-force-mental-healthand-
psychosocial-support-emergency-settings/iasc-guidelines-mental-health-and-psychosocial-support-em
ergency-settings-2007. Retrieved July 20, 2024.
International Federation of Social Work (2014). Global definition of social work. Available at: https://www.ifsw.org/what-is-social-work/global-definition-of-social-work/. Retrieved August 19, 2024.

Jacobi,J., Becker, D., Langer, P.C., Maier, L., Sheese, K., Ahmad, A-N., Schmann, F. (2019) . Resonding to staff care
needs in fragile contexts (REST): An introductory guide. Bonn/Eschborn: Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ).

Kaminer, D., Eagle, G., Crawford-Browne, S. (2016). Continuous traumatic stress as a mental and physical health
challenge: Case studies from South Africa. In: Journal of Health Psychology. 23. 10.1177135910531664283 1/.
Keilson, H. (1979). Sequentielle Traumatisierung bei Kindern: Untersuchung zum Schicksal jüdischer Kriegswaisen.

Stuttgart: Ferdinand Enke.

Khuzwayo, J., Meintjes, B., Merk, U. (2011). Integrating African meaning systems and systemic thinking. In:
Körppen, D., Ropers, N., Giessmann, H.J. (Eds.). The non linearity of peace processes. Theory and practice of
systemic conflict transformation. Leverkusen: Velrag Barabra Budrich.

Makiya, K. (1998). The republic of fear. The politics of modern Iraq. California University Press.

Marshall, C. (2022). The inter-agency standing committee (IASC) guidelines on mental health and psychosocial
support (MHPSS) in emergency settings: a critique. International Review of Psychiatry, 34(6), 604–612.

Martín-Barò, I. (1990) Psicología social de la guerra: trauma y terapia. San Salvador: UCA editors.

Meintjes, B. Grussendorf, S. Karem Saleh, L. (2019): Evaluation report. Cooperation project HAUKARI e.V./medica
mondiale. Strengthening local protection and counselling for women and girls affected by gender-based
violence in IDP shelters and host communities in Kurdistan-Iraq. https://www.haukari.de/files/
pdf/KRI_Evaluation_Report_short.pdf. Retrieved July 14, 2020.

Midgley, J. (1981). Professional imperialism. Social Work in the Third World. London: Heinemann.

Mkhize, N. (2008). Evaluation report. Peace building programe of Sinani - KwaZulu-Natal programme for
survivors of violence, South Africa. In cooperation with Weltfriedensdienst (WFD). Supported by the German
Federal Ministry for Economic Cooperation and Development (BMZ) through the German Civil Peace Service
(CPS).

Mlodoch, K. (2021). Systematising Local Knowledge: Hierarchies, Power Relations and Decontextualisation in
West-East Knowledge Transfer. In: Sonnenberg, K. and Ghaderi, c. (Eds): Social work in post-war and political
conflict areas. Examples from Iraqi-Kurdistan and beyond. Wiesbaden: Springer VS.

Mlodoch, K. (2014). The limits of trauma discourse. Women Anfal survivors in Kurdistan-Iraq. Berlin: Karl Schwarz Verlag.

Mundt, A., Wünsche, P., Heinz, A., Pross, C. (2011). Trauma therapy in crisis and disaster areas – a critical review of
standardized interventions such as Narrative Exposure Therapy. In: Psychiatrische Praxis 38 (), pp. 300305-.

Nwoye, A. (2017). An Africentric theory of human personhood. In: PINS, 2017, 54, pp. 42 – 66, http://dx.doi.org /10.171597 201/8708-2309//n54a4.
Nwoye, A. (2015). African psychology and the Africentric paradigm to clinical diagnosis and treatment. In: South African Journal of Psychology, 45(3), pp. 305 -317.
Ottomeyer, K. (2011a). Die Behandlung der Opfer. Über unseren Umgang mit dem Trauma der Flüchtlinge und Verfolgten. Stuttgart: Klett-Cotta.
Ottomeyer, K. (2011b). Traumatherapie zwischen Widerstand und Anpassung. In: Journal für Psychologie, psychologische und therapeutische Arbeit mit Menschen zwischen Krise und Trauma, 19(3).
Pupavac, V. (2001). Therapeutic Governance. Psycho-social Intervention and trauma risk management. Disasters, 25(4), pp. 358 -372.
Said, E.W. (1978). Orientalism. London: Routledge & Kegan Paul.
Salih, Y. H. (2024). Interview with Professor Salih: Founder of the Department of Psychology, Salahaddin University, College of Arts 18.3.2024.
Sonnenberg, K., Ghaderi, C. (Eds.) (2021). Social work in post-war and political conflict areas. Examples from Iraqi-Kurdistan and beyond. Wiesbaden: Springer.
Spivak, G. C. (1988). Can the subaltern speak? In C. Nelson & L. Grossberg (Eds.), Marxism and the Interpretation of Culture (pp. 66–11). Urbana: University of Illinois Press.
Spivak, G.C. (1993). The politics of translation. In: Spivak, G.C. (Ed.): Outside in the teaching machine. New York: Routledge, pp. 179 -200.
Stengel, R., & Mandela, N. (2009). Mandela›s way: fifteen lessons on life, love, and courage. New York, Crown Publishers.
Teo T. (2019). Academic subjectivity, idols, and the vicissitudes of virtues in science: Epistemic modesty versus epistemic grandiosity. In O'Doherty K., Osbeck L., Schraube E., Yen J. (Eds.) Psychological studies of science and technology, (pp. 31–48). Palgrave Macmillan.
The Government of the Netherlands (2019). International Conference on Mental Health and Psychosocial Support in Crisis Situation. 7./8. October 2019. Amsterdam. Conference Paper available at https://www.government.nl/documents/publications/201918/10//mind-the-mind-now-conference-special. Retrieved July 20, 2024.
United Nations Security Council (2024). Press release 9641st Meeting (PM) SC/15713. 30 May 2024. https://press.un.org/en/2024/sc15713.doc.htm. Retrieved July 31, 2024
UNICEF (2022). Mental health and psychosocial support in children associated with armed forces and armed grups.
Contextualization guide. Available at https://alliancecpha.org/sites/default/files/technical/attachments/
Contextualization- Guidance-MHPSS-in-CAAFAG-programs.pdf. Retrieved July 20, 2024.

UNICEF and BMZ (2018). Rebuilding lives. Addressing needs, scaling up and increasing long-term structural MHPSS interventions in protracted and post-conflict settings. Report Expert Meeting Berlin 4 – 5 July 2018. Available at: bmz-unicef-2019-report-rebuilding-lives-expert-meeting-berlin-2018.pdf. Retrieved July 20, 2024.
USAID (2023). Contextualization of mental health interventions in global mental health. Available at https:// mhpssknowledgehub.sph.cuny.edu/resourcehub/contextualization-of-mental-health-interventions-in-globalmental-health/. Retrieved July 31, 2024.
Wessels, M., Sule, R. (2022). Integrating MHPSS & peacebuilding: A mapping and preliminary recommendations for practitioners. Draft paper in circulation by the IASC.
Winter, B. (2002). Kurdistan-Irak. Untergehen im Sicheren Hafen. Studie über die Folgen einer humanitären Intervention. Frankfurt am Main: VAS.
World Health Organization. (1992). International statistical classification of diseases and related health problems. https://icd.who.int/.
Younis, M. H., Lafta, R.K. & Dhiaa, S. (2019). Faith healers are taking over the role of psychiatrists in Iraq. Qatar Medical Journal, 13(3). https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC6883745/. Retrieved July 20, 2024.

# ناونیشانی وێنە و مافی بڵاوکردنەوە

**وێنەی ناونیشان**

وردەکاری لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ”کاری کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی ناکۆکی و جەنگ“ لە زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێکخرابوو بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی پرۆتستانتی ڕینێلاند ویستفالیا لیپێ لە بۆخوم، ئەڵمانیا، یەکیەتی هاوکاری بۆ هەماهەنگی نێودەوڵەتی، ئەڵمانیا، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩.

SMIDAK Filmproduktion, Berlin, Germany ©

**وێنەی بەشی یەک – ناساندن**

ناساندن بۆ وۆرکشۆپەکانی بەنێوکۆییکردن لە ئینستیتیوتی مەستوورە، ئایاری ٢٠٢٣

ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کرداریيە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

**وێنەی بەشی دوو – هەرێمی کوردستان لە عێراق**

ڕزگاربووانی ئەنفال لە ڕزگاری، هەرێمی کوردستانی عێراق، لە پێشانگایەک بۆ وێنە پۆرترەیتەکانی ڕزگاربووانی ئەنفال لەگەڵ بیرەوەری قوربانییانی ئەنفالدا

© HAUKARI e.V. ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی

**وێنەی بەشی سێ – ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستی کرداری لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، سلێمانی**

کردنەوەی ئینستیتیوتی مەستوورە لە سلێمانی

ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کرداریيە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

**وێنەی بەشی چوار – چ مەعریفەیەک؟**

ناوەوەی ئینستیتیوتی مەستوورە

ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کرداریيە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

**وێنەی بەشی پێنج – پیکهاتەکان بۆ بەشداربوون لە ئاڵوگۆڕی نێوان کۆنتێکستە جیاوازەکان**

وۆرکشۆپەکانی بەنێوکۆکردن، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کرداریيە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

**وێنەی بەشی شەش – هەنگاوەکانی دواتر**

چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە فەرمانگە حوکومییەکان و زانکۆکان لە ئینستیتیوتی مەستوورە، ٢٠٢٤ .١٥.٧

ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

**وێنەی بەشی حەوت – پوختە و پێشنیازەکان**

گفتوگۆ لەسەر ئەم پەیپەرە لە ئینستیتیوتی مەستوورە، تەمموزی ٢٠٢٤

ئینستتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

# بەشداربووان

**لوقمان ساڵح کەریم**

دانیشتووی سلێمانییە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە کاری کۆمەڵایەتی. پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. توێژەر و هەڵسەنگێنەر و سەرپەرشتیار و ڕاهێنەر و هەروەها ڕێنماییکارە لە پراکتیز و تیۆریی دەروونی-کۆمەڵایەتی. ئەندامی دامەزرێنەر و بەڕێوبەرە لە ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستی کرداری لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.

**مام پۆڵا (جەمال ئیبراهیم)**

دانیشتووی سلێمانییە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکاندا لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. ئەندامی دامەزرێنەر و ڕێکخەرە لە ڕێکخراوی ناحوکومی ئەڵمانیی هاوکاری – کۆمەڵەی هەماهەنگی نێودەوڵەتی. زیاتر لە سی ساڵ ئەزموونی هەیە لە کاری مرۆیی و گەشەپێدان لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پرۆژەکانی بەهێزکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژی و گەنجان و یەکخستنی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی و هونەرەکان. ئەندامی دامەزرێنەر لە ئینستیتیوتی مەستورە بۆ زانستی پراکتیکی لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.

**نیاز ساڵح فەتاح**

نیشتەجێی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە لە دەروونزانی. دبلۆمی باڵا لە ئاشتەوایی خێزانی. کاری کردووە لە ڕێکخراوەکان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان (DCVAW) لە سلێمانی. ئەندامی لیژنەی ئاشتەوایی خێزانی لە دادگای سلێمانی. پسپۆڕ لە دادگای سلێمانی. ڕاهێنەری گرووپی کاری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز لە ئاستی پارێزگای سلێمانی. بەڕێوەبەری کەیس، دەروونزان، و سەرۆکی پەیوەندییەکان لە ڕێکخراوی خانزاد. سەرۆکی بەشی کارگێڕی لە ئینستیتیوتی مەستورە.

**سورێن ئەبوبەکر عەبدوڵڵا**

نیشتەجێی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی. بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی هاوچەرخ لە زانکۆی لیستەر، بەریتانیا. دکتۆرا لە کۆمەڵناسیی مەعریفە (مەعریفەی ڕەگەزی) لە زانکۆی سلێمانی. پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی. توێژەر لە تیۆری هاوچەرخ، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کۆچکردن، گەرمبوونی جیهانی، کۆمەڵناسیی ڕەگەز، ڕەفتارە بەکۆمەڵەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. کار دەکات لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک هەماهەنگکار، یاریدەدەری پرۆژە، بەڕێوەبەری پرۆژە، سەرپەرشتیار، ڕاهێنەر و توێژەر.

**ساوێن هاوڕێ یاسین**

نیشتەجێی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ماستەر لە دەروونزانی کلینیکی لە زانکۆی ساوس وێڵز، بەریتانیا. کاری کردووە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGOs) و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (INGOs)، و کلینیکە دەروونییەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەروونساغی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی (MHPSS). کار دەکات لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی بەگشتی و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، هەروەها، لە پرۆژەکانی بەهێزکردنی ژنان و گەنجان. بەشدارە لە

پرۆژەکانی توێژینەوە لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ڕێگە چارەسەرییە دیاریکراوەکان و کاریگەرییەکانی جەنگ و جینۆساید و دەستدرێژی سێکسی.

**جیهاد عومەر فەتاح**

نیشتەجێی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی نیوکاسڵ لە شانشینی یەکگرتوو، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی. کارمەندی کۆمەڵایەتی لە دادگای سلێمانی. مامۆستای یاریدەدەری پارت-تایم لە زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان.

**ئارام تۆفیق حەمەسەعید**

نیشتەجێی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دکتۆرا لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی، بە پسپۆڕی لە میتۆدۆلۆژیا. وانەبێژی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی. بەڕێوەبەری پرۆگرام بۆ ڕێکخراوە ناحوکومییە خۆجێییەکان و ڕاهێنەر لە ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی. توێژەر لە بواری توێژینەوە کەلتووری و توێژینەوەکانی ڕەگەز و توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان، لەگەڵ میتۆدەکانی توێژینەوە و کۆمەڵناسیی تەکنەلۆژیا. سەرۆکایەتی سەنتەرێکی ئەکادیمی دەکات بۆ ڕێکخراوی گەشەپێدانی خەڵک (PDO) لە سلێمانی کە تایبەتە بە بەهێزکردنی ئافرەتان لە بوارەکانی سەرکردایەتی و سیاسی.

**ڕاوێژ نەسرەددین باقر**

نیشتەجێی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. ماستەر لە دەروونزانی کلینیکی، زانکۆی تەبرێز، ئێران. ئەزموونی پیشەیی لە میدیای خۆجێیی. ئەزموون لە کارکردن لەگەڵ تیم و گرووپە خۆجێییەکان لەسەر گەشەپێدانی ژینگەیی و پەروەردەیی. ئەزموون وەک چارەسەرکار و ڕاوێژکاری دەروونی.

**پێشین عەبدولستار ساڵح**

نیشتەجێی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. پسپۆڕ لە دەروونزانیی کلینیکی لەگەڵ ئەزموونی چارەسەرکاری و ڕاوێژکاری، و پشتگیری دەروونساغی. لە ئێستادا ماستەر لە پەیمانگای دەوحە بۆ خوێندنی باڵا دەخوێنێت لە قەتەر. ڕاهێنەر و ڕاوێژکار و وانەبێژە.

**نەبەز ئەزوەر ئەحمەد**

نیشتەجێی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دکتۆرا لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی. ئەندامی دامەزرێنەری سەنتەری زانکۆ و پەیمانگاکانی ڕێکخراوی هامون، ئەندام و دامەزرێنەری سەنتەری ڕاپرسی خاک، ئەندامی دامەزرێنەر و سکرتێری ڕێکخراوی (TAKO) بۆ کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. هەڵگری بڕوانامە لە سایکۆتراوماتۆلۆژی لە زانکۆی هامبۆرگ و باڵەکانی هیوا. کارمەندی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و بەڕێوەبەری کلینیکی لە دامەزراوەی ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ.

**نێچیرڤان ئەنوەر عەبدوڵڵا**

نیشتەجێی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە دەروونزانی گشتی لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر. بڕوانامەی ماستەر لە دەروونزانی کلینیکی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی، لقی زانست و توێژینەوە، تاران، ئێران. وانەبێژی یاریدەدەر لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی و بەشی فەلسەفە و خوێندنی

کەلتووری لە زانکۆی سلێمانی. ئەندامی کۆمەڵەی دەروونزانانی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٢٥ـەوە. بوارەکانی توێژینەوە: نەخۆشیزانیی دەروونی و کاربرد/جێبەجێکردنە تیۆری و پراکتیکییەکانی چارەسەریی دەروونی ئەرێنی.

**دیاری سابیر حەمەئەمین**

نیشتەجێی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. بەکالۆریۆس لە دەروونزانی کلینیکی. ئەزموونی پراکتیکی لە بوارەکە، ئەزموونی کاری کلینیکی وەکوو دەروونزان. نووسەر و هاوبەشی نووسینی چەندین توێژینەوەی زانستی. دامەزرێنەری گرووپی سایکۆلۆجیا، بە ئامانجی پەرەپێدانی پیشەیی و هەماهەنگی لە دەروونزانیدا.

**مورشید ئەحمەد مستەفا**

نیشتەجێی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. بڕوانامەی ماستەر لە دەروونزانی کلینیکی و خوێندکاری ماستەر لە کۆمەڵناسی. چارەسەرکاری دەروونیی کلینیکی. دامەزرێنەری پەیمانگەی کۆڵەنگ بۆ خوێندنی پەروەردەیی.

**لالاس عومەر محەمەدئەمین**

نیشتەجێی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق. بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی و خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی سلێمانی، بەشی کۆمەڵناسی. دبلۆمی ئەکادیمی لە نێوەندگیری خێزانی. ڕاهێنەر و ڕاهێنەری ژیان لە پەیمانگای بوار بۆ پەروەردەی خێزانی.

**بێرێنیس مێینتیس**

نیشتەجێی کوازولو-ناتاڵ، باشووری ئەفریقا. ماستەر لە دەروونزانیی کلینیکی. بەڕێوەبەری پێشووی سینانی - بەرنامەی کوازولو ناتاڵ بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی، باشووری ئەفریقا. توێژەر و ڕاهێنەر و ڕاوێژکار و هەڵسەنگێنەر لە پرۆژە دەروونی-کۆمەڵایەتییە کۆمەڵگە-سەنتەرەکان لە چەندین وڵاتی ئەفریقی و بەڵکان و پاکستان و هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەندامی دامەزرێنەری ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستی پراکتیکی لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.

**کارین ملۆدۆخ**

نیشتەجێی بەرلین، ئەڵمانیا. دکتۆرا لە دەروونزانی. پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و پراکتیکی نێوان-کولتووری لە زانکۆی سیگمۆند فرۆید لە بەرلین. ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی هاوکاری - کۆمەڵەی هاوکاری نێودەوڵەتی. خاوەنی توێژینەوە و پراکتیک لە پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی و پرۆژەکانی بەهێزکردن بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێزانی لە کوردستان-عێراق. ئەندامی دامەزرێنەری ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستی کرداری لە کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی.

**کیرا گاولیستا**

نیشتەجێی بەرلین، ئەڵمانیا. بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پەیوەندی و وەرگێڕان لە زانکۆی هیلدسهایم/ئەڵمانیا و بڕوانامەی ماستەر لە پەیوەندییە کولتوورییەکان و کۆچکردن لە زانکۆی سیگمۆند فرۆید لە بەرلین. ئەزموونی کارکردن لەگەڵ پەنابەران لە ئەڵمانیا. ڕاوێژکاری توێژینەوە بۆ ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستی کرداری لە کاری دەروونی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری پرۆژە لە هاوکاری - کۆمەڵەی هاوکاری نێودەوڵەتی.

# تێبینی یاسایی

**بڵاوکراوەتەوە لەلایەن:**
ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی کۆمەڵەی هەماهەنگی نێودەوڵەتی
فالکستر. ٣٤
دی - ٦٠٤٨٧ فرانکفۆرت/ماین
تەلەفۆن: +٤٩ ٦٩ ٧٠
ئیمەیل: info@haukari.de
ماڵپەڕ: www.haukari.de

هەروەها
ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستەکردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق
ئیمەیل: mastura.institute22@gmailcom

بە پاڵپشتی دارایی کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی GmbH (GIZ)
لەسەر داوای وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هاوکاری ئابووری و گەشەپێدان (BMZ)

**ئامادەکردن و پێداچوونەوە:**
کاث ماگرۆبی، +Quote This Woman، باشووری ئەفریقا

**دیزاین و ڕووپەڕبەندی:**
یۆهانەس مولوگێتا و سێباستیان مێکاس، Vanced Media، بەرلین/ئەڵمانیا

**مافی وێنەکان:**
ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق
مافی چاپ: هاوکاری و پەیمانگای مەستوورە
بڵاوکراوەتەوە بەشێوەی ئۆنلاین، تشرینی دووەمی ٢٠٢٤، وەشانی پێداچوونەوەکراو، کانوونی دووەمی ٢٠٢٥